هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 76

سالّی/ 2012 – بەرگی حەفتا و شەش

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2012

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/2/15 ل

5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/2/16 ل

23

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/3/6 ل 29

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/3/13 ل 35

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/3/19 ل 147

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/3/27 ل 187

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/3/28 ل 191

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/3/29 ل 195

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/4/5 ل 201

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/4/10 ل 231

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/4/16 ل 235

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/4/17 ل 277

سەبارەت بە ئیستیقالە کردنەکە، تەمەنی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە رووی یاساییەوە گەیشتۆتە ئەو تەمەنەی کە داوای ئیستیقالە بکات، هەروەها ئەوەی کە لە قانونەکەدا هاتووە، عەزل کردنی، واتا بەر کەنار خستن و عەزل کردن و دوورخستنەوە، لەگەڵ ئیستیقالە کردن حاڵەتەکان لە یەك جیاوازن، بۆ عەزل کردنی، بۆ بەر کەنار خستنی فیعلەن پێویستی بە موافەقەتی پەرلەمان هەیە، بۆیە ئیجرائاتەکە لە رووی قانونیەوە ئیشکالاتی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت میکانیزمی تری بۆ دیاری بکەین، کە مونافەسەی تێدا بێت، فیعلەن منیش لەگەڵ ئەوەم، بەڵام ئەوە پێویستی بەوە هەیە یاساکەی بۆ تەعدیل بکەینەوە لە ئایندەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە هاوکارانم دەکەم، کە باسیان لە چۆنیەتی ئالیەتی خانەنشین کردنی ئەو بەڕێزە کرد، چونکە بەڕاستی ئێمە ماوەیەك پێش ئێستا لە پەرلەمان دەنگمان پێدا کە ببێت بە سەرۆکی چاودێری دارایی، بەڵام ئێستا ئالیەتی خانەنشین کردنەکەی لەلای ئێمە روون نییە، هۆکارەکانی دیار نییە، ئێستا لەلایەك ئەگەر ئەو بەڕێزە خانەنشین بکرێت، بۆچی خانەنشین بکرێت، لەسەر چ ئەساسێك؟ ئەگەر خۆی داوای ئیستیقالەی کردووە، ئەوە نابێت خانەنشین بکرێت، ئەگەر هاتو عەزل کرا بێت، یاخود هەندێك شتی لەسەر هەبێت، بەڕاستی ئەوەش نابێت خانەنشین بکرێت، چونکە بەپێی یاساکە دەبێت بەپێی ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان کارپێکراون کار لەگەڵ ئەو جۆرە بابەتانە بکرێت، بۆیە بەڕاستی هۆکارەکەی روون نییە، ئێمە دەمانەوێت ئاگادار بین لە هۆکاری خانەنشین کردنی، ئایا خۆی لادراوە، یان خۆی داوای کردووە؟ لە هەردوو حاڵەتدا ناکرێت خانەنشین بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خۆی داوای خانەنشینی کردووە، نە عەزل کراوە، نە موحاسەبە کراوە، خۆی داوا دەکات و دەڵێت خانەنشینم بکەن، ئینجا بەنیسبەتی پاڵێوراو بۆ مافی مرۆڤ، قانون بەسەراحەت دەڵێ لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتە، هیچ قابیلی ئەملاو ئەولای نییە، لەنێوان هەردوولا راوێژ دەکرێت، ئەوان مورەشەحەکەی خۆیان دادەنێن، بەڕێز کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خانەنشین کردنی سەرۆکی دەزگای چاودێری دارایی، ئەوە قسەیان زۆر کرد، من نایکەمەوە، ئەم دەزگای چاودێرییە کە بودجەی ساڵانەی ساڵی 2011 دە ملیارو پێنج سەد ملیۆن دینار بووە، هیچی دیار نەبووە، ئەوە زۆر تەفاسیلی لەسەر ناڕۆم، بەڵام پرسیارێك، بەپێی ئەو یاسایەی کە بە بەڕێزتان دراوە

لەسەر پاڵاوتنی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بپاڵێوێت، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان تەمسیلی هەموومان دەکات، تەمسیلی یەك لیستی جیاواز ناکات، ئەگەر تەمسیلی هەموومان دەکات لەسەر ئەو پاڵاوتنە دەبێت پرس و راوێژ بە فراکسیۆنەکان بکات.

دوو/ ئەم دەستەیە، ئەم سێ دەستەیە دەستەی جێ بەجێکاری نین، واتا زۆرینە کاتی حکومەت پێك دێنێت لەوڵاتانی دنیا، لە عورفی دنیا ئەم دەستە چاودێرییانە دەبێت رەزامەندی ئۆپۆزسیۆنی لەسەر بێت، یان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، یان خەڵکی بێ لایەن بێت، ئەمە عورفی دنیایە، لە ئەڵمانیاش هەیە، تەنانەت لەمەغریب بەپێی نیزام داخیلی بابی شەشەم ماددەی (34) دەڵێت بەشداریکارە لە چاودێری کردنی لە رێگای دەزگای چاودێری بە ئۆپۆزسیۆن دەسپێرێت، لەبەر ئەوە ئالیەتەکە ئەوەیە، ئەمە بە بڕوای من دەبێت ئەم سیڤیانەی کە پێشکەش کراون، بەڕاستی ئەمانە سیڤی ئەوەلین، بەڕێز، ئەم سیڤیانە دەبێت فایل بن، کەسێك بە پۆلیسێك دادەمەزرێت یەك فایلی بۆ پڕ دەکەنەوە بریتیە لە بیست لاپەڕە، خێرە دەزگایەکی گرنگی وەك دەزگای چاودێری سیڤیەکی سادەی ئەوەلی کە دەبێت ئەمانە تەفاسیلی تیا نییە، ئینتیهای خدمەو مودەی خدمەو تەئیدو هەموو ئەوانەی تێدا نییە، بۆیە ئەم سیڤیە ئەوەلین بۆ کاتی پێشکەش کردن، بۆ کاتی مونافەسە بۆ ناو پەرلەمان ئەم سیڤیە کامل نییە بۆ ناو پەرلەمان.

سێیەم/ ئەو لێدوانانەی بەڕێزتان لە سەرۆکایتی جەخت لە بەشداری پێکهاتەکانی پەرلەمان و بڕیارە گرنگەکان دەکەنەوە، بەڕاستی ئەم جۆرە تەرشیح کردنەش ناکۆکە لەگەڵ ئەوە، چونکە بەڕاستی بەشداری کردنی فراکسیۆنەکان تەنها بۆ تەشریفی و مەرسومات نەبێت، بۆ بڕیارە گرنگەکانیش، چونکە ئەم سێ دەزگایە سێ دەزگای گرنگن سەر بە پەرلەمانن، بەم شێوازە رەنگە ئەم بڕیارە بەزۆرینەی دەنگ تێپەڕێت، بەڵام بڕیارێك بە زۆرینەی دەنگ دەتوانێت یاسایی بێت، بەڵام رەنگە شەرعی نەبێت، شەرعی بەو مانایەی کۆ دەنگی لەسەر نەبێت، بۆیە ئەم سێ دەستەیە، لەبەر ئەوەی دەستەیەکن، بەشێکن لە پۆستە نیشتمانییەکان، پۆستی نیشتمانی تەنیا پۆستە سیاسیەکان نین، پۆستی دارایی، پۆستی مافی مرۆڤ، ئەمانە پۆستی نیشتمانین، دەبێت شەراکەتی راستەقینەو دەبێت ئۆپۆسیۆزن میوان نەبێت لەم کارانە، لەم پرس و رایانە پرسیان پێ بکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم دەنگدان لەسەر ئەم پاڵێوراوانە دوا بخرێت، بانگەوازێك لەلایەن بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەم پۆستە ئیعلان بکرێت، لیژنەیەك لە مافی مرۆڤ و یاسایی و دارایی پێك بهێنرێت بە رەچاو کردنی ئەوانەی کە بۆ کەسایەتیەکان دیاری کراوە، رەچاوی پەرلەمان بکرێت بۆ پاڵێوراوەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خۆی مەسەلەی شەرعی و نا شەرعی کەس ناتوانێت بە تەنیا قەراری لێ بدات چی شەرعیە، چ شەرعی نییە، ئەمە قانون هەیە، بەپێی قانون قیاسی ئەوە دەکرێت چ شەرعیەو چ شەرعی نییە، بەڕێز کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پاڵاوتنەكەی دەزگای چاودێری بەڕاشكاوانە تەبعەن لەماددەی پێنجدا باسی كردووە، كە دەبێت پەرلەمان بیپاڵێوێت، دەست نیشانی نەكردووە بە چ میكانیزمێك، بەڕاستی پشتگیری لە قسەكانی كاك دڵشاد دەكەم، دەبوایە بە میكانیزمێك بە راوێژ لەگەڵ فراكسیۆنەكاندا بێت.

سەبارەت بە دەست لەكاركێشانەوەكەشی، دەست لەكاركێشانەوەی سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی تا ئێستا نەگەیشتۆتە پەرلەمان، لە ماددەی پێنجدا تەنها باس لە مەرسومێك دەكات بۆ دامەزراندنەكەی، لەبەر ئەوەی لە ماددەی سێ دەزگای چاودێری راستەوخۆ پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، دەبێت خانەنیشین كردنەكەی و دەست لەكار كێشانەوەكەی بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و هۆیەكانیش روون بێت، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا رەئیەك هەیە دەڵێن بڕگەی چوارو پێنج لە بەرنامەی كار تەئجیل بكرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (45) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (23) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ تەئجیل كرا بۆ دانیشتنی داهاتوو، ئێستا دەچینە سەر بڕگەی شەشەم لە بەرنامەی كار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای رێگا گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

تكایە لیژنەی هاوبەش بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەش لەسەر یاسای رێگا گشتیەكان لە 2011/12/28 ئەنجامدراوە لەلایەن هەردوو لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو لیژنەی یاسایی، ئێستاش دەقی راپۆرتەكە بەم شێوەیەی خوارەوە پێشكەش دەكەین.

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی هاوبەش**

سڵاو و رێز:

نووسراوتان ژمارە (ك 1762) لە (2011/12/26) سەبارەت بە ناردنی (پرۆژە یاسای رێگا گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان) بۆ لیژنەكەمان هاتووە، كە لە دانیشتنی ژمارە (18) رۆژی چوارشەممە بەرواری 2011/12/21 لە پەرلەمانی كوردستان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە لە سەعات (9)ی سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2011/12/28 كۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن و هاوچەرخ كردنی لادێكان و لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی كوردستان بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردنی حكومەتی هەرێمی كوردستان گرێدرا بۆ گفتوگۆ كردن و

گەلاڵە کردنی راپۆرتی کۆتایی هاوبەش لەسەر پرۆژە یاسای ناوبراو، لە ئەنجامدا ئەم خاڵانە دەخەینە بەردەستتان.

یەکەم: لە دێری دووەمی پێشەکی پرۆژە یاساکەدا دەستەواژەی (المجلس الوطني لكوردستان – العراق) بکرێتە (پەرلمانی کوردستان – العراق).

دووەم: لە بڕگەی (9) ماددەی یەکەم وشەی (الاشغال) بکرێتە (الاثقال).

سێیەم/ لە ماددەی دووەم بڕگەیەك بە زنجیرەی حەوتەم زیاد بکرێت و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(سابعاً: تنظيم ومنح اجازات وضع ونصب وسائل الدعاية والاعلان على الطرق العامة).

چوارەم: لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمدا دەستەواژەی (الجمعيات الفلاحية) بکرێتە (اتحاد الفلاحين).

پێنجەم: لە بڕگەی (7)ی ماددەی (8) زنجیرەی (2) زیاد بکرێت بەم شێوەیە:

(2- ابرام العقود مع الشركات المختصة لوضع ونصب وسائل الدعاية والاعلان ضمن محرمات الطرق العامة وفق الضوابط والشروط الخاصة بالوزارة)، بەم شێوەیە ریز بەندی زنجیرەکانی دواتر دەگۆڕێت بۆ (3 و 4).

شەشەم: لە ماددەی (9)یەمدا دەستەواژەی (الطرق العام) بکرێت بە (الطرق العامة) و دەستەواژەی (قوى الاسايش) بکرێتە (قوى الامن).

حەوتەم: لە ماددەی (25)دا دەستەواژەی (مع وزارة الداخلية ووزارة المالية والاقتصاد) بکرێت بە (مع وزارتي الداخلية والمالية والاقتصاد).

داواکارین ئەم راپۆرتە هاوبەشە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆو دەربڕینی بۆچوونی پێویست لەبارەیەوە. لەگەڵ رێزدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم یاسایە بە ئامادە بوونی وەزیری ئاوەدانکردنەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبی.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەش بە عەرەبی ئامادە نەکراوە لەلایەن لیژنەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو قانونەکە بە عەرەبی بخوێنەوە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەمە دەقی یاساکەیە، کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بۆ پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ پرۆژە**

**هاوپێچ پرۆژە یاسای رێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان بۆتان دەنێرین، کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (13)ی رۆژی 2011/9/21 پەسند کراوە بە مەبەستی خستنە بەردەستی پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری، لەگەڵ رێزدا.**

**باسم الشعب**

**قرار**

**قرار رقم ( ) لسنة 2011**

**قانون الطرق العامة لاقليم كوردستان – العراق**

**وفقاً للصلاحية الممنوحة لنا في البند (اولاً) من المادة العاشرة من قانون رئاسة اقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2005 المعدل وبناء على ماشرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في الدورة ( ) الجلسة ( ) المنعقدة في / /2011 قررنا اصدار:**

**قانون رقم ( ) لسنة 2011**

**قانون الطرق العامة لاقليم كوردستان – العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة (1):**

**يقصد بالتعابير الاتية لاغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاءها:**

**اولاً: الوزارة: وزارة الاعمار والاسكان في اقليم كوردستان – العراق.**

**ثانياً: الطريق العام: الممر المبلط او غير المبلط المخصص لمرور المركبات ويشمل ذلك محرم الطريق، وتحدد انواع الطرق العامة من سريعة ورئيسة وثانوية وغيرها ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**ثالثاً: طريق المرور السريع: الطريق العام المصمم والمشيد بصورة خاصة لمرور المركبات الذي لا يخدم الممتلكات المتاخمة له (مسيج) وتكون مجالات مرور المركبات فيه منفصلة ولا يتقاطع مع اي طريق او سكة قطار او اي مسار اخر او ممر مشاة في مستوى واحد، والذي يكون مصمماً ومعلناً عنه كطريق سريع.**

**رابعاً: الجسر: منشأ من الخرسانة المسلحة او الحديد او كليهما يزيد فضاءه على (6) ستة امتار وقد يتكون من عدة فضاءات لنقل المرور بانواعه او الخدمات او كليهما عبر مجرى مائي او فتحة ويشمل مفهوم الجسر، الجسور العائمة المصممة والمنفذة بأية طريقة كانت وتعرفها الوزارة على انها جسور ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**خامساً: التقاطع: هو شبكة من الطرق المترابطة والمتقاطعة مع بعضها على مستوى واحد او اكثر يوفر انسياب المرور بين طريقين او كثر.**

**سادساً: النفق: طريق يمر تحت طريق اخر او سكة حديد او نهر او خليج او قناة او جبل او مرتفع مصمم ومشيد ومعلن عنه انه نفق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**سابعاً: القنطرة: مجرى مغلق ينقل الخدمات او الماء في قناة طبيعية او مجرى مائي طبيعي او اصطناعي من احد جانبي الطريق الى الجانب الاخر ولا يشمل ذلك الجسر.**

**ثامناً: المحرم: يشمل المحرم كل من:**

**1- طريق او جسر او قنطرة او تقاطع او نفق.**

**2- الاراضي المجاورة للطريق الممتدة مسافتها ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية.**

**تاسعاً: الاشغال المحورية: هو ثقل المركبة مضافاً اليه وزن الحمولة المنقولة المسلط على كل محور من محاور المركبة.**

## الفصل الثاني

## اهداف القانون ونطاق سريانه

**المادة (2):**

**يهدف هذا القانون الى ما يأتي:**

**اولاً: الحفاظ على سلامة الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق وصيانتها ومنع التجاوز عليها.**

**ثانياً: تحديد محرمات الطرق العامة الجسور والتقاطعات والانفاق وتنظيم استعمالها.**

**ثالثاً: تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطرق العامة وسرعتها وابعادها.**

**رابعاً: تسهيل اجراءات وضع اليد على الاراضي التي تمر بها الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق واستملاكها وتنظيم اجراءات تقدير توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات وكيفية التعويض عنها.**

**خامساً: تنظيم ومنح اجازة بناء المنشأت التي تخدم الطرق العامة وتحديد ابعادها عن تلك الطرق.**

**سادساً: منح الموافقة على المشاريع الاخرى خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات.**

**المادة (3):**

**تسري احكام هذا القانون على:**

**اولاً: الطرق العامة الكائنة خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات، والقناطر والمعابر والانفاق والتقاطعات التي تقع ضمن محرماتها والمنشأت والساحات التي تخدم هذه الطرق.**

**ثانياً: الجسور على اختلاف انواعها الواقعة داخل حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات وخارجها والمعرفة بعائديتها الى الوزارة ويشمل ذلك الجزء المجسر منها فقط دون المقتربات.**

## الفصل الثالث

## الاستملاك والتقدير

**المادة (4):**

**اولاً: تقوم الوزارة بطلب وضع اشارة عدم التصرف بالاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون في السجلات العقارية لمدة لاتزيد عن سنة واحدة من تاريخ وضع الاشارة.**

**ثانياً: للوزارة في الحالات المستعجلة وضع اليد على الاراضي المنصوص عليها في البند اولاً من هذه المادة، الواقعة خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات بعد تقدير قيمة توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات من قبل لجنة تشكل برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل الوزارة وممثل التسجيل العقاري وممثل الزراعة وممثل عن الجمعيات الفلاحية وممثل وزارة المالية وممثل مديرية عقارات الدولة في المحافظة او في الوحدة الادارية وصاحب العلاقة او من يمثله، وللجنة الاستعانة بخبير او اكثر للغرض المذكور.**

**ثالثاً: تتبع اللجنة المنصوص عليها في البند ثانيا من هذه المادة اسس التقرير المنصوص عليها في قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981 وتعديلاته.**

**رابعاً: للوزارة ولكل ذي علاقة بتوابع الارض المقدرة وفق احكام البند ثانيا من هذه المادة الاعتراض على محضر التقدير خلال مدة (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ التبليغ به لدى محكمة البداءة المختصة بموقع العقار، وتنظر المحكمة بالاعتراض خلال (15) خمسة عشر يوماً ويكون قرارها خاضعاً للطعن فيه لدى محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية.**

**المادة (5):**

**اولاً: تتولى الوزارة المباشرة باستملاك الاراضي المنصوص عليها في المادة (4) من هذا القانون خلال (180) مئة وثمانين يوماً من تاريخ وضع اليد عليها وفق احكام قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981 وتعديلاته وتقدر القيمة بتاريخ وضع اشارة عدم التصرف او بتاريخ وضع اليد او بتاريخ طلب الاستملاك ايها افضل للمستملك منه.**

**ثانياً: في حالة تعذر الحصول على عناوين اصحاب العلاقة بالاراضي وتوابعها فيتم الاعلان عن ارقام القطع في المقاطعات المشمولة بالاستملاك في صحيفة يومية واحدة على الاقل مرتين ويمهل اصحاب العلاقة مدة (90) تسعين يوماً اذا كانوا موجودين داخل الاقليم و(180) مئة وثمانين يوماً للموجودين خارج الاقليم للمراجعة وتثبيت حقوقهم وتعتبر قطع الاراضي مستملكة بانقضاء المدة المذكورة.**

**ثالثاً: يؤخذ بدون بدل الربع القانوني المنصوص عليه في قانون الاستملاك وفق الاحكام المنصوص عليها فيه، ويسري هذا الحكم على جميع الاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون بصرف النظر عن جنسها وصنفها وموقعها والتشريع الذي تملك بموجبه.**

**رابعاً: تسجل اراضي محرمات الطرق العامة المستملكة باسم وزارة المالية وتخصص للوزارة وتعدل السجلات العقارية للاراضي التي تم استملاكها قبل نفاذ هذا القانون تبعا لذلك.**

**خامساً: في حالة انتفاء حاجة الوزارة الى اية مساحة من الاراضي المنصوص عليها في البند رابعاً من هذه المادة تؤول ملكيتها الى رئاسة البلديات او مديرية البلديات المختصة ان كانت واقعة ضمن حدودها بدون بدل وترفع اليد عنها وتؤول الى وزارة المالية ان كانت واقعة خارج تلك الحدود.**

**سادساً: تنوب الوزارة عن دوائر الدولة الرسمية في الاشراف على الاراضي المشمولة باحكام هذا القانون ورفع التجاوز عنها بالتنسيق مع الوحدات الادارية.**

**المادة (6):**

**اولاً: للوزارة عند الاقتضاء وضع اليد على اي ارض او بستان او اي جزء منها بصورة مؤقتة لاغراض تنفيذ مشاريع الطرق العام والجسور لمدة لاتتجاوز مدة انجاز المشروع ببدل ايجار بعد تبليغ مالكها بذلك مدة لاتقل عن (30) ثلاثين يوماً.**

**ثانياً: تقوم اللجنة المنصوص عليها في البند ثانيا من المادة (4) من هذا القانون بتحديد بدل الايجار السنوي او الشهري للعقار المقرر وضع اليد عليه بصورة مؤقتة مع تنظيم محضر يثبت فيه الوضع الراهن بها مع توابعه.**

**ثالثاً: على الوزارة اعادة العقار الذي تم وضع اليد عليه الى مالكه بعد انجاز المشروع وفق الحالة المثبتة بمحضر وضع اليد عليه، وتعويض مالكه عن الاضرار التي لحقت بالعقار بعد تقديرها من اللجنة ذاتها.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

## الفصل الرابع

## محرمات الطرق العامة والجسور

**المادة (7):**

**يحدد ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية ما يأتي:**

**اولاً: محرمات الطرق العامة السريعة والرئيسة والثانوية والريفية وغيرها عدا الاجزاء المارة منها ضمن رئاسة البلديات ومديرية البلديات فيخضع تحديدها للتصاميم الاساسية لكل منها.**

**ثانياً: محرمات الجسور التي لايجوز فيها نصب معامل الغربلة او تأسيس المقالع او اجزاء تحويرات في مسار النهر بما يؤدي الى الحاق الضرر بدعامات الجسر او مقترباته.**

**ثالثاً: محرمات التقاطعات والانفاق والمعابر ان وجدت.**

**المادة (8):**

**اولاً: لايجوز البناء او الغرس او الزرع او شق الانهر او الجداول او المبازل او انشاء محطات الوقود او مد الاسلاك او تثبيت وسائل الدعاية والاعلان او أجراء اي تصرف اخر ضمن حدود المحرمات من اية جهة كانت الا بموافقة تحريرية من الوزارة.**

**ثانياً: لا يجوز الحفر على جانبي الطرق الخارجية الرئيسة ضمن المساحات المحصورة بين خطين موازيين لخط الوسط باقل من مسافة (75) خمسة وسبعين متر يساراً ويميناً بالنسبة للطريق ذي الممر الواحد و(100) مائة متر بالنسبة الطريق ذي الممرين الا بموافقة الوزارة وفق شروط وضوابط يتم وضعها من قبلها.**

**ثالثاً: لا يجوز لاية جهة اقامة جسر او قنطرة او معبر او اية منشأة اخرى ضمن محرمات (الطرق العامة) الا بموافقة الوزارة وحسب التصميم الذي تقرره وبشرط تأمين طريق بديل مؤقت ملائم للمرور خلال فترة العمل مزود بجميع العلامات التي تؤمن سلامة المرور.**

**رابعاً: ترفع المحدثات المشيدة ضمن محرمات الطرق العامة قبل نفاذ هذا القانون العائدة لدوائر الدولة الرسمية بدون بدل اذا كان لوجودها تأثير سلبي على الطرق العامة من الناحية الفنية او على سلامة المرور بها ويكون رفعها على نفقة الجهة المعنية وبالتنسيق بينها وبين الوزارة.**

**خامساً: ترفع المحدثات العائدة لغير الجهات المنصوص عليها في البند رابعاً من هذه المادة المشيدة باجازة اصولية او موافقة احدى الجهات الرسمية اذا كانت محدثة قبل تنفيذ الطريق او تحديد محرماته بعد التعويض عنها اذا كانت تؤثر سلبا عى الطريق من الناحية الفنية وعلى سلامة المرور به، ويراعى في التعويض ما يأتي:**

**1- يتم التعويض عن المحدثات فقط.**

**2- يقدر التعويض بتاريخ منح الاجازة او بتاريخ صدور الموافقة او الاذن باقامة المنشأت او بتاريخ رفعها ايهما افضل للمواطن والا فيحدد بما يعادل بدل المثل وقت اجراء الكشف والتقدير الا اذا وجد اتفاق خلاف ذلك.**

**3- يقدر مبلغ التعويض من قبل لجنة برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل عن كل من الوزارة و وزارة المالية ودائرة التسجيل العقاري في الوحدة الادارية ودائرة عقارات الدولة من ذوي الخبرة.**

**4- للوزارة ولصاحب العلاقة الاعتراض على مبلغ التعويض لدى محكمة البداءة المختصة بموقع المحدث خلال (30) ثلاثين يوماً من تاريخ صدور قرار التعويض ويكون قرار المحكمة خاضعاً للطعن فيه تمييز امام محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية.**

**5- يصرف التعويض عما يلحق به من مصاريف واجور بواسطة المحكمة المختصة بموقع المشروع ومن تخصيصات الوزارة لهذا الغرض ويجري صرفه الى مستحقيه وفق القانون.**

**سادساً: ترفع المحدثات التي انشئت تجاوزاً بعد تنفيذ الطريق او تحديد محرماته طبقا للقانون ويتم الرفع من قبل الوحدة الادارية التي يقع المحدث ضمن رقعتها الجغرافية على نفقة المتجاوز خلال (90) تسعين يوماً من تاريخ تبليغه بذلك التجاوز.**

**سابعاً: للوزارة الموافقة على ما يأتي:**

1- استغلال جزء من محرم الطريق العام لاقامة المنشأت السياحية او خدمات الطريق او للاغراض الزراعية الموسمية او الزراعة التي من شانها حماية الطريق وتحسين البيئة او مد خطوط القابلات او اعمدة الكهرباء او مشاريع الماء او المشاريع الحكومية الاخرى شريطة ان لا تتعارض مع المتطلبات الفنية للطريق او سلامة المرور فيه.

2- ابقاء البساتين الموجودة ضمن محرم الطريق اذا كان بقاءها لا يؤثر على النواحي الفنية وسلامة المرور بالطريق على ان يتم تسجيلها بشكل نظامي على نفقة اصحابها.

3- الابقاء على المحدثات والابنية الواقعة ضمن محرم الطريق بالنسبة للطرق المنفذة قبل نفاذ هذا القانون بشرط عدم تعارض بقائها مع المستلزمات الفنية للطريق والسلامة المرورية وكما يأتي:

أ- اجزاء الابنية التي لا تتجاوز (10) عشرة امتار عمقاً اذا كان في ازالتها ضرر على عموم البناية.

ب- اعمدة الكهرباء والهاتف والقابلوات المحورية وخطوط سكك الحديد والقنوات والمنشأت الكائنة خلفها.

ج- الابنية والمنشأت العائدة لدوائر الدولة ودور العبادة والمقابر.

ثامناً: تستثنى من احكام البند سادساً من هذه المادة المنشأت والمشاريع الانتاجية بصرف النظر عن عائديتها وتبقى لحين انقضاء عمرها الانتاجي بشرط عدم اضافة خطوط انتاجية جديدة لها ويتم رفعها بعد انقضاء عمرها الانتاجي على نفقة الجهة التي تعود اليها المحدث بدون اي تعويضات.

تاسعاً: تحدث الابنية والمنشأت والمرافق الاخرى اللازمة لخدمات الطرق العامة باجازة من الوزارة بالتنسيق مع المحافظة المعنية، وبموجب التصاميم التي تعدها او تصممها وبالكيفية التي تقدرها في المواقع التي تعينها داخل او خارج محرمات تلك الطرق وعلى الوزارة اصدار التعليمات الخاصة بذلك.

عاشراً: لا يجوز اقامة اية ابنية او منشأت او محدثات ينجم عن استعمالها خطر او ازعاج او تأثير على بيئة الطريق ومستخدميه بسبب ما ينبعث منها من ادخنة او ابخرة او غازات او اتربة او روائح مضرة او ما يماثل ذلك الا في المواقع التي تبعد ما لايقل عن (500) خمسمائة متر عن محرم حدود طرق المرور السريع والطرق الرئيسة ويسمح ببناء دار سكن لاصحاب القطع الزراعية وفق القانون على ان يبعد السياج الخارجي للدار بما لايقل عن (25) خمسة وعشرين متراً عن حدود محرم الطريق وان لا يتم الربط الى الطريق مباشرة وانما الى طرق الخدمة الموازية للطريق المحلية السريع او الى الطرق المحلية الموجودة في المنطقة.

حادي عشر: تستثنى الطرق الريفية والزراعية من احكام البند عاشراً من هذه المادة عدا المشاريع الزراعية وحقول الدواجن والمفاقس او ما يماثلها فلا يسمح باقامتها الا في المواقع التي تبعد بمسافة لا تقل عن (500) خمسمائة متر عن حدود محرم الطريق.

## الفصل الخامس

## اوزان الاثقال المحورية للمركبات

المادة (9):

**تحدد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطرق العامة ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية وللوزارة استثناء بعض المركبات الاختصاصية العائدة لدوائر الدولة وكذلك مركبات القوات المسلحة وقوى الاسايش الداخلي والمركبات المستخدمة في حالات خاصة.**

**المادة (10):**

**اولاً: تتولى الوزارة بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية تحديد مواقع محطات وزن المركبات وعلى الوزارة تأمين الابنية والساحات الملائمة لها مع توفير اجهزة الوزن وصيانتها.**

**ثانياً: تتولى مديرية المرور العامة والوزارة تسلم وادارة وتشغيل محطات الوزن ويتم فرض العقوبات على المخالفين بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية وفق احكام هذا القانون.**

**ثالثاً: للوزارة الحق باناطة تولي مهام ادارة وتشغيل محطات الوزن التابعة لها الى القطاع الخاص وفق تعليمات تصدرها الوزارة بهذا الشأن في ضوء احكام هذا القانون.**

**رابعاً: تخضع جميع محطات الوزن التي تشغل من قبل القطاع الخاص للتعليمات والضوابط التي تصدر من قبل الوزارة في هذا الشأن على ان لايتعارض مع احكام هذا القانون.**

## الفصل السادس

## العقوبات

**المادة (11):**

**يعاقب بغرامة لاتقل عن (250000) مئتان وخمسين الف دينار ولاتزيد على (500000) خمسمائة الف دينار كل من:**

**اولاً: الحق ضرراً بالطرق العامة من شانه عرقلة السير والمرور وتشكيل خطورة على مستعمل الطريق.**

**ثانياً: اهمل التنبيه نهاراً او التنوير ليلاً بالنسبة لاعمال الحفر او المواد المطروحة على الطرق العامة.**

**ثالثاً: استخدام (الطرق العامة) لغير الاغراض المخصصة لها او نقل حمولة يتسبب عن سقوطها خطراً على الطريق دون اتخاذ الاحتياطات اللازمة لحماية مستخدمي الطريق.**

**رابعاً: خالف قواعد استخدام الطرق السريعة المعلنة من قبل الدائرة المختصة.**

**المادة (12):**

**يعاقب بغرامة لاتقل عن (300000) ثلاثمائة الف دينار ولاتزيد عن (750000) سبعمائة اوخمسين الف دينار كل من:**

**اولاً: تجاوز على محرمات (الطرق العامة) بالحفر او الاستخدام بدون اجازة او البناء المؤقت او الدائم اضافة الى تحميله نفقات ازالة التجاوز.**

**ثانياً: تسبب في اعاقة المرور على (الطرق العامة) خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات.**

**ثالثاً: نزع علامة مرورية او اكثر او اسيجة الامان او الاسيجة السلكية او عبث بالقناطر والجسور او تشويها او احدث ضرار فيها او غير محلها او اتجاهها.**

رابعاً: منع او عرقل منتسبي الوزارة او الجهة المتعاقدة معها من تنفيذ واجباتهم.

خامساً:

1- خالف احكام المادة (8) من هذا القانون.

2- خالف احكام التعليمات او البيانات الصادرة بموجب احكام هذا القانون.

المادة (13):

اذا كون الفعل المخالف لاحكام المادتين (11 و 12) من هذا القانون جريمة عقوبتها اشد بموجب قانون اخر فيطبق النص الاشد عقوبة.

المادة (14):

لاتحول الجزاءات المنصوص عليها في هذا الفصل دون حق الوزارة في المطالبة بالتعويض عن الاضرار التي تلحق بها من جراء المخالفات او التجاوزات المشار اليها في هذا الفصل.

المادة (15):

اولاً: يغرم سائق او مالك المركبة المخالفة لاوزان الاثقال المحورية بغرامات مالية وكالاتي:

1- (5000) خمسة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد طن واحد من الحمولة الزائدة.

2- (10000) عشرة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد اربعة اطنان من الحمولة الزائدة.

3- (15000) خمسة عشرة الف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام عند تجاوز الحمولة الزائدة اربعة اطنان ولحد ثمانية اطنان من الحمولة الزائدة.

ثانياً: تحجز المركبة المخالفة لاوزان الاثقال المحورية الى حين تفريغ الحمولة الزائدة ونقلها خارج محطة الوزن على نفقة المخالف اذا زادت الحمولة عن ما مذكور كحد اعلى من البند الثالث للفقرة (اولاً) من المادة هذه اعلاه.

ثالثاً: تستوفى اجور ارضية مقدارها (20000) عشرون الف دينار عن كل ليلة تبقى فيها المركبة محجوزة في ساحة الحجز ومن تاريخ المخالفة.

المادة (16):

اولاً: يمنح منتسبي المرور المنسبين للعمل في محطة الوزن صلاحية فرض الغرامة وحجز المركبة ذات الحمولة الزائدة وفق احكام المادة (15) من هذا القانون وتكون قراراتهم بهذا الشأن باتة.

ثانياً: تعتمد قراءة مقياس الوزن دليل اثبات لغرض فرض العقوبة بحق المخالف.

ثالثاً: في حالة عدم دفع الغرامة المنصوص عليها في المادة (15) من هذا القانون خلال (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ المخالفة يعاقب سائق او مالك المركبة المخالفة بالحبس مدة لا تقل عن (3) ثلاثة اشهر ولا تزيد على (6) ستة اشهر.

**رابعاً: يعاقب سائق السيارة او مالكها الذي يتهرب من عملية الوزن بغرامة لاتقل عن (250000) مئتان وخمسون الف دينار ولاتزيد على (400000) رابعمائة الف دينار مع عدم الاخلال باحكام البند اولا من المادة (15) من هذا القانون.**

**المادة (17):**

**اذا ثبت قيام احد اعضاء اللجنة المشرفة على تشغيل محطات و وزن المركبات الواردة في الفقرة (2) من المادة العاشرة من هذا القانون التلاعب باوزان مركبات الحمل يعاقب وفق المادة (307) من قانون العقوبات رقم (111) لسنة 1969.**

**المادة (18):**

**اولاً: لا تتحمل الجهة المخولة بحجز المركبة اية مسؤولية عن الاضرار التي تلحق بالاموال المحملة القابلة للتلف.**

**ثانياً: تطبق احكام قانون التصرف بالمركبات المحجوزة والمتروكة رقم (8) لسنة 1987 على المركبات المخالفة التي تترك في ساحات محطات الوزن.**

**ثالثاً: تتولى الوزارة بيع الاموال التي يتركها المخالفون الزائدة على الاوزان المقررة بالمزايدة العلنية استثناء من احكام التشريعات النافذة وفق قواعد تضعها الوزارة.**

**رابعاً: تسجل بدلات البيع المنصوص عليها في البند (ثالثاً) من هذه المادة والغرامات المنصوص عليها في هذا القانون ايراداً للوزارة.**

**خامساً: تقسم حصيلة النسبة المنصوص عليها في البند (رابعاً) من هذه المادة على الوجه الاتي:**

**1- (75٪) خمس وسبعون بالمائة منها تودع في حسابات الوزارة وتخصص لصيانة الطرق.**

**2- (25٪) خمس وعشرون بالمائة منها حوافز للعاملين في محطات الاوزان ولمنتسبي الوزارة.**

**سادساً: يصدر وزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع وزير الداخلية تعليمات للحوافز المنصوص عليها في الفقرة (2) من البند (خامساً) من هذه المادة تتضمن اسس توزيعها وتحديد المشمولين بها وحالات الحرمان منه.**

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل السابع**

**احكام عامة وختامية**

**المادة (19):**

**اولاً: تستحصل الوزارة من المستفيدين تكاليف اقامة القناطر والجسور والمنشأت المشيدة من قبلها بناء على طلبهم.**

ثانياً: تستحصل الوحدة الادارية من المتجاوز تكاليف رفع التجاوز الحاصل على محرمات الطرق العامة حسب القوائم المعدة من قبلها بموجب قانون تحصيل الديون الحكومية المرقم بـ(56) لسنة 1977 وتعديلاته.

المادة (20):

على الوزارة ومن يمثلها من المقاولين او الشركات تامين استمرار جريان المياه والانهر والجداول والمبازل التي تعترض مشاريع الطرق العامة والجسور، وكذلك تامين طرق بديلة للطرق الموجودة التي تعترض مشاريعها الجديدة اثناء مراحل تنفيذ المشاريع.

المادة (21):

لمنتسبي الوزارة دخول العقارات الخاصة باستثناء الدور السكنية والمباني لتهيئة اعمال المسح بعد اشعار مالكيها وتحديد مسارات الطرق العامة والجسور لاغراض تنفيذ مشاريعها.

المادة (22):

اولاً: تختص الوزارة حصراً بتنفيذ الطرق السريعة والرئيسة والثانوية والتقاطعات والانفاق الواقعة خارج حدود البلديات وتنفيذ الجسور.

ثانياً: لدوائر الدولة الاخرى او المواطنين تنفيذ الطرق المحلية او الريفية او السياحة او الخاصة والمعابر بموافقة الوزارة واشرافها على ان يكون تحديد محرمات هذه الطرق من اختصاص الوزارة حصراً.

المادة (23):

اولاً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة ابعاد المركبات المختلفة، وكذلك السرع القصوى والدنيا لها على الطرق العامة وحسب نوع كل طريق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

ثانياً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة قواعد استخدام الطرق السريعة ببيان ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

المادة (24):

يستمر العمل بالبيانات الصادرة عن مديرية المرور العامة بما لا يتعارض واحكام هذا القانون الى حين صدور مايحل محلها او يلغيها.

المادة (25):

لوزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع وزارة الداخلية ووزارة المالية والاقتصاد اصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة (26):

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة (27):

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الاسباب الموجبة

لغرض تحديد مسؤوليات الوزارة باشرافها على تنفيذ الطرق العامة خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات ولغرض شمول مشاريع الجسور والتقاطعات بالقانون ولمنع التجاوز على الطرق العامة والطرق السريعة ومحرماتها وكذلك تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم هذه الطرق ولتوحيد اجراءات الاستملاك وتنظيم استخدام محرمات الطرق العامة وطرق المرور السريع وللتغيير الحاصل في هيكلية الدوائر المنفذة للطرق العامة ولتوحيد القواعد القانونية ذات العلاقة شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش تكایە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕیاری ژمارە ( )ی ساڵی 2001**

**یاسای ڕێگا گشتییەكانی هەرێمی كوردستان – عێراق**

بەپێی ئەو دەسەلاٌتەی كە بەندی (یەكەم)ی ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی هەموار كراو پێمانی داوەو لەسەر ئەو شەرعاندنەی كە پەرلەمانی كوردستان - عێراق لە دانیشتنی ژمارە ( )ی رۆژی //2011دا دایناوە، بڕیارماندا بە دەرچواندنی

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2011**

**یاسای ڕێگا گشتییەكانی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**بەشی یەكەم**

**پێناسەكان**

ماددەی (1):

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناكانی بەرامبەریانە:

یەكەم: وەزارەت: وەزارەتی ئاوەنكردنەوەو نیشتەجێ كردن لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

دووەم: ڕێگای گشتی: ئەو ڕێگا ڤیرتاو كراوە، یان ڤیرتاو نەكراوەیە كە بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل تەرخان كراوە، كە قەدەغەكراوەكانی ڕێگایەكەش دەگرێتەوە، جۆرەكانی ڕێگا گشتییەكانیش بەخێراو سەرەكی و لابەلاكان و ڕێگاكانی لەو جۆرە بابەتانەشەوە بە بەیاننامەیەك دیار دەكرێن و لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاٌو دەكرێتەوە.

سێیەم: ڕێگای هاتوچۆی خێرا: ئەو ڕێگا گشتییە كە بە تایبەت بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل داتاشراوەو دامەزراوەو خزمەت بە موڵكەكانی هاوشان و نزیكی خۆی ناكات، واتا (شوورەدارە)و هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی

تێدا جیا کراوەتەوەو لەگەڵ هیچ ڕێگایەکی تر، یان هێڵی شەمەندەفەر، یان ئاراستەیەکی تر، یان ڕێگای پیادەدا لە هەمان ئاستدا یەکتر نابڕن و وەك ڕێگایەکی خێرا داتاشراوەو ڕاگەیەنراوە.

چوارەم: پێل (پرد): بە کۆنکرێت، یان بە ئاسن، یان بە هەردووکیان دامەزراوەو پانتاییەکەشی لە (6) مەتر زیاترە، بەسەر ئاوەڕۆیەکەوە، یان لەسەر خرێك (فتحة) دادەمەزرێت، لەوانەشە لە چەندین پانتایی پێك هاتبێت بۆ هاتوچۆی جۆربەجۆر، یان بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزاری، یان هەردووکیان، چەمکی پرد ئەو پردە سەر ئاوەکەوتووانەش دەگرێتەوە کە بە هەر جۆرێك داڕێژرابن و وەژێر کار خرابن، وەزارەتیش بە پرد پێناسەیان دەکات بە بەیاننامەیەك کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

پێنجەم: یەکتربڕ: بریتییە لە تۆڕێك ڕێگای پێکەوە بەستراو و یەکتربڕ لەسەر هەمان ئاست، یان زیاتر، کە ڕێگای هاتوچۆ لەنێوان دوو ڕێگا، یان زیاتردا فەراهەم دەکات.

شەشەم: تونێل: ڕێگایەکە بە ژێر ڕێگایەکی تری وەك هێڵی شەمەندەرفەر، یان ڕووبار، یان کەنداو، یان کەناڵ، یان چیا، یان بەرزاییدا دەڕوات، ئەم ڕێگایە داتاشراوەو دامەزراوەو بە بەیاننامەیەك کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە بە تونێل پێناسە کراوەو ڕاگەیەنراوە.

حەوتەم: ئاوبارە (القنطرة): ئاوبارەیەکی داخراوەو خزمەتگوزاری، یان ئاو بە کەناڵێکی سروشتی، یان بە ئاوەڕۆیەکی سروشتی، یان دەستکرد لەلایەکی ڕێگاکەوە بۆ لایەکەی تری دەگوازێتەوەو پرد ناگرێتەوە.

هەشتەم: قەدەغەکراو، ئەمانە دەگرێتەوە:

1- ڕێگا، یان پرد، یان ئاوبارە، یان یەکتربڕ، یان تونێل.

2- زەویەکانی هاوشان ڕێگایەکە دەگرێتەوە کە وەزارەت بە بەیاننامەیەك درێژی و پانییان دیار دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

تەرجومە نەکراوە

## بەشی دووەم

## ئامانجەکانی ئەم یاسایەو مەودای حوکمەکانی

ماددەی (2):

ئامانجی ئەم یاسایە، ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: پاراستنی سەلامەتیی ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلەکان و هێشتنەوەیان و نەهێشتنی پا درێژی لەسەریان.

دووەم: دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلەکان و ڕێکخستنی بەکارهێنانیان.

سێیەم: دیار کردنی قورسایی بارو بارگەکان و خێرایی مەودای ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکاردەهێنن.

چوارەم: ئاسان کردنی ڕێکارەکانی دەستبەسەر داگرتنی ئەو زەویانەی کە ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلیان پێدا دەڕوات، هەروەها بە موڵکردنی ئەو زەویانەو ڕێکخستنی ڕێکاری خەملاندنی بەشەکانی تری وەك دامەزراوو چێنراو و زەرعەت و چۆنیەتی قەرەبوو کردنەوەیان.

پێنجەم: ڕێکخستن و ئیجازە پێدانی بنیادنانی ئەو دامەزراوانەی کە خزمەت بە ڕێگا گشتیەکان دەکەن و دیار کردنی دووراییان لەو ڕێگایانەوە.

شەشەم: موافەقەت کردنی لەسەر پرۆژەکانی تری دەرەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی.

ماددەی (3):

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

یەکەم: ئەو ڕێگا گشتیانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، هەروەها ئەو ئاوبارەو عبورگاو تونێل و یەکتربڕانەش کە دەکەونە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانیان و ئەو دامەزراوو گۆڕەپانانەش کە خزمەت بەو ڕێگایانە دەبەخشن.

دووەم: هەموو جۆرە پردێك کە دەکەونە سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی و دەرەوەشیان کە وەها پێناسەکراون سەر بە وەزارەت بن، ئەوەش تەنها بەشە سەرگیراوەکانی پردەکە دەگرێتەوە، نەك بەشە نیوە چڵەکان.

## بەشی سێیەم

## بە ملك کردن و خەملاندن

ماددەی (4):

یەکەم: وەزارەت داوا دەکات کە تێبینی (قەدەغەی دەستکاری ئەو زەوییانە بکرێت کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە) لە سجلەکانی عەقاریدا دابنرێت بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت لە بەرواری دانانی تێبینیەکەوە.

دووەم: وەزارەت لە حاڵەتی پەلەدا بۆی هەیە دەست بەسەر ئەو زەویانەدا بگرێت، کە لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقەکانیان هاتووەو دەکەونە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، ئەو دەست بەسەر داگرتنەش دوای خەملاندنی بەهای دامەزراو و چێنراو و زەرعەتانە دەکرێت، کە پەیوەندیان بەو زەویانەوە هەیە، خەملاندنەکەش لەلایەن لیژنەیەکەوە دەکرێت، کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکە ئیداریەکەو ئەندامێتی نوێنەری وەزارەت و نوێنەری تۆماری عەقاری و نوێنەری کشتوکاڵ و نوێنەرێکی کۆمەڵەکانی وەرزێران و نوێنەری وەزارەتی دارایی و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی عەقاراتی دەوڵەت لە پارێزگاکە لە یەکە ئیداریەکەو پەیوەندیدارەکە، یان لە نوێنەرەکەی پێك دێت، لیژنەکە بۆی هەیە بۆ ئەو مەبەستە سوود لە شارەزایەك، یان زیاتر وەربگرێت.

سێیەم: ئەو لیژنەیەی کە دەقەکەی لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بنەماکانی ئەو خەملاندنە پێڕەو دەکات کە دەقەکەی لە یاسای بە موڵك کردنی ژمارە (12)ی ساڵی 1981و هەموارەکانیدا هاتووە.

چوارەم: وەزارەت و هەر کەسێکیش کە پەیوەندی هەبێت بە پاشکۆکانی ئەو زەویەوە، کە بەپێی حوکمەکانی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە خەملێندراوە بۆیان هەیە لە ماوەی (15) رۆژدا لە بەرواری پێ ڕاگەیاندنەوە لەبەردەمی دادگای سەرەتایی تایبەتمەند بە جێگای عەقارەکە ناڕەزایی لە ڕەشنووسی خەملاندنەکە دەربڕن، دادگاکەش لە ماوەی (15) رۆژدا سەیری ناڕەزاییەکە دەکات و بڕیارەکەشی دەکەوێتە ژێر رکێفی تانە لێدانەوە لە دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوەی.

ماددەی (5):

یەکەم: وەزارەت لە ماوەی (180) سەدو هەشتا رۆژدا لەبەرواری دەست بەسەر داگرتنی زەویەکان بەپێی حوکمەکانی یاسای موڵکدار کردن ژمارە (12)ی ساڵی (1981)و هەموارەکانی دەست دەکات بە موڵك کردنی ئەو زەویانەی کە دەقەکانیان لە ماددە (4)ی ئەم یاسایەدا هاتوون، بەهایەکەش لە بەرواری دانانی تێبینی قەدەغە کردنی دەستکارییەکەوە دەخەملێنرێت، یان لە بەرواری دەست بەسەر داگرتنەکەوە، یان لەبەرواری داوای بە موڵك کردنەکەوە، یان کامیان باشتر بێت بۆ ئەو کەسەی کە زەویەکەی لێ دەسەنرێت.

دووەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر بە زەحمەت ناونیشانی خاوەن پەیوەندی بە زەویەکان و پاشکۆکانی زەویەکانەوە وەربگیردرێت، ئەوسا ژمارەی پارچەکانی ئەو زەویانەی کە بە موڵك کردن دەیانگرێتەوە لە رۆژنامەی رۆژانەدا لانی کەم دووجار بلاّو دەکرێتەوەو مۆڵەتی (90) رۆژیش بە پەیوەندیدارەکان دەدرێت، ئەگەر لەناو هەرێمدا بن، ئەگەریش لە دەرەوەی هەرێم بن، ئەوا مۆڵەتی (180) سەدو هەشتا رۆژیان پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی سەر بدەن و مافەکانی خۆیان بچەسپێنن، دەنا ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەر بچێت و نەیەن ئەوا پارچە زەویەکانیان بە موڵك کراو دادەنرێت.

سێیەم: بەبێ بەرامبەر (بەخۆرایی) ئەو چوار یەکە یاساییەی کە دەقەکەی لە یاسای موڵکدار کردندا هاتووە وەردەگیردرێت و بەپێی ئەو حوکمانەی کە دەقەکانیان لەسەری هاتووە، ئەم حوکمەش هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە جۆرو پۆل و جێگاو ئەو یاسایەش کە موڵکداریەکەی پێ کراوە.

چوارەم: زەویە قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکان کە بە موڵك کراون، بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆمار دەکرێن و تایبەت دەبن بەو وەزارەتە، سجلەکانی عەقاریی ئەو زەویانەش هەموار دەکرێن کە بەر لە کار پێکردنی ئەم یاسایە بە موڵك کردنیان تەواو بووە.

پێنجەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر وەزارەت پێویستی بەهەر رووبەرە زەوییەك نەما کە دەقەکەی لە بەندی (چوارەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەوا موڵکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیەکان، یان بۆ بەڕێوەراریەتیە تایبەتمەندەکانی شارەوانی، بەبێ بەرامبەر ئەگەر کەوتبووە چوارچێوەی سنوورەکەیەوە، دەستیشی لەسەر لادەبرێت و دەدرێتەوە بە وەزارەتی دارایی، ئەگەر کەوتبووە دەرەوەی ئەو سنوورانە.

**شەشەم: وەزارەت لەجیاتی دایەرە فەرمیەکانی دەوڵەت، سەرپەرشتی ئەو زەویانە دەکات کە دەکەونە ژێر رکێفی حوکمەکانی ئەم یاسایەوەو بەهاودەنگیش لەگەڵ یەکە ئیداریەکاندا پێ درێژیان لەسەر لا دەبات.**

**ماددەی (6):**

**یەکەم: لەکاتی پێویستدا دەستەکە دەست بەسەر هەر زەویەك، یان باخێك، یان هەر پارچەیەکدا دەگرێت بەشێوەیەکی رەفتەنی (کاتی) باخێك، یان هەر پارچەیەکیدا دەگرێت، بەشێوەیەکی رەفتەنی (کاتی) بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی پرۆژە گەلی رێگای گشتی و پرد، بۆ ماوەیەك کە لە ماوەی تەواو کردنی پرۆژەکە نەترازێت، بۆ ئەوەش کرێ دەدات بە خاوەنەکەی و بەر لە (30) سی رۆژ ئاگاداری دەکات.**

**دووەم: ئەو لیژنەیەی کە لە بەندی (دووەم)ی ماددەی (4)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هاتووە، کرێی ساڵانە، یان کرێی مانگانەی ئەو عەقارە دیاری دەکات، کە بڕیار دراوە بەشێوەیەکی رەفتەنی (کاتی) دەستی بەسەردا بگیردرێت و رەشنووسێکیشی لەگەڵدا رێك دەخات، باری کاتەکەو دۆخی پاشکۆکانی تێدا دەچەسپێنێت.**

**سێیەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکە ئەو عەقارەی دەستی بەسەردا گیراوە بگەرێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی دوای تەواو کردنی پرۆژەکە، هەر وەکو ئەو حاڵەتەی کە لە رەشنووسی دەست بەسەردا گرتنەکەدا جێگیر کرا بوو، پێویستە هەمان لیژنە زەرەرو زیانی عەقارەکە بخەملێنێت بە قەرەبوو بیداتەوە بە خاوەنەکەی.**

## بەشی چوارەم

## قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکان و پردەکان

**ماددەی (7):**

**ئەمانەی خوراەوە بە بەیاننامەیەك دیاری دەکرێن و وەزارەت دەریان دەچووێنێ و لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاو دەکرێتەوە:**

**یەکەم: قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکان، چ خێرا، چ لاوەکی، چ دەشتەکی و رێگای لەو جۆرە بابەتانە دیار بکرێن (تەنها ئەو بەشانەیان نەبێت کە بە چوارچێوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەرێوەبەرایەتیەکانی شارەوانیدا تێدەپەڕن، چونکە ئەمانە هەر یەکەیان بەپێی رشتەی بنەرەتی خۆیان دیار دەکرێن).**

**دووەم: قەدەغەکراوەکانی ئەو پردانە دیار بکرێت، کە ناشێ کارگەی لە بێژنگدانیان تێدا دابنرێت، یان کارگەی بەرد هەڵکەندیان تێدا دابمەزرێت، یان گۆڕانکاریەکی وەها لە ئاراستەی رووبارەکەدا بکرێت، کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە پایەکانی پردەکە، یان بە جێگە نزیکەکانی.**

**سێیەم: قەدەغەکراوەکانی رێگا یەکتربڕەکان و تونێل و مەعبەرەکان، ئەگەر هەبوون، دیار بکرێن.**

**ماددەی (8):**

**یەکەم: ناشێ لە چوارچێوەی سنووری قەدەغەکراوەکاندا لە هیچ لایەکیاندا بینا دروست بکرێت، یان بچێندرێت، یان زەرعەتی لێ بکرێت، یان رووباری تێدا لێ بدرێت، یان جۆگەی تێدا رابکێشرێت، یان**

**خۆێدەڵێنی تێدا هەڵکەندرێت، یان وێستگەی سووتەمەنی تێدا دابمەزرێت، یان تەلی لێ رایەڵ بکرێت، یان ئامرازی پرۆپاگەندەو راگەیاندنی لێ بچەسپێت، یان هەر کارێکی تر لەو چوارچێوەیەدا ئەنجام بدرێت، مەگەر وەزارەت بە نووسین رەزامەندیی لەسەر دابێت.**

**دووەم: ناشێ ئەم دیوو ئەو دیوی رێگە دەرەکیە سەرەکیەکان لەچوارچێوەی ئەو رووبەرەدا هەڵبکەندرێن، کە دەکەوێتە نێوان دوو هێڵی هاوتەریب بە هێڵی ناوەڕاست لە مەودای (75) حەفتاو پێنج مەتری راست و چەپی رێگای یەك سایدەوە دوور نەبێت و (100) مەتریش لە رێگای دوو سایدەوە دوور نەبێت، مەگەر لەسەر رەزامەندی وەزارەت و بەپێی مەرج و بەندو بەستێك کە وەزارەت خۆی دایدەنێت.**

**سێیەم: هیچ لایەنێك ناشێ پردێك، یان ئاوبارەیەك، یان مەعبەرێك، یان هەر دامەزراوێکی دی لە چوارچێوەی (رێگا گشتیەکان)دا دروست بکات، بە موافەقەتی وەزارەت نەبێت و بەپێی ئەو رشتەیە نەبێت، کە وەزارەتەکە بڕیاری لەسەر دەدات، بەو مەرجەش کە رێگەیەکی رەفتەنی گونجاو لەماوەی ئیشەکەدا، بۆ هاتوچۆ دابین بکات، هەموو نیشانەکانی سەلامەتی هاتوچۆی تێدا فەراهەم بێت.**

**چوارەم: پێش بەکارخستنی ئەم یاسایە، ئەو تازە دامەزراوانەی کە سەر بە دایەرە فەرمیەکانی دەوڵەتن بەبێ بەرامبەر لە جێگا قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکان لادەبرێن، ئەگەر لە رێگا هونەریەوە کاریگەریەکی خراپ بکەنە سەر رێگا گشتیەکان، یان کاریگەریەکی خراپیان بۆ سەلامەتی هاتوچۆ هەبێت، ئەو لابردنەش لە کیسەی لایەنە پەیوەندیدارەکەو بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا ئەنجام دەدرێت.**

**پێنجەم: ئەو تازە دامەزراوانەی کە سەر بە غەیری ئەو لایەنانەن کە لە دەقی بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون و بە ئیجازەی ئوسولی دامەزراون، یان بە رەزامەندی لایەنێکی فەرمی دامەزراون، ئەوانە لادەبرێن، ئەگەر بەر لە جێ بەجێ کردنی رێگایەکە دامەزرابن، یان دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی دوای قەرەبووەکەی، ئەگەر کاریگەریەکی خراپی لە رووی هونەریەوە کرد بێتە سەر رێگایەکەو سەر سەلامەتی هاتوچۆ، لە قەرەبوو کردنەوەکەشدا ئەمانەی خوارەوە رەچاو دەکرێن:**

**1- تەنیا قەرەبووی تازە دامەزراوەکان دەکرێت.**

**2- قەرەبووەکە لە بەرواری پێدانی ئیجازەکەیەوە، یان لە بەرواری دەرچوونی رەزامەندیەکەوە، یان لە بەرواری پێدانی ئیزنی دامەزراندنی دامەزراوەکانەوە، یان لە بەرواری لادانی دامەزراوەکانەوە، کامیان بۆ هاوولاتیەکە باشتر بوو، لەو بەروارەوە دەخەملێنرێت، دەنا لەکاتی پشکنین و خەملاندنەکەوە کرێی هاوشێوە چەند بوو بێت وەکو خۆی دیاری دەکرێت، مەگەر رێکەوتنێکی پێچەوانەی ئەوە هەبوو بێت.**

**3- بڕی قەرەبووەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی ئیداری و ئەندامێتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەت و وەزارەتی دارایی و دایەرەی تۆماری عەقاری یەکە ئیداریەکەو یەك لە خاوەن ئەزموونەکانی عەقارەکانی دەوڵەتەوە دەخەملێنرێت.**

**4- چ وەزارەتەکەو، چ پەیوەندیدارەکە بۆیان هەیە ناڕەزایی لە بڕی قەرەبووەکە لەبەردەم دادگای سەرەتایی تایبەت بە جێگای دامەزراوەکە لە ماوەی (30) رۆژدا لە بەرواری دەرچوونی بڕیاری قەرەبووەکەوە**

دەربڕن، بڕیاری دادگایەکەش بە سیفەتی پێداچوونەوە دەکەوێتە ژێر کێفی تانە لێدانەوە لەبەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەدا.

5- قەرەبووەکەو خەرج و مەسرەف و کرێکانی لە ڕێی ئەو دادگایەوە دەدرێت، کە تایبەت بە جێگەی پرۆژەکە، لەو پارەیەش دەدرێت کە وەزارەتەکە بۆ ئەو مەبەستە دایناوە، پارەکەش بەپێی یاسا بە خاوەن مافەکان دەدرێت.

شەشەم: ئەو تازە دامەزراوانەی کە بە پێ درێژی دامەزراون، دوای جێ بەجێ کردنی ڕێگایەکە، یان دوای دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی، بەپێی یاسا لا دەبرێن، لابردنەکەش لەلایەن ئەو یەکە ئیدارەیەوە دەکرێت کە تازە دامەزراوەکە دەکەوێتە ناو پارچە جوگرافیاییەکەی و لەسەر حسابی پێ درێژ کارەکەش دەکرێت، ئەویش لە ماوەی (90) نەوەد ڕۆژدا لە بەرواری پێ ڕاگەیاندنی بەپێ درێژییەکەی.

حەوتەم: وەزارەتەکە بۆی هەیە ڕەزامەندی لەسەر ئەمانەی خوارەوە بدات:

1- بەکارهێنانی بەشێك لە قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکە بۆ دامەزراندنی دامەزراوە گەلی گەشتوگوزار، یان خزمەتگوزاری ڕێگایەکە، یان بۆ چاندن و زراعەتی وەرزی، یان بۆ زراعەتی ئەو شتانەی کە ڕێگایەکە بپارێزن و ژینگەکەش چاکتر بکەن، یان بۆ ڕاکێشانی قابلۆ، یان بۆ دانانی کۆڵەکەی کارەبا، یان بۆ پرۆژەگەلی ئاو، یان بۆ پرۆژەگەلی دیکەی حکومەت، بەمەرجێك لەگەڵ پێداویستە هونەریەکانی ڕێگەکەدا هاو دژ نەبێت و زیان بە سەلامەتی هاتوچۆی نەگەیەنێت.

2- هێشتنەوەی ئەو باخانەی دەکەونە سەر قەدەغە کراوەکانی ڕێگایەکە، ئەگەر مانەوەیان کار نەکاتە سەر لایەنی هونەری و سەلامەتی هاتوچۆی سەر ڕێگایەکە، بە مەرجێك پەرژین بکرێن بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەسەر حیسابی خاوەنەکانیان.

3- هێشتنەوەی تازە دامەزراوەکان لە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانی ڕێگەکەدا، لەو ڕێگایانەدا کە بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە جێ بەجێ کراون بە مەرجێ مانەوەیان هاودژ نەبێت، لەگەڵ پێداویستیە هونەریەکانی ڕێگایەکەو سەلامەتی هاتوچۆی سەر ڕێگایەکە، بەم جۆرەی خوارەوە:

أ- هێشتنەوەی پارچەکانی ئەو بینایانەی کە لە (10) دە مەتر قووڵتر نین، ئەگەر لابردنیان زیان بە هەموو بینایەکە بگەیەنێت.

ب- کۆڵەکەکانی کارەباو تەلەفۆن، قابلۆکانی میحوەری هێڵی شەمەندەفەرو کەناڵەکان و دامەزراوەکانی پشتەوەی.

ج- بیناو دامەزراوەکانی دایەرەکانی دەوڵەت و خانەکانی پەرستش و گۆڕستانەکان.

هەشتەم: دامەزراو و پرۆژەگەلی ڕەنێوهێن بەرهەمهێنارەکان (الانتاجیة) مۆڵکی هەر کەسێك و لایەنێك بن، لە حوکمەکانی بەندی شەشەمی ئەم ماددەیە دەبوردرێن و دەمێننەوە تا تەمەنی ڕەنێوهێنانیان بەسەر دەچێ، بە مەرجێ هێڵی ڕەنێو هێنانی تازەیان بۆ زیاد نەکرێت، ئەوانە دوای بەسەرچوونی تەمەنی وەبەرهێنانیان لا دەبرێن، لەسەر حسابی ئەو لایەنەی کە خاوەنیانەو هیچ قەرەبوویەکیشیان ناکەوێت.

نۆیەم: بینایەو دامەزراو و خزمەتگوزاری دیکەی پێویست بۆ خزمەتکردنی ڕێگا گشتیەکان بە ئیجازەی وەزارەت و بە هاودەنگی پارێزگای پەیوەندیدار دادەمەزرێن بەپێی ئەو ڕشتەیەی کە پارێزگاکە دایدەنێ و بەو چۆنێتیەی کە خۆی دەیەوێت، لەو جێگایانەدا کە خۆی لە چوارچێوەی دەرەوە، یان ناوەوەی قەدەغەکراوەکەدا دیاری دەکات، پێویستیشە لەسەر وەزارەت کە ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەربچوێنێت.

دەیەم: ناشێ هیچ بینایە، یان دامەزراو، یان هیچ تازە دامەزراوێك دابمەزرێت کە بەکارهێنانیان مەترسی، یان بێزار کردن، یان کاریگەریەکی خراپی بۆ سەر ژینگەی ڕێگاکە، یان بۆ سەر بەکارهێنەرەکانی بەهۆی دووکەڵ، یان هەڵم، یان غاز، یان تۆز، یان بۆنی زیانبەخش، یان شتی لەو جۆرە بابەتانەیان لێ بکەوێتەوە، تەنیا لەو جێگایانەدا نەبێت کە لە کەمی (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە قەدەغە کراوی سنووری ڕێگای هاتوچۆی خێراو ڕێگا سەرەکیەکان، ڕێگاش دەدرێت بە خاوەنی پارچە کشتوکاڵیەکان کە خانوویەکی نیشتەجێ بوون بۆ خۆیان دروست بکەن بەپێی یاسا، بە مەرجێ پەرژینی دەرەوەی خانووەکە لە کەمی (25) بیست و پێنج مەتر دوور بێت لە سنووری حەرام کراوی ڕێگەکەوەو یەکسەر بە ڕێگە گشتیەکەوە نەبەسترێت، بەڵکو بە ڕێگەکانی خزمەتگوزاریەوە ببەسترێت، کە لەگەڵ ڕێگا خێراکەدا هاوتەریبن، یان بەو ڕێگایانەوە ببەسترێت کە لە ناوچەکەدا هەن.

یازدەیەم: ڕێگای گوندەکان و ڕێگا کشتوکاڵیەکان لە حوکمەکانی بەندی دەیەمی ئەم ماددەیە دەبووردرێن، پرۆژە زراعی و کێڵگەکانی پەلەوەرو تروکانی هێلکەو هاوشێوەکانیان نەبێت کە ڕێگە بە دامەزراندیان نادرێت، ئەگەر لەو جێگایانەدا نەبێت کە ماوەی کەمتر نەبێت لە (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە سنووری قەدەغەکراوەکانی ڕێگایەکەوە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی پێنجەم

## سەنگی قورساییە میحوەریەکانی ئۆتۆمبیلەکان

ماددەی (9):

قورساییە میحوەریەکانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکار دەهێنن بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن کە وەزارەتەکە دەری دەچووێنێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاو دەکرێتەوە، وەزارەتەکە بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی سەر بە دایەرەکانی دەوڵەت و ئۆتۆمبیلەکانی هێزی چەکدارو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئۆتۆمبیلەکانی بەکارهێنراو لە باری تایبەتدا، لەو کێشانە (وزن) ببووریت.

ماددەی (10):

یەکەم: وەزارەتەکە بەهاودەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆدا دیار کردنی جێگاکانی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی، پێویستە لەسەر وەزارەتەکە بینایەو گۆڕەپانی لە باریان بۆ دابین بکات لەگەڵ فەراهەم کردنی جیهازی کێشان و پاراستنیان.

**دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆو وەزارەت، وەرگرتن و هەڵسووڕاندن و ئیدارەی وێستگەكانی كێشان دەخەنە ئەستۆی خۆیان و سەپاندنی سزاش بە هاودەنگی لەگەڵ پێكهاتەكانی وەزارەتی ناوخۆدا، بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، بەسەر سەرپێچیكاراندا دەسەپێنرێت.**

**سێیەم: وەزارەت مافی ئەوەی هەیە ئەرك و فەرمانی ئیدارەو بەكارخستنی وێستگەكانی كێشان، كە ئیشی خۆیەتی هەواڵە بكات بۆ كەرتی تایبەت بەپێی رێنمایی گەلێك كە وەزارەتەكە خۆی دەری دەچوێنێت بۆ ئەم مەبەستە لەبەر رۆشنایی حوكمەكانی ئەم یاسایەدا.**

**چوارەم: هەموو وێستگەكانی كێشان كە دەكەونە دەست كەرتی تایبەت، دەكەونە ژێر ركێفی ئەو رێنمایی و بەندو بەستەوە (الضوابط) كە وەزارەت دەریان دەچوێنێت بۆ ئەم مەبەستە، بە مەرجێ لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا هاودژ نەبێ.**

## بەشی شەشەم

## سزاكان

**ماددەی (11):**

**بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (500000) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت هەر كەسێك:**

**یەكەم: زیانێكی ئەوتۆ بە رێگا گشتیەكان بگەیەنێت ببێتە مایەی گرتنی هاتوچۆو ببێتە مایەی مەترسی لەسەر بەكارهێنەری رێگایەكە.**

**دووەم: ئاگادار كردنەوە بەرۆژو رووناك كردنەوە بەشەو بخاتە پشتگوێ لەو جێگایانەدا كە كاری هەڵكەندنی تێدا دەكرێت، یان لەسەر رێگە گشتیەكان ماددە گەلێك دانرابن.**

**سێیەم: بەكارهێنانی رێگە گشتیەكان بۆ غەیری ئەو مەبەستانەی كە بۆیان دانراون، یان بۆ گواستنەوەی ئەو بارانەی كە ئەگەر بكەون مەترسی لە رێگاكەدا دەخەنەوە، پێشبینی پێویستی بۆ پاراستنی بەكارهێنەرانی رێگەكە نەبوو بێت.**

**چوارەم: سەرپێچی لە رێساكانی بەكارهێنانی رێگا خێرایەكان كرد بێت، كە لەلایەن دایەرە تایبەتمەندەكانەوە راگەیەنراون.**

**ماددەی (12):**

**بە غەرامەیەك سزا دەدرێت كەمتر نەبێت لە (300000) سێ سەد هەزار دینارو زیاتر نەبێت لە (750000) حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار هەر كەسێك:**

**یەكەم: بەهەڵكەندن، یان بە بەكارهێنانی بێ ئیجازە، یان بە دروست كردنی بینای رەفتەنی، یان هەمیشەیی پێی درێژ كرد بێتە سەر قەدەغەكراوەكانی (رێگا گشتیەكان) سەرباری ئەو غەرامەیەش ئەرك و مەسرەفی لابردنی ئەو پێ درێژیەی دەكەوێتە سەر.**

دووەم: بووبێتـە هـۆی پەکخسـتنی هاتوچـۆ لەسـەر (رێگـا گشـتیەکان) لـە دەرەوەی سـنووری سـەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی.

سێیەم: نیشانەیەکی هاتوچۆ، یان زیاتری هەڵکێشا بێت، یان پەرژینی ئەمانەتی لادا بێت، یان پەرژینی تەل کـردی لادابێـت، یـان ئاوبارەکـانی تێکـدا بێـت، یـان پردەکـانی شـێواند بێـت، یـان زیـانی پێگەیانـد بـن، یـان جێگەکانی گۆڕی بن، یان ئاراستە کردنی وەرگەڕاند بن.

چـوارەم: کارکـەرانی وەزارەتەکـەی، یـان لایەنـە گرێبەسـتەکانی لـە جـێ بـەجێ کردنـی ئەرکـەکانی خۆیـان قەدەغە کرد بێ، یان هاتوچۆیانی وەگیر هێنا بێت.

پێنجەم:

1- سەرپێچی لە حوکمەکانی ماددەی (8)ی ئەم یاسایە کرد بێت.

2- سەرپێچی لە حوکمەکانی رێنماییەکان، یان لەو بەیاننامانە کرد بێت کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسـایە دەرچوو بن.

ماددەی (13):

ئەگەر ئەو سەرپێچیە لە حوکمەکانی (11 و 12)ی ئەم یاسایە، تـاوانێکی لـێ بکەوێتـەوە، سـزاکەی بـەپێی یاسایەکی تر قورستر بێت، ئەوە لەو بارەدا دەقی یاسا قورسترەکەی بەسەردا دەسەپێنرێت.

ماددەی (14):

ئەو سـزایانەی کـە دەقـەکانیان لـەم بەشـەدا هـاتوون، مـافی وەزارەتەکـە پـووچ ناکەنـەوە، بـەڵکو وەزارەتەکـە سەرباری ئەوانەش مافی داوا کردنی قەرەبووی هەیە لەو زیانانەی کە تووشی دەبـن لـە ئـەنجامی سەرپێچـی کردن، یان پێ درێژ کردن کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێدراوە.

ماددەی (15):

یەکەم: لێخور، یان خاوەنی ئەو ئۆتۆمبیلەی کە سەرپێچی لە کێشـانەکانی سـەنگە میحوەریـەکان دەکـات بـە غەرامەیەکی دارایی سزا دەدرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- لە هەر بارێکی زیـادە (5000) پێـنج هـەزار دینـار لـە هـەر (100) سـەد کیلـۆغرام غەرامـە دەکـرێ تـا دەگاتە یەك تەن لەو بارە زیادەیە.

2- لە هەر بارێکی زیادە (10000) دە هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆغرام غەرامە دەکرێ تـا چـوار تەن لەو بارە زیادەیە.

3- لەهەر بارێکی زیادە (15000) پازدە هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆغرام غرامە دەکرێت ئەگـەر بارە زیادەکەی لە چوار تەن زیاتر بێت، تا دەگاتە هەشت تەن لەو بارە زیادەیە.

دووەم: ئەو ئۆتۆمبیلەی سەرپێچی لە کێشانی قورساییە میحوەریەکان دەکات دەسـتی بەسـەردا دەگیرێـت تـا ئـەو کاتـەی بـارە زیادەکـەی بـەتاڵ دەکرێـت و دەگوازرێتـەوە بـۆ دەرەوەی وێسـتگەی کێشـانەکەی لەسـەر

مەسرەفی سەرپێچکارەکە، ئەگەر بارەکە لەو سنووره بترازێت کە لە بەندی سێیەمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (14)ی سەرەوەدا هاتووه.

سێیەم: کرێی زەویانە بەبڕی (20000) بیست هەزار دینار لە هەر شەوێك وەردەگیرێت کە ئۆتۆمبیلەکە بە دەست بەسەرداگیراوی لە گۆڕەپانی دەست بەسەردا گرتنەکەدا دەمێنێتەوە، ئەوەش لە بەرواری سەرپێچی کردنەکەوە حساب دەکرێت.

ماددەی (16):

یەکەم: کارمەندانی هاتوچۆ ئەوانەیان کە تەرخان کراون بۆ ئیش کردن لە وێستگەی کێشانەکە دەسەلاتی سەپاندنی غەرامەو دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلی زیادە باریان پێ دەدرێت بەپێی حوکمەکانی ماددەی (14)ی ئەم یاسایە، بڕیارەکانیشیان لەم رووەوە بنبڕ دەبێت.

دووەم: خوێندنەوەی پێوانی کێشەکە (سەنگەکە) پێڕەو دەکرێت، کە بەلگەی چەسپاوە بۆ مەبەستی سەپاندنی سزایەکە بەسەر سەرپێچی کارەکەدا.

سێیەم: لە حالەتێکدا ئەگەر ئەو غەرامەیەی لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هاتووه، لە ماوەی (15) رۆژدا لە بەرواری سەرپێچیەکەوە نەدرێت، ئەوا لێخور، یان خاوەنی ئۆتۆمبیلە سەرپێچی کارەکە سزا دەدرێت بە حەپس کردن بۆ ماوەیەك لە (3) سێ مانگ کەمتر نەبێ و لە (6) شەش مانگ زیاتر نەبێت.

چوارەم: لێخوری ئۆتۆمبیلەکە، یان خاوەنەکەی ئەگەر لە کرداری کێشانەکە خۆی بشارێتەوە، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (400000) لە چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بەبێ لادان لە حوکمەکانی بەندی یەکەم لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایە.

ماددەی (17): ئەگەر سەلما کە یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی وەگەڕخستنی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان کە لە برگەی (2)ی ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایەدا هاتووه دەستکاریی کێشی لۆریەکانی کردەوە، ئەوە سزا دەدرێت بەپێی ماددەی (307) لە یاسای ژمارە (111)ی سالی 1969.

ماددەی (18): یەکەم: ئەو لایەنەی کە دەسەلاتی دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلەکەی پێدراوە هیچ بەرپرسیاریەکی ناکەوێتە سەر لەو زیانانەی کە تووشی کوتالە بارکراوەکان دەبن و لەوانەیە خراپ ببن.

دووەم: حوکمەکانی یاسای دەستکاری کردنی ئۆتۆمبیلە دەست بەسەرداگیراو و جێهێلراوەکانی ژمارە (8)ی سالی 1987 بەسەر ئەو ئۆتۆمبیلە سەرپێچیکارانەدا دەسەپێنرێت کە لە گۆڕەپانی وێستگەکانی کێشاندا جێ دەهێلرێن.

سێیەم: ئەو کوتالانەی کە لە کێشی بڕیاردراو زیادەن و سەرپێچیکارەکان بە جێیان دەهێلن، وەزارەتەکە بە موزایەدەی ئاشکرا دەیانفرۆشێت بەپێی رێسا گەلێك کە وەزارەتەکە دایدەنێت بەدەر لە حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان (القوانين النافذة).

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 17\4\2012

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)

## سێ شەممە رێكەوتی 2012/4/17

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2012/4/17 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەم, سالْی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی سالْی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی سێیەمی هەلْبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2012/4/17 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای ڕێگا گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان- **بەڕێز**

**د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان. دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان خولی سێیەمی هەلْبژاردن، سالْی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن(9) ڕۆژی دانیشتن 2012/4/17.

بەرنامەی كار:

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1) ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (9) ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لەکات (11) پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی 2012/4/17 بەم شێوەیە بێ:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای ڕێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.**

**بەڕێزان ئێوە خۆتان دەزانن دوێنێ ئەم دانیشتنەمان دواخست بۆ ئەمڕۆ، بۆ ئەوەی جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە لێرەبێ، ئێستا ئەویش هاتووە بەخێر هاتنی دەکەین، هەروەها بەخێر هاتنی (مامۆستا سعد) دەکەین، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لەکاتی گفتوگۆکانمان ئەوانیش ئامادەبن و تێبینی و مولاحەزەکانی خۆیان بڵێن، بەلاّم ئێستا بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ناوی غائیب و موجازەکان دەخوێنێتەوە با بفەرمووێ.**

**بەڕێز د.حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە(8) ی ئاسایی لە 2012/4/16 ئیجازە بوون یان غائیب بوون، ئەمانەن:**

1- بەڕێز د.ئاراس حسین ئیفاد
2- بەڕێز خورشید احمد سلیم ئیفاد
3- بەڕێز جلال عبداللە ئیفاد
4- بەڕێز سمیر سلیم ئیفاد
5- بەڕێز عدنان عثمان ئیفاد
6- بەڕێز عمر صدیق ئیفاد
7- بەڕێز برهان رشید مجاز
8- بەڕێز د.تارا عبدالرزاق م
9- بەڕێز عونی کمال بەزاز م
10-بەڕێز گەشە دارا م
11-بەڕێز یشار نجم الدین م
12-بەڕێز تارا تحسین یاسین م
13-بەڕێز اسماعیل سعید م

14-بەڕێز حازم تحسین غائیب

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەین، بفەرموون بۆ شوێنی لیژنەکان بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆی ئەو پڕۆژە یاسایە بکەین، بەڕێزان دیارە ئێمە دوێنێ پڕۆژە یاسایەکەمان بە کوردی و بە عەرەبی خوێندەوە، خۆشبەختانە ڕاپۆرتی هاوبەش لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە تەنها یەك لاپەڕەیە، چونکە مەسەلەکە زیاتر مەسەلەیەکی ئیختیساسی و فەنیە، جا ئومێد دەکەین لە گفتوگۆ و شتەکان دیقەتی مەسائیلی فەنی و ئیختیساسی بکەن، فەرموون لیژنەی هاوبەش ماددە بە ماددە دەست پێ بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون الطرق العامة لاقليم كوردستان – العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

المادة (1): يقصد بالتعابير الاتية لاغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاءها:

اولاً: الوزارة: وزارة الاعمار والاسكان في اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً: الطريق العام: الممر المبلط او غير المبلط المخصص لمرور المركبات ويشمل ذلك محرم الطريق، وتحدد انواع الطرق العامة من سريعة ورئيسة وثانوية وغيرها ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

ثالثاً: طريق المرور السريع: الطريق العام المصمم والمشيد بصورة خاصة لمرور المركبات الذي لا يخدم الممتلكات المتاخمة له (مسيج) وتكون مجالات مرور المركبات فيه منفصلة ولا يتقاطع مع اي طريق او سكة قطار او اي مسار اخر او ممر مشاة في مستوى واحد، والذي يكون مصمما ومعلنا عنه كطريق سريع.

رابعاً: الجسر: منشأ من الخرسانة المسلحة او الحديد او كليهما يزيد فضاءه على (6) ستة امتار وقد يتكون من عدة فضاءات لنقل المرور بانواعه او الخدمات او كليهما عبر مجرى مائي او فتحة ويشمل مفهوم الجسر، الجسور العائمة المصممة والمنفذة بأية طريقة كانت وتعرفها الوزارة على انها جسور ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

خامساً: التقاطع: هو شبكة من الطرق المترابطة والمتقاطعة مع بعضها على مستوى واحد او اكثر يوفر انسياب المرور بين طريقين او كثر.

سادساً: النفق: طريق يمر تحت طريق اخر او سكة حديد او نهر او خليج او قناة او جبل او مرتفع مصمم ومشيد ومعلن عنه انه نفق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

سابعاً: القنطرة: مجرى مغلق ينقل الخدمات او الماء في قناة طبيعية او مجرى مائي طبيعي او اصطناعي من احد جانبي الطريق الى الجانب الاخر ولا يشمل ذلك الجسر.

ثامناً: المحرم: يشمل المحرم كل من:

1-طريق او جسر او قنطرة او تقاطع او نفق.

2-الاراضي المجاورة للطريق الممتدة مسافتها ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية.

تاسعاً: الاشغال المحورية: هو ثقل المركبة مضافاً اليه وزن الحمولة المنقولة المسلط على كل محور من محاور المركبة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون کوردیەکەی، ئەگەرچی کوردیەکەی، بەڕاستی تەرجەمەکەی باش نیە، هەر پێشم باشە عەرەبیەکەی بکەنە ئەساس، بەڵام هەر دەبێ بیخوێنینەوە کوردیەکە، بەڵام بەڕاستی تەرجەمەی کوردیەکەی خراپە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای رێگا گشتییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

ماددەی (1): مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: وەزارەت: وەزارەتی ئاوەنکردنەوەو نیشتەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: رێگای گشتی: ئەو رێگا قیرتاو کراوە، یان قیرتاو نەکراوەیە کە بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل تەرخان کراوە، کە قەدەغە کراوەکانی رێگایەکەش دەگرێتەوە، جۆرەکانی رێگا گشتییەکانیش بەخێراو سەرەکی و لابەلاکان و رێگاکانی لەو جۆرە بابەتانەشەوە بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن و لە رۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

سێیەم: رێگای هاتوچۆی خێرا: ئەو رێگا گشتیەیە کە بە تایبەت بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل داتاشراوەو دامەزراوەو خزمەت بە مۆڵکەکانی هاوشان و نزیکی خۆی ناکات، واتا (شوورەدارە)و هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی تێدا جیا کراوەتەوەو لەگەڵ هیچ رێگایەکی تر یان هێڵی شەمەندەفەر، یان ئاراستەیەکی تر، یان رێگای پیادەدا، لە هەمان ئاستدا یەکتر نابڕن و وەك رێگایەکی خێرا داتاشراوەو راگەیێنراوە.

چوارەم: پێل (پرد): بە کۆنکرێت، یان بە ئاسن، یان بە هەردووکیان دامەزراوەو پانتاییەکەشی لە (6) مەتر زیاترە، بەسەر ئاوەڕۆیەکەوە، یان لەسەر خرێك (فتحە) دادەمەزرێت، لەوانەشە لە چەندین پانتایی پێك هاتبێت بۆ هاتوچۆی جۆربەجۆر، یان بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزاری، یان هەردووکیان، چەمکی پرد ئەو پردە سەر ئاوەکەوتووانەش دەگرێتەوە کە بە هەر جۆرێك دارێژرابن و وەژێر کار خرابن، وەزارەتیش بە پرد پێناسەیان دەکات بە بەیاننامەیەك کە لە رۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

پێنجەم: یەكتربڕ: بریتییە لە تۆڕێك ڕێگای پێكەوە بەستراو و یەكتربڕ لەسەر هەمان ئاست، یان زیاتر، كە ڕێگای هاتوچۆ لەنێوان دوو ڕێگا، یان زیاتردا فەراهەم دەكات.

شەشەم: تونێل: ڕێگایەكە بە ژێر ڕێگایەكی تری وەك هێڵی شەمەندەرفەر، یان ڕووبار، یان كەنداو، یان كەناڵ، یان چیا، یان بەرزاییدا دەڕوات، ئەم ڕێگایە داتاشراوەو دامەزراوەو بە بەیاننامەیەك كە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەكرێتەوە بە تونێل پێناسە كراوەو ڕاگەیەنراوە.

حەوتەم: ئاوبارە (القنطرة): ئاوبارەیەكی داخراوەو خزمەتگوزاری، یان ئاو بە كەناڵێكی سروشتی، یان بە ئاوەڕۆیەكی سروشتی، یان دەستكرد لەلایەكی ڕێگاكەوە بۆ لایەكەی تری دەگوازێتەوەو پرد ناگرێتەوە.

هەشتەم: قەدەغەكراو، ئەمانە دەگرێتەوە:

1-ڕێگا، یان پرد، یان ئاوبارە، یان یەكتربڕ، یان تونێل.

2-زەویەكانی هاوشانی ڕێگایەكە دەگرێتەوە كە وەزارەت بە بەیاننامەیەك درێژی و پانییان دیار دەكات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەكرێتەوە.

نۆیەم: قورساییە محوەریەكان: بریتیە لە كێشی ئۆتۆمبێلەكەو بارەكەی كە هەڵی گرتووە، كێشی خستۆتە سەر هەموو محوەرێك لە محوەرەكانی ئۆتۆمبێلەكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕەئی لیژنەی هاوبەش لەسەر ماددەی یەك بیخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەك هیچ مولاحەزەیەكی وای تیا نیە، بەلاّم لە دێری دووەمی پێشەكی پڕۆژە یاساكەدا، دەستەواژەی مەجلسی وەتەنی كوردستانی عیراق هاتووە، پێمان وایە بكرێتە پەرلەمانی كوردستانی عیراق.

دووەم: لە بڕگەی (9) ماددەی (1) وشەی (الاشغال) بكرێتە (الاثقال) هەڵەیەكی زمانەوانیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە (كاك ئاسۆ، كاك شڤان، كاك فاضل، بەفرین خان، د.احمد) فەرموو كاك ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (7) ی ئەو ماددەیە، كە باس لە قەنتەرە دەكات، دەڵێ (مجرا مغلق الخ) من لێرە بەڕاستی ئیستیفسارە، بە بڕوای من ڕەنگە مەبەستی داپۆشراو بێ، نەوەك مغلق، یەعنی مغلق نابێ لێرە مەجرا، برای بەڕێزمان وەزیر لێرەدانیشتوەو موهەندسە و دەزانێ نابێ مەجرا موغلەق بێ، بەڵكو

مەبەستی ئەوەیە داپۆشراو بێ، دەكرێ مەجرا....، بەلاّم بەنیسبەت ئەم قانونە، تەنیا داپپۆشرێت، موغلەق نابێ، هەر ئەوەیە، ئەوەم هەبوو بابلّێین ئەو شتەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولاحەزەیەكی شكلیم هەیە، لە چەند بڕگەیەك تكرار بۆتەوە، بە بەیاننامەیەك لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەكرێتەوە، چەند جارێك تكرار بۆتەوە، پێم باشە بڕگەیەك بێ لە بڕگەكان، بڕگەی فلان و فلان و فلانی بلاّو دەكرێتەوە لە ڕۆژنامەی وەقائیعدا، بەو شێوەیە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی) فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەقیقەت من مولاحەزەم لە بڕگەی (2) ئەو ماددەی (1) دا هەیە، كە باسی ڕێگا ڤیرتاوەكان دەكات، بۆ هاتو چۆی سەیارەی سورعەتەكان، مولاحەزەكەی من لەسەر ئەوەیە بەڕاستی بە عامی ڕێگاكانی ئێمە، ئەو كێشەی هەیە، كە وزیری ئاوەدانكردنەوە جەنابی لێرەیە، ڕێگەی تر نیە لە غەیرە ڤیرەكان بۆ ئەو...، ئەوەی كە زۆر حادیسە لە ڕێگاكانی ئێمە دروست دەكات بەڕاستی، تراكتۆرە، یەعنی ڕێگەی تر نیە بۆ هاتوچۆی غەیری سەیارەی سورعەت لە ڕێگاكان هاتوچۆ بكات، ئەمە لایەنێك، لایەنی دووەم، كە عیلاقەی بە وەزارەتی هاتوچۆوە هەیە، شارەوانی و مرورەوە هەیە، بە هەقیقەت ڕێنمای وەكو پێویست نیە لە ڕێگەكان، یەعنی ئەم دوو حالّەتە كێشەو كارەساتی زۆر گەورە، ڕۆژانەش لە ڕێگەكان ئەبینین كە دروستی دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئەم ماددەیە زیاتر ماددەی تەعریفە، پێناسە كردنە، فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە یاساكە خۆی یاسای ڕێگا گشتیەكانە بۆ هەرێمی كوردستان، پێم باشە لەناو زاراوەكان پێناسەش بۆ هەرێم دابندرێت، وێڕای ئەوەی لەناو یاساكە وشەی كوردستان هاتووە، بەلاّم باشتر وایە ناوی هەرێمیش ئیزافە بكرێ، جگە لەوەش هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی زۆر دووبارە بۆتەوە لەناو یاسایەكە، باشتر وایە ئەوانیش بێنە پێناسە كردن لە زاراوەكان، جگە لەوەش باس لە لیژنەیەك یان دەستەیەك دەكات لەناو پرۆژەكە، چەند جارێكیش باسی ئەكات، هەم بە دەستە ناوی هاتووە، هەمیش بە لیژنە ناوی هاتووە،

ئەویش هەر باشتر وایە ببێتە پێناسە کردن لە زاراوەکان، جگە لەوەش پشتگیری لە هاوکارم کاك شڤان دەکەم، زۆر باسی ڕۆژنامە ئەکات لەناو برگەو ماددەکان، باس ئەکرێت، باشتر وایە هەمووی هەڵبگیرێت و لە یەك برگە، یان لەناو یەك مادده کۆ بکرێتەوە، یەعنی ئەوەندە باس نەهێڵدرێت، فلاْنە شت لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاْو دە کرێتەوە، فلاْنە شت لەوە بلاْو دەکرێتەوە، بەڵکو بەیەکجار بهێندرێت ناوەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم ومرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشی یەکەم بریتیە لە پێناسەکان، لە برگەی یەکەم، هاتووە ئەڵێ وەزارەت، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان، من پێم باشە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردنی هەرێمی کوردستان بێ، نەوەك لە هەرێمی کوردستان، کە عەرەبیەکە دەڵێ ( فی اقلیم کوردستان) چونکە خۆی یاساکە یاسای ڕێگا گشتیەکانی هەرێمی کوردستانە، نەوەك یاسا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێم باشە (لە هەرێمی کوردستان) ببێت (بە هەرێمی کوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بەو تێبینیانەی کە کرا، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر مەجراکە تەنها ئەوەندە ڕوون کردنەوەیەك بدەم، کە ئەڵێین مەجرا مغلق، مەجرا مغلق مەبەستمان لەوەیە کە بۆ ڕێڕەوی سەیارە، بۆ هاتووچۆی سەیارە بەکارنەهێندرێت، ئەو تەعریفە لە هینی عیراقیش وایە، ئەوە تەعریفێکی عامە، بۆ قەنتەرە بەکاردەهێندرێت، لەویانە ئەڵێت بەس بۆ تێپەڕ بوونی ئاو ئەو وەزیفانەی کە دیاری کردووە، بۆیە دەڵێ مەجرا موغلەق، هەر بە موغلەق بەکاردێت لە تەعریفەکەی عیراقیش، لەو تەعریفانەی تریش کە ڕێگا دەولیەکانی تیا بەکاردەهێندرێت، کە ئەڵێی مەجرا موغلەق بە مانای ئەوەیە کە بۆ ڕۆیشتنی سەیارەو ئەوانە نابێ، ئیلا ئەو وەزیفانە نەبێ کە دیاری کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بێگومان ئەگەر موغلەق بە موفرەدی وەری بگری، یەعنی داخراو، بەلاّم لە سیاقی پێناسەی قەنتەرەکە یەعنی داپۆشراو، چونکە فەرق بۆ ئەوەی کە جیاوازی بکەی لەگەڵ پرد، پرد یەعنی مەفتوحە بەژێریا ئەڕۆی بەسەریشیدا ئەتوانی بڕۆی، بەس ئەم موغلەقە یەعنی بە ژێریا، بەکار ناهێندرێت بۆ سەیارە، ئەوە مەبەستەکەیە، ڕاستە وەکو وشە موغلەق ماناکەی جیایە، ئەتوانیٚ بشی گۆڕیٚ ئاساییە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش فەرموون دوا سیاغەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت باقی مولاحەزاتەکانی تر کە باسی لەسەر کرا، وەزارەتەکانی تری تیابیٚ، و تەعریف بکریٚ، وەزارەتەکان خۆیان موعەرەفن هەر وەزارەتەو ئاشکرایە کە ئەڵێی وەزارەتی داخلی، وەزارەتی ناوخۆ....، بیخوێنەوە فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (1):**

**يقصد بالتعابير الاتية لاغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاءها:**

**اولاً: الوزارة: وزارة الاعمار والاسكان في اقليم كوردستان – العراق.**

**ثانياً: الطريق العام: الممر المبلط او غير المبلط المخصص لمرور المركبات ويشمل ذلك محرم الطريق، وتحدد انواع الطرق العامة من سريعة ورئيسة وثانوية وغيرها ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**ثالثاً: طريق المرور السريع: الطريق العام المصمم والمشيد بصورة خاصة لمرور المركبات الذي لا يخدم الممتلكات المتاخمة له (مسيج) وتكون مجالات مرور المركبات فيه منفصلة ولا يتقاطع مع اي طريق او سكة قطار او اي مسار اخر او ممر مشاة في مستوى واحد، والذي يكون مصمما ومعلنا عنه كطريق سريع.**

**رابعاً: الجسر: منشأ من الخرسانة المسلحة او الحديد او كليهما يزيد فضاءه على (6) ستة امتار وقد يتكون من عدة فضاءات لنقل المرور بانواعه او الخدمات او كليهما عبر مجرى مائي او فتحة ويشمل مفهوم الجسر، الجسور العائمة المصممة والمنفذة بأية طريقة كانت وتعرفها الوزارة على انها جسور ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**خامساً: التقاطع: هو شبكة من الطرق المترابطة والمتقاطعة مع بعضها على مستوى واحد او اكثر يوفر انسياب المرور بين طريقين او اكثر.**

**سادساً: النفق: طريق يمر تحت طريق اخر او سكة حديد او نهر او خليج او قناة او جبل او مرتفع مصمم ومشيد ومعلن عنه انه نفق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

سابعاً: القنطرة: مجرى مغلق ينقل الخدمات او الماء في قناة طبيعية او مجرى مائي طبيعي او اصطناعي من احد جانبي الطريق الى الجانب الاخر ولا يشمل ذلك الجسر.

ثامناً: المحرم: يشمل المحرم كل من:

1-طريق او جسر او قنطرة او تقاطع او نفق.

2-الاراضي المجاورة للطريق الممتدة مسافتها ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية.

تاسعاً: الاثقال المحورية: هو ثقل المركبة مضافاً اليه وزن الحمولة المنقولة المسلط على كل محور من محاور المركبة.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (1):

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناكانی بەرامبەریانە:

یەكەم: وەزارەت: وەزارەتی ئاوەنكردنەوەو نیشتەجێ كردن لە هەرێمی كوردستان.

دووەم: رێگای گشتی: ئەو رێگا ڤیرتاو كراوە، یان ڤیرتاو نەكراوەیە كە بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل تەرخان كراوە، كە قەدەغە كراوەكانی رێگایەكەش دەگرێتەوە، جۆرەكانی رێگا گشتییەكانیش بەخێراو سەرەكی و لابەلاكان و رێگاكانی لەو جۆرە بابەتانەشەوە بە بەیاننامەیەك دیار دەكرێن و لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاۆ دەكرێتەوە.

سێیەم: رێگای هاتوچۆی خێرا: ئەو رێگا گشتیەیە كە بە تایبەت بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل داتاشراوەو دامەزراوەو خزمەت بە مۆڵكەكانی هاوشان و نزیكی خۆی ناكات، واتا (شوورەدارە)و هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی تێدا جیا كراوەتەوەو لەگەڵ هیچ رێگایەكی تر یان هێڵی شەمەندەفەر، یان ئاراستەیەكی تر، یان رێگای پیادەدا، لە هەمان ئاستدا یەكتر نابڕن و وەك رێگایەكی خێرا داتاشراوەو راگەیێنراوە.

چوارەم: پێل (پرد): بە كۆنكرێت، یان بە ئاسن، یان بە هەردووكیان دامەزراوەو پانتاییەكەشی لە (6) مەتر زیاترە، بەسەر ئاوەڕۆیەكەوە، یان لەسەر خرێك (فتحە) دادەمەزرێت، لەوانەشە لە چەندین پانتایی پێك هاتبێت بۆ هاتوچۆی جۆربەجۆر، یان بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزاری، یان هەردووكیان، چەمكی پرد ئەو پردە سەر ئاوەكەوتووانەش دەگرێتەوە كە بە هەر جۆرێك دارێژرابن و وەژێر كار خرابن، وەزارەتیش بە پرد پێناسەیان دەكات بە بەیاننامەیەك كە لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاۆ دەكرێتەوە.

پێنجەم: یەكتربڕ: بریتییە لە تۆڕێك رێگای پێكەوە بەستراو و یەكتربڕ لەسەر هەمان ئاست، یان زیاتر، كە رێگای هاتوچۆ لەنێوان دوو رێگا، یان زیاتردا فەراهەم دەكات.

شەشەم: تونێل: رێگایەكە بە ژێر رێگایەكی تری وەك هێڵی شەمەندەرفەر، یان رووبار، یان كەنداو، یان كەناڵ، یان چیا، یان بەرزاییدا دەڕوات، ئەم رێگایە داتاشراوەو دامەزراوەو بە بەیاننامەیەك كە لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاۆ دەكرێتەوە بە تونێل پێناسە كراوەو راگەیەنراوە.

حەوتەم: ئاوبارە (القنطرة): ئاوبارەیەکی داخراوەو خزمەتگوزاری، یان ئاو بە کەناڵێکی سروشتی، یان بە ئاوەڕۆیەکی سروشتی، یان دەستکرد لەلایەکی ڕێگاکەوە بۆ لایەکەی تری دەگوازێتەوەو پرد ناگرێتەوە.

هەشتەم: قەدەغەکراو، ئەمانە دەگرێتەوە:

1-ڕێگا، یان پرد، یان ئاوبارە، یان یەکتربڕ، یان تونێل.

2-زەویەکانی هاوشانی ڕێگایەکە دەگرێتەوە کە وەزارەت بە بەیاننامەیەك درێژی و پانییان دیار دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

نۆیەم: قورساییە محوەریەکان: بریتیە لە کێشی ئۆتۆمبێلەکەو بارەکەی کە بەهەموو لایەکی مەرکەبەکەدا قورسایی دەخاتە سەری.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**اهداف القانون ونطاق سريانه**

المادة (2):

يهدف هذا القانون الى ما يأتي:

اولاً: الحفاظ على سلامة الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق وصيانتها ومنع التجاوز عليها.

ثانياً: تحديد محرمات الطرق العامة الجسور والتقاطعات والانفاق وتنظيم استعمالها.

ثالثاً: تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطرق العامة وسرعها وابعادها.

رابعاً: تسهيل اجراءات وضع اليد على الاراضي التي تمر بها الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق واستملاكها وتنظيم اجراءات تقدير توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات وكيفية التعويض عنها.

خامساً: تنظيم ومنح اجازة بناء المنشأت التي تخدم الطرق العامة وتحديد ابعادها عن تلك الطرق.

سادساً: منح الموافقة على المشاريع الاخرى خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەشی دووەم**

**ئامانجەکانی ئەم یاسایەو مەودای حوکمەکانی**

ماددەی (2):

ئامانجی ئەم یاسایە، ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: پاراستنی سەلامەتیی ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلەکان و هێشتنەوەیان و نەهێشتنی پا درێژی لەسەریان.

دووەم: دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و پردو تونێلەکان و ڕێکخستنی بەکارهێنانیان.

سێیەم: دیار کردنی قورسایی بارو بارگەکان و خێرایی مەودای ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکاردەهێنن.

چوارەم: ئاسان کردنی ڕێکاری دەستبەسەر داگرتنی ئەو زەویانەی کە ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلیان پێدا دەڕوات، هەروەها بە موڵکردنی ئەو زەویانەو ڕێکخستنی ڕێکاری خەملاندنی بەشەکانی تری وەك دامەزراوو چێنراو و زەرعەت و چۆنیەتی قەرەبوو کردنەوەیان.

پێنجەم: ڕێکخستن و ئیجازە پێدانی بنیادنانی ئەو دامەزراوانەی کە خزمەت بە ڕێگا گشتیەکان دەکەن و دیار کردنی دوورایییان لەو ڕێگایانەوە.

شەشەم: موافەقەت کردنی لەسەر پرۆژەکانی تری دەرەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم/ لە ماددەی دووەم بڕگەیەك بە زنجیرەی حەوتەم زیاد بکرێت و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

سابعاً: تنظیم ومنح اجازات وضع ونصب وسائل الدعاية والاعلان على الطرق العامة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، لە دواوە ناوەکانتان بڵێن، محمد شارەزووری، پێشەوا، صباح بیت الله، سەردار رشید، فرست احمد، ئەم بەڕێزانە نا ویان نووسراوە، فەرموو کاك محمد شارەزووری.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پێشنیاری ئەوە دەکەم هەردوو بڕگەی (1) و (3) ماناکانی لەیەك نزیکە بکرێتە دوو بڕگە، چونکە پاراستنی سەلامەتی ڕێگا گشتیەکان و یەکتر بڕو تونێلەکان، خاڵی سێیەمیش ئەڵێ، دیاری کردنی قورسایی بارەکان، لەگەڵ خاڵی یەك دەمج بکرێت، لە هەمان کاتدا، نەهێشتنی پا درێژی، بەڕاستی لە ڕووی زمانەوانی بکرێتە دەست درێژی، بەشێوەیەکی تر پا درێژی تۆزێك هینەبێ، یان زیادەڕۆیی بۆ زیاد بکرێ، دوو، من ئەمەوێ یەك بڕگە زیاد بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕێگا گشتیەکان بەڕاستی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵانە ئەناڵێنن بە دەستیانەوە، لەهەموو دونیاش تەنزیمی سەیارەی بار ئەکرێت، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڕگەیەك زیاد بکرێت، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە هاوکاری وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی مرور، تەنزیمی ڕۆیشتنی سەیارەی بار هەڵگر بکەن، چونکە لە هەموو دونیا پێموایە سەیارەی بار هەڵگر ئەتوانێ لە ڕۆژێکا، 24 سەعاتە، هەشت سەعات

ئەتوانێ بەسەر ڕێگاو بان بڕوات، یان دە سەعات، ئەكرێ خاڵێكی تری بۆ زیاد بكرێ لەجیاتی ئەوە، سەبارەت بە خاڵی شەشەم، موافەقەت كردن لەسەر پرۆژەكانی تری دەرەوەی سەرۆكایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەكانی شارەوانی، من پێشنیار دەكەم ئەو پرۆژانەشی كە ئەكەوێتە زمنی شارەوانیەكان، بە ئاگاداری وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بێ، بۆ ئەوەی كە ئەگەر خزمەت گوزاری گشتی یان كۆمەڵێ شتی تری تیا ئەكرێت، شارەوانیەكان بەهاوكاری یان بە هەماهەنگی یان بەڕێنمایی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بێ، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من تێبینیم لەسەر خاڵی شەشەم هەیە، لە دەقە كوردیەكەی، دیارە دەقە عەرەبیەكەم لا نیە، باس لەوە دەكات موافەقەت كردن لەسەر پرۆژەكانی تری دەرەوەی سەرۆكایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەكانی شارەوانی، ئێمەدەزانین كە لە دەرەوەی سنووری شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەكانی شارەوانی كۆمەڵێك پرۆژە هەیە، تەنها هەر پرۆژەی ڕێگاو بان نیە، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەوە وەكو پرۆژەكانی تر تەحدید بكرێ، موافەقەت كردن یان ڕەزامەندی دەربڕین، لەسەر جێبەجێ كردنی پرۆژەكانی تایبەت بە ڕێگاو بان، لە خاڵی سێ، خاڵی چوارەمیشە بەراستی، من دەقە كوردییەكە وازیح نیە لام، ئەگەر بكرێ جەنابی وەزیر ڕوونكردنەوەیك بدات لەسەری، بە تایبەتی بە موڵك كردنی ئەو زەوییانە، كاتێك كە ڕێگایەكی گشتی بۆ شوێنێك دەبردرێ، چۆن ئەوزەوییانە بە موڵك كردن دەكرێ؟ ئەگەر ڕوونكردنەوە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە هەندێك تێبینیمان هەیە، تكامان وایە كە دەچنە دەرەوە بۆ ئیسراحەت، پێویستیەكەتان جێبەجێ دەكەن، بگەڕێنەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، چونكە خوشك و برا هەیە، جاری وا هەیە سەعاتی پێدەچێ، دووەمین، هەندێ لە بەڕێزان كە دەڕۆنە دەرەوە بۆ ئیجازە، ئیتر نایینەوە،ڕۆیشتن بە یەكجاری پێویستی بە ئیجازە هەیە، چونكە دوایی مەجبور دەبین، دوێنێ چەند تەلەفۆنیكمان بۆ كرا دوایی كە فلیمەكەیان پێشان دا، دەڵێن ئێوە چۆن ئەو دانیشتنەتان بەڕێوە بردیە كە نیوەی كەمتری پەرلەمانتارەكان دانیشتوون؟، لەبەر ئەوەی ئێمە دەتوانین موناقەشەكان بەڕێوە ببەین، بەس بۆ تەصویت دەبێ ئامادە بێ، بەڵام تكاتان لێ دەكەین كە دەچنە دەرەوە دوای 5 دەقە، ئەو پەڕی 10 دەقە دوایی بێنەوە، فەرموو كاك صباح.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی دوو، منیش مولاحەزەم لەسەر بڕگەی شەش هەیە کە دەڵێ: منح الموافقة على المشاريع الاخرى، کێ موافەقە دەدات؟، ئایا وەزارەت یان جێگاکانی تر؟، بە رەئی من ئەگەر وەزارەت بیت، رۆتینیکی گەورە دروست دەکات، حەقە ئەم موافەقەتە بدرێتە پارێزگاکان و شارەوانیەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی یەك و دوو و سێ، هەر سێکی ئامانج لێیان پاراستن و سەلامەتی رێگا گشتیەکانە، ماددەی دوو، دیاری کردنی قەدەغەکراوەکانە، هەر بۆ سەلامەتیە، ماددەی سێ، دیاری کردنی قورساییە، ئەویش هەر بۆ سەلامەتیە، من پێم وایە ئەو سێ ماددەیە لە بڕگەیەکی دیکە داڕێژرێتەوە باشترە، مادام ئامانج سەلامەتی رێگاکانە، مەسەلەی غەرامە بەراستی ئەوە موتەبەعە لە هەموو دونیا، جگە لە غەرامە، ئەوەی کە لە باری قورسی بە ڕێگاکاندا ئەڕوات، با بڵێین رێگاکان زەرەمەند دەکات، بۆ هەرچی زیاتر پاراستن و سەلامەتکردنی رێگاکان بڕێك پارەی کەم وەرئەگیرێت، پارەی ئەو سندوقە پێموایە جەنابی وەزیر باشتر شارەزایە و پێشتریش قسەمان لەسەر کردووە، کە ئەگەر بکرێ لەم یاسایەش بەراستی ئەمەیان دیاری بکرێ، لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دونیا، کار لەسەر ئەو سندوقە ئەکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی شەش هاتووە، : منح الموافقة على المشاريع الاخرى خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات. نە رئاسەی بەلەدیات و نە مودیریاتی بەلەدیات حدودی نیە، یان لازمە ببێتە : خارج حدود صلاحيه البلديات و مديريات البلديات، یان لازمە ببێتە: خارج حدود البلديات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کامران احمد/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە، بێگومان لەم فەصڵەدا باسی ئەهداف ئەم یاسایە دەکەین، هەندێك شت باس کرا لە فەصڵەکانی ترە کە بریتیە لە مومتەلەکات و لە موحەرەماتی ڕێگا و لە تەحدیدی ئەوزانەکانیش، کاتێك کە دەڵێین بۆ چی لە یەك و دوو و سێدا جیامانکردووتەوە؟، لەبەر ئەوەی جارێکیان بۆ رێگایە، دوو، بۆ

**موحەرەماتەکەیە، سێ، بۆ ئەو وەزنەیە کە ئەچێتە سەری، بۆیە ئەبێ ئەو سێ ماددەیە دەبێ بە رای من سێ برگەی جیا بێت، لەسەر ئەوەی کە ئەڵێی : منح الموافقە علی المشاریع، تەنها بۆ روونکردنەوەیەکی بەڕێزتان کە ئەڵێن: خارج حدود رئاسە البلدیات، ئێمە لە سنووری شارەوانییەکان، کێ ئیجازە ئەدات بە بینا یان هەر مونشەئەیەکی تر؟، بەلەدیەیە، بەڵام کاتێك دەچینە دەرەوە لە سنووری شارەوانییەکان، مەبەستمان لە هەموو ئەو ئەرزانە نیە کە لە سنووری شارەوانیەکەیە، مەبەستمان لەو ئەرزەیە کە دەکەوێتە حدودی موحەرەمی ڕێگاکەوە، کە لە دواییدا دیاری کراوەیە موحەرەمی ڕێگاکە، بۆ نموونە کاتێك کە ڕێگایەکی سەرەکی هەیە تەماشا بکەین کە بەنزینخانەیەك یان مەتعەمێك دێت لە لای وەزارەتی گەشت و گوزار مەتعەمەکە ئیجازەکەی ئەدرێ، یان بەنزینخانەکە لە لای شوێنێکی تر، دێت بە تەنیشت موحەرەمی ڕێگاکەوە ئیش دەکات، ئێمە دەڵێین مەنحی موافەقە، ناڵێین ئیجازە، ئیجازەی بیناکە نیە، ئیجازەکە ئیشی لایەنی پەیوەندیدارە، بەس موافەقەتەکەی ئەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وەربگرێ لە حدودی موحەرەمی ڕێگاکەیە، ئەوە تەنها ئەو روونکرنەوانە بوو کە بۆ بەڕێزتان کرا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی هاوبەش، ئەگەر روونکردنەوەیەکتان نیە، فەرموون بۆ ماددەی تر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەسەر برگەی شەش، ئێمە وەکو لێژنەی هاوبەش، هاوڕاین لەگەڵ ئەوەی کە کاك فرسەت باسی لەسەر کرد، خارجی حدود نیە، صەلاحیاتی رئاسەی بەلەدیاتی هەیە، لەبەر ئەوەی دیسان ئەو ئیزافەی بۆ بکرێ، خارج حدود صلاحیە رئاسە البلدیات و مدیریە البلدیات، ئەمە یەك، دووەم، ئێمە لە لێژنەی هاوبەش کۆکین لەسەر ئەوەی، برگەیەکی دیکە زیاد بکەین بۆ ئەم ماددەی دووە، ببێتە برگەی حەوت و بەم شێوەی خوارەوەی لێ بێ: سابعا: تنظیم ومنح اجازات وضع ونصب وسائل الدعایة والاعلان علی الطرق العامة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموون بۆ ماددەی تر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (3):**

**تسري احكام هذا القانون على:**

**اولاً: الطرق العامة الكائنة خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات، والقناطر والمعابر والانفاق والتقاطعات التي تقع ضمن محرماتها والمنشأت والساحات التي تخدم هذه الطرق.**

**ثانياً: الجسور على اختلاف انواعها الواقعة داخل حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات وخارجها والمعرفة بعائديتها الى الوزارة ويشمل ذلك الجزء مجسر منها فقط دون المقتربات.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (3):

حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

یەكەم: ئەو ڕێگا گشتیانەی دەكەونە دەرەوەی سنووری سەرۆكایەتی شارەوانیەكان و بەڕێوەبەرایەتیەكانی شارەوانی، هەروەها ئەو ئاوبارەو عبورگاو یەكتربڕانەش كە دەكەونە چوارچێوەی قەدەغەكراوەكانیان و ئەو دامەزراوو گۆڕەپانانەش كە خزمەت بەم ڕێگایانە دەبەخشن.

دووەم: هەموو جۆرە پردێك كە دەكەونە سنووری سەرۆكایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەكانی شارەوانی و دەرەوەشیان كە وەها پێناسەكراون سەر بە وەزارەت بن، ئەوەش تەنها بەشە سەرگیراوەكانی پردەكە دەگرێتەوە، نەك بەشە نیوە چڵەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ مولاحەزەیەكمان نیە لەسەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ئەوەلەن و ثانیا هاتیە بە نیسبەت، رئاسە البلدیات، پێویستە مولاحەزەكەی جەنابی سكرتێری پەرلەمان كە لە ماددەی دوو لە بڕگەی شەش هات، لێرەش هەمان ئەو گۆڕانكاریە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كامران احمد/وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی3، دووەمیان، ئێمە تەنها دەڵێین داخل حدود رئاسە البلدیات، ئەمەیان صەلاحیەت نیە، لەبەر ئەوەی لێرە ئەوەی پێشوو ماددەی صەلاحیەتەكەی بۆ زیاد بكرێ، ئەمە پێویست ناكات، چونكە ئەمە تەعریفی مەجرای سەرەیان قەرارەكەیە لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**الاستملاك والتقدير**

المادة (4):

اولاً: تقوم الوزارة بطلب وضع اشارة عدم التصرف بالاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون في السجلات العقارية لمدة لاتزيد عن سنة واحدة من تاريخ وضع الاشارة.

ثانياً: للوزارة في الحالات المستعجلة وضع اليد على الاراضي المنصوص عليها في البند اولاً من هذه المادة، الواقعة خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات بعد تقدير قيمة توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات من قبل لجنة تشكل برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل الوزارة وممثل التسجيل العقاري وممثل الزراعة وممثل عن الجمعيات الفلاحية وممثل وزارة المالية وممثل مديرية عقارات الدولة في المحافظة في الوحدة الادارية وصاحبه او من يمثله، وللجنة الاستعانة بخبير او اكثر للغرض المذكور.

ثالثاً: تتبع اللجنة المنصوص عليها في البند ثانيا من هذه المادة اسس التقدير المنصوص عليها في قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981 وتعديلاته.

رابعاً: للوزارة ولكل ذي علاقة بتوابع الارض المقدرة وفق احكام البند ثانيا من هذه المادة الاعتراض على محضر التقدير خلال مدة (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ التبليغ به لدى محكمة البداءة المختصة بموقع العقار، وتنظر المحكمة بالاعتراض خلال (15) خمسة عشر يوماً ويكون قرارها خاضعاً للطعن فيه لدى محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیەکەی.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**بە مڵك کردن و خەملاَندن**

ماددەی (4):

یەکەم: وەزارەت داوا دەکات کە تێبینی (قەدەغەیە دەستکاریی ئەو زەوییانە بکرێت کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە) لە سجلەکانی عەقاریدا دابنرێت بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت لە بەرواری دانانی تێبینیەکەوە.

دووەم: وەزارەت لە حاڵەتی پەلەدا بۆی هەیە دەست بەسەر ئەو زەویانـەدا بگرێـت، کـە لـە بەنـدی یەکـەمی ئــەم ماددەیــەدا دەقــەکانیان هــاتووەو دەکەونــە دەرەوەی ســنووری ســەرۆکایەتی شــارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، ئەو دەست بەسەر داگرتنەش دوای خەملاّندنی بەهای دامـەزراو و چێنراو و زەرعەتانــە دەکرێــت، کــە پەیوەنــدیان بــەو زەویانــەوە هەیــە، خەملاّندنەکـەش لەلایـەن لیژنەیەکـەوە دەکرێت، کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکە ئیداریەکەو ئەنـدامێتی نوێنـەری وەزارەت و نوێنـەری تۆمـاری عیقاری و نوێنەری کشتوکاڵ و نوێنەرێکی کۆمەڵەکانی وەرزێران و نوێنەری وەزارەتـی دارایـی و نوێنـەری بەڕێوەبەرایەتی عیقاراتی دەوڵەت لە پارێزگاکە لە یەکە ئیداریەکەو پەیوەندیدارەکە، یـان لـە نوێنەرەکـەی پێك دێت، لیژنەکە بۆی هەیە بۆ ئەو مەبەستە سوود لە شارەزایەك، یان زیاتر وەربگرێت.
سێیەم: ئەو لیژنەیەی کە دەقەکەی لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بنەماکانی ئەو خەملاّندنـە پێڕۆ دەکات کە دەقەکەی لە یاسای بە موڵك کردنی ژمارە (12)ی ساڵی 1981و هەموارەکانیدا هاتووە.
چـوارەم: وەزارەت و هــەر کەســێکیش کــە پەیوەنــدی هــەبێت بــە پاشــکۆکانی ئــەو زەویــەوە، کــە بــەپێی حوکمەکانی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە خەملێندراوە بۆیان هەیە لە ماوەی (15) ڕۆژدا لە بەرواری پـێ ڕاگەیاندنــەوە لەبــەردەمی دادگــای ســەرەتایی تایبەتمەنــد بــە جێگــای عەقارەکــە نــاڕەزایی لــە ڕەشنووســی خەملاّندنەکـە دەربـبڕن، دادگاکـەش لـە مـاوەی (15) ڕۆژدا سـەیری ناڕەزاییەکـە دەکـات و بڕیارەکەشـی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی تانە لێدانەوە لە دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زنجیرەی چوارەمی ڕاپۆرتەکەی ئێمـە کـە تایبەتـە بـە ڕاپـۆرتی لێژنـەی هاوبـەش کـە تایبەتـە بـە مـاددەی چوارەم، لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمدا، دەستەواژەی الجمعیات الفلاحیه بکرێتە اتحاد الفلاحین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، زکیە سـید صـالح، قـادر احمـد، صـباح بیـت الله، مامۆسـتا فەرمان، سیوەیل عثمان، ئاسۆ کەریم، د.ڕێباز فەتاح، ئاهەنگ عارف، بشیر خلیل، زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ڕاستی ئەز پشتگیریا یـا ڕاپۆرتـا لیژنـەی ئـاوەدانکردنێ دکـەم، کـو ئـەو جـەمعیات فلاحـین ببیتـە اتحـاد فلاحین، چونکە مە ئیتیحاد فەلاحین هەی ل کوردستانێ، یـادی تـر ژی ئەگـەر ئـەم پرێنسـیپی وەربگـرین، کومە دڤێت دەسەلاّت ژ وەزارەتێ، بهێن شۆڕ کرن بۆ خارێ، بۆ نموونە، بۆ پارێزگەهاو بۆ ڕێبـەرێ گشـتی ل پارێزگەها، بۆچی لڤێ درکێ ئەم نوێنەرێ وەزارەتێ ڤێرەنەکەینە نوێنـەر، چـونکو سـەرۆکایەتی ئـەو لیـژنا

دینیته پێك ئینان، سەرۆكایەتی سەرۆكێ وەحدا ئیداریە ل وێرێ ل وێ درکێ، بۆچی ئەو نوێنەرێ ل وێرێ ژی نوێنەرێ تورق و جسورێ نەبیتن ل وێ درکێ، کو نوێنەرایەتیێ وەزارەتێ بکاتن ل وێرێدا، دیسا ژی ئەگەر ئەم بهێین ئەو کوردیا وێ کو دێتەخاندن، دوماهیکێ ژی یا دبێژیتن، لایەنە پەیوەندیدارەکان هەرچەندە ل وێ درکێ، لە پەیوەندی دارەکە لە کوردییێدا غەلەت نڤیسی، بەس وەختێ بەحسێ لایەنە پەیوەندیدارەکان دکەتن، لایەنی پەیوەندیدار ئەوێ کو ل محافەزەی تەمسیلا وەزارەتێ دکەت، ژ بەرهندێ ژی من پێ باشە، مادەم ئەم وی پرێنسیپی بەرچاڤ وەرگرین، دەساڵا بچیتە خارێ، وەزارەت ڤێرەتەمسیلێ نەکات، بەلکی ئەم رێڤەبەرییێت وان پارێزگەها بێن نوێنەرێت وەزارەتێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك قادر فەرموو.**

**بەرێز قادر احمد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە وەزارەتی شارەوانی، هەر زەوییەك تاپۆ بێت یان تەملیك یان عەقدی زراعی بێت، کاتێ دەکەوێتە سنووری شارەوانیەوە تەعویز دەکرێتەوە بە زەوی، لەم یاسایەدا، تەنها ئەو زەوییانەی دەکەونە بەردەم جادە گشتییەکان، تەنها تەعویزی ئەو رزقە دەکرێتەوە کە تیدایەتی، یان ئەو بینایەی کە لەسەر زەوییەکەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەو جوتیارانە هەر یەکێك کە زەوی وەرگرتووە، لە ئیصلاحی زیراعی ساڵی 70 وەریگرتووە، یەعنی بەر لە 42 ساڵ لەمەوبەر، بە حەقی تەصەروف بێت، بە عقد بێت، نەك هەر حەقی تەعویزی زراعاتەکانیان هەیە، حەقی تەعویزی عەرزەکەشیان هەیە، یەك حکومەتین، مادام لە وەزارەتی شارەوانی زەوییەکی زیراعی تەعویز دەکرێتەوە بە عەرز، دەبێت لە وەزارەتی زیراعەش کە زەوییەك کە عەقدی هەیە، دەکەوێتە سەر جادە گشتییەکان، بەس زەوییش بەو رێژەیە تەعویز بکرێتەوە، دەنا لەوەدا خەڵکی جوتیار زۆر زەرەرمەند دەبێ، دووەم، لەسەر 15 رۆژ لە خەملاندن کە ئەگەر ئیعتیرازێکی هەبێ، من 15 رۆژ زۆر بە کەم دەزانم، چونکە ئەم 15 رۆژە 4 رۆژی عوتلە تێدایە، جومعە و شەممە، ڕەنگە کەس بە ئاسانی نەزانی، بە تایبەتی زۆربەی جوتیار نەخوێندەوارە، ڕەنگە لەو کاتەدا هەر هەستی پێ نەکات کە حەقی ئیعتیرازی هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەو ماوەیە لە مانگێك زیاتر بێت، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك صباح فەرموو.**

**بەرێز صباح بیت الله شکری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی چوار فەقەرە دوو کە دەڵێ: : للوزارة في الحالات المستعجلة وضع اليد على الاراضي المنصوص عليها، کە وضع الید تێدایە، بە رەئی من دەبێ بەو شێوەیە بێت: للوزاره بالتنسیق مع وزاره العدل، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم، هەر ئەوەی كاك صباح وتی، لە حاڵەتی پەلەدا بۆی هەیە دەست بەسەر زەوی دابگرێت، دیارە ئەوە ئەو پەلەیە، شوێنەكەی نیە، لەبەر ئەوەی وەزارەت پلانی هەیە، كە وەزارەت پلانی هەبوو ئەو بارە ناكاوە چییە دەست بەسەر زەوییدا بگرێ؟ لەبەر ئەوە دەبێ وەزارەت بە پێی پلانەكەی كار بكات، كەواتە ئەو بە پەلەیە دەكرێ بكرێ بە پێی پلانی وەزارەت نەك بە پەلە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها تێبینیەكی گچكەم هەیە لەسەر دووەم، ناخوێنمەوە هەمووی، سەتری چوارەم نووسرایە: الوحدة الادارية و عضوية ممثل الوزارة و ممثل التسجيل العقاري، واتا ممثلي زۆری تێدا دووبارە كرایەوە، ئەگەر بكرێ بنووسین: وعضوية ممثلين عن الوزارة التسجيل العقاري الزراعه) با بڵێین مومەسیلەكان لا ببەین و هەموو ببێتە ممثلين و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمە كە باس لە پێكهێنانی ئەو لێژنەیە دەكرێ بە سەرۆكایەتی سەرۆكی وەحدەی ئیداری، لێرە هەندێكیان لە لای من وازیحە كە باس لە ئەندامیەتی، و عضوية و ممثل الوزارة، ئەوە زۆر روونە، بەڵام كە دەڵێ ممثل التسجيل العقاری، كام تسجيل عقاری؟ لە موحافەزە؟، لەو وەحدە ئیدارەیەكە؟، لە وەزارەت؟، لە كوێ؟، ممثل الزراعة هەمان شت، لە وەحدەی ئیداری، لە موحافەزە، لە هەمان شت، لە ئی وەكو وەزارە، لە كامیان، بۆیە حەقە وزوحی پتر تێدا بێ، كە باسی لە ئەندامیەتی ئەو لێژنەیە دەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە کاریگەرییەکانی ئەم یاسایە، یاخود دروست کردنی ڕێگا لەسەر ژینگەیە، کە کاریگەرییەکی خراپی هەیە لەسەر ژینگە، یەکێك لە کێشەکانی دەستەی ژینگەش ئەوەیە کە بڕیارەکانی ئەو دەستەیە، لە دوای هەنگاوەکانی وەزارەتەکانی ترەوە هەیە، کێشەیان لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکانی ترەوە هەیە، کاتێك کە پڕۆژەیەك دروست دەکرێ، دوای دروست کردنی پڕۆژەکە، ئەوجا قسەی ئەوان دێتە ناوەوە کە ئەم پڕۆژەیە کاریگەری خراپی هەیە یاخود نا، بۆیە من پێشنیار دەکەم، لەم یاسایە و لە سەرجەم ستراتیژیەتی یاسایەکانیشدا، قسەی یەکەم و هەنگاوی یەکەم لە ژینگەوە دەست پێ بکات، لێرە ئێمە وەزارەت مولزەم بکەین کە لە سەرەتاوە ڕەزامەندی دەستەی ژینگە بە دەست بێنی کە ئایا ئەو ڕێگایە، یاخود هەر پڕۆژەیەکە تا چەند کاریگەری خراپی هەبێ لەسەر ژینگەی ئەو ناوچەیە، یاخود کاریگەری نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکم لەسەر ماددەی 4 فەقەرەی دوو هەیە،: وضع الید في الحالات المستعجلة، ئەو تەعبیرە لە زەمانی خۆی بەکار دەهات کە لە زەمانی عهدی بائد، لە زەمانی صدامی، کە لە پڕ پڕۆژەك بێ پلان و بێ ستراتیژیەت و بە مەزاج لە جێیەکی تەتبیق دەکرا، وضع الید المستعجل دەکرا، کە مامۆستا فەرمان باسی جوزئێك لەو مەشروعەی کرد، ئەگەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، من موتەئەکیدم کە هەیتیان، ماستەر پلانی درێژ خایەن و کورت خایەنیان هەیە، کەواتە مەشاریعی ستراتیجی و مەشاریعی موستەقبەلی و مەشاریعی ئانی، حەقە موحەرەمات تەحدید بکرێ، حەتا مەسافاتی، لۆ تەحدید بکرێ، چونکە موحەرەمات عیلاقەی بە زۆر کەس هەیە، زۆر وەزارات هەیە، ئەو حالاتی موستەعجەلە و وەزعی یەد، یەعنی قانونێکە نابێ ئەمڕۆ ئێمە تەحدید بکەین و بڵێین حالاتی موستەعجەلە، ئەگەر پلانمان هەبی، ئەوە یەکێکیان، دووەمیان، من بەوەش باش دەزانم کە لە عەینی ماددە، سامانە سروشتیەکانیش نوێنەریان هەبی، چونکە ئێستا لە موحەرەمات بۆری غاز و بۆری نەوت تێدەپەڕی، وایە یان نا؟، کە ئەوانە تێدەپەڕی، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان حەتمەن ئەوانیش پلانیان بۆ مەشاریعی موستەقبەلی هەیە، ئەوەندە بوو تێبینیەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

له فەقەرەی یەكەم لەو ماددەیە، تقوم الوزارة بطلب وضع عدم التصرف، پاشان دەڵێ: لمدة لا تزيد عن سنة واحدة، من پێموایە یەك ساڵ زۆرە، بۆ كەمكردنەوە رۆتین لە ئەنجامی كارەكانیشدا بیكەینە، لا تزید عن ستة اشهر، له دووەم، للوزارة في الحالات المستعجلة، ئەمە من لەگەڵ ئەو هاوكارەم هاوڕام كە دەڵێ: بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة، بە تەنها وەزارەت ناتوانێ ئەو وضع اليد بكات، ئەگەر لەگەڵ وەزارەتەكانی دیكە و لەگەڵ جیهاتی دیكە كەوا عیلاقەی بە مەوزوع هەیە، ئەو تەنسیقە نەكات، زۆر سوپاس.

بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر؟

بەڕێز كامران احمد/وەزیری ئاوەدانكردنەوە:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئێمە لەم فەصڵەدا باس لە ئیستیملاك و تەقدیر دەكەین، بۆیە لە ماددەی چوارەم، زنجیرەی یەكەمی كە دەڵێ: تقوم الوزارة بطلب وضع الاشارة، ناڵێت خۆی ئیشارەتی حیجز ئەخاتە سەری، داوا دەكات لە لایەنە پەیوەندیدارەكان، كەواتە خۆی نیە كە هەڵدەستی بە ئیجرائاتەكە، لە زنجیرەی دووەمدا، كە ئەڵێن: وزارة وضع اليد، ئینجا لە حالات المستعجله، خاڵێكە لابرێت، بەڵام وضع اليد هەر دەبێ بمینێت، چونكە ئەگەر وا نەكەین مەعنای وایە زنجیرەی یەكەمیشی كار ناكات، پشتگیری ئەوەی لێژنەی هاوبەش دەكەم بۆ جەمعیاتەكە و، زۆر سوپاس.

بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:

لێژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە؟

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئێمە تێبینی خۆمان ئاشكرا كرد، جەنابی وەزیریش تەئیدی مولاحەزەكەی لێژنەی هاوبەشی كرد كە جمعیاتی فلاحین بكرێتە اتحاد الفلاحين، داواشی كرد موستەعجەلەكە لابرێت.

بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموون بۆ ماددەی تر.

بەڕێز شلێر محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

المادة (5):

اولاً: تتولى الوزارة المباشرة باستملاك الاراضي المنصوص عليها في المادة (4) من هذا القانون خلال (180) مئة وثمانين يوماً من تاريخ وضع اليد عليها وفق احكام قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981

وتعديلاته وتقدر القيمة بتاريخ وضع اشارة عدم التصرف او بتاريخ وضع اليد او بتاريخ طلب الاستملاك ايها افضل للمستملك منه.

ثانياً: في حالة تعذر الحصول على عناوين اصحاب العلاقة بالاراضي وتوابعها فيتم الاعلان عن ارقام القطع في المقاطعات المشمولة بالاستملاك في صحيفة يومية واحدة على الاقل مرتين ويمهل اصحاب العلاقة مدة (90) تسعين يوماً اذا كانوا موجودين داخل الاقليم و(180) مئة وثمانين يوماً للموجودين خارج الاقليم للمراجعة وتثبيت حقوقهم وتعتبر قطع الاراضي مستملكة بانقضاء المدة المذكورة.

ثالثاً: يؤخذ بدون بدل الربع القانوني المنصوص عليه في قانون الاستملاك وفق الاحكام المنصوص عليها فيه، ويسري هذا الحكم على جميع الاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون بصرف النظر عن جنسها وصنفها وموقعها والتشريع الذي تملك بموجبه.

رابعاً: تسجل اراضي محرمات الطرق العامة المستملكة باسم وزارة المالية وتخصص للوزارة وتعدل السجلات العقارية للاراضي التي تم استملاكها قبل نفاذ هذا القانون تبعا لذلك.

خامساً: في حالة انتفاء حاجة الوزارة الى اية مساحة من الاراضي المنصوص عليها في البند رابعا من هذه المادة تؤول ملكيتها الى رئاسة البلديات او ميدرية البلديات المختصة ان كانت واقعة ضمن حدودها بدون بدل وترفع اليد عنها وتؤول الى وزارة المالية ان كانت واقعة خارج تلك الحدود.

سادساً: تنوب الوزارة عن دوائر الدولة الرسمية في الاشراف على الاراضي المشمولة باحكام هذا القانون ورفع التجاوز عنها بالتنسيق مع الوحدات الادارية.

**بەڕێز خليل عثمان حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5):

یەکەم: وەزارەت لە ماوەی (180) سەدو هەشتا ڕۆژدا لەبەرواری دەست بەسەر داگرتنی زەویەکان بەپێی حوکمەکانی یاسای موڵکدار کردن ژمارە (12)ی ساڵی (1981)و هەموارەکانی دەست دەکات بە موڵك کردنی ئەو زەویانەی کە دەقەکانیان لە ماددە (4)ی ئەم یاسایەدا هاتوون، بەهایەکەش لە بەرواری دانانی تێبینی قەدەغە کردنی دەستکارییەکەوە دەخەملێنرێت، یان لە بەرواری دەست بەسەر داگرتنەکەوە، یان لەبەرواری داوای بە موڵك کردنەکەوە، یان کامیان باشتر بێت بۆ ئەو کەسەی کە زەویەکەی لێ دەسەنرێت.

دووەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر بە زەحمەت ناونیشانی خاوەن پەیوەندی بە زەویەکان و پاشکۆکانی زەویەکانەوە وەبگیردرێت، ئەوسا ژمارەی پارچەکانی ئەو زەویانەی کە بە موڵك کردن دەیانگرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا لانی کەم دووجار بلاّو دەکرێتەوەو مۆڵەتی (90) ڕۆژیش بە پەیوەندیدارەکان دەدرێت، ئەگەر لەناو هەرێمدا بن، ئەگەریش لە دەرەوەی هەرێم بن، ئەوا مۆڵەتی (180) سەدو هەشتا ڕۆژیان پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی سەر بدەن و مافەکانی خۆیان بچەسپێنن، دەنا ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەر بچێت و نەیەن ئەوا پارچە زەویەکانیان بە موڵك کراو دادەنرێت.

**سێیەم: بەبێ بەرامبەر (بەخۆڕایی) ئەو چواریەکە یاساییەی کە دەقەکەی لە یاسای موڵکدار کردندا هاتووە وەردەگیردرێت و بەپێی ئەو حوکمانەی کە دەقەکانیان لەسەری هاتووە، ئەم حوکمەش هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە جۆرو پۆل و جێگاو ئەو یاسایەش کە موڵکداریەکەی پێ کراوە.**

**چوارەم: زەویە قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان کە بە موڵك کراون، بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆمار دەکرێن و تایبەت دەبن بەو وەزارەتە، سجلەکانی عەقاریی ئەو زەویانەش هەموار دەکرێن کە بەر لە کار پێکردنی ئەم یاسایە بە موڵك کردنیان تەواو بووە.**

**پێنجەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر وەزارەت پێویستی بەهەر رووبەرە زەوییەك نەما کە دەقەکەی لە بەندی (چوارەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەوا موڵکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیەکان، یان بۆ بەڕێوەراریەتیە تایبەتمەندەکانی شارەوانی، بەبێ بەرامبەر ئەگەر کەوتبووە چوارچێوەی سنوورەکەیەوە، دەستیشی لەسەر لادەبرێت و دەدرێتەوە بە وەزارەتی دارایی، ئەگەر کەوتبووە دەرەوەی ئەو سنوورانە.**

**شەشەم: وەزارەت لەجیاتی دایەرە فەرمیەکانی دەوڵەت، سەرپەرشتی ئەو زەویانە دەکات کە دەکەونە ژێر رکێفی حوکمەکانی ئەم یاسایەوەو بەهاو دەنگیش لەگەڵ یەکە ئیداریەکاندا پێ درێژیان لەسەر لا دەبات.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی هاوبەش؟**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هیچ مولاحەزەمان نیە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە، مامۆستا عومەر، هاوڕاز خۆشناو، قادر احمد، فەرموو مامۆستا عومەر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تێبینیم لەسەر ماددەی ئەوەڵەنە لە عەرەبیەکە، بەو پێیەی کە یاسا بۆ هەرێمی کوردستان دەرئەکەین ئێمە، یاسا بۆ ڕێگا گشتیەکانی هەرێمی کوردستان دەرئەکەین، لێرە ئاماژە کراوە بە یاسای ژمارە 12ی ئیستیملاکی حکومەتی ئیتیحادی تەبعەن، ساڵی 81، ئێمە یاسایەکمان نیە بەناوی یاسای ژمارە 12ی ساڵی 81 لە کوردستان، مولاحەزەکەم ئەوەیە، ئایا پێویست ناکات ئیشارەت بکرێ کە ئەم یاسایە، یاسای حکومەتی ئیتیحادیە؟، چونکە ئێمە ئەم یاسایە بۆ خۆمان دەرئەکەین، مەفرۆز وایە کە ناوی ئەڵێین لە یاساکانی ڕەچاوی ئەوەمان کردووە، ئەگەر یاسایەکە ئی عیراق بێ ئیشارەتمان پێکردووە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێزهاوڕاز خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی لێرە تێبینی دەکەم بەراستی، بە هیچ شێوەیەك نە یاسای ژمارە 8ی 2008 ئیشارەتی پێ کراوە، چونکە ئەگەرئەم یاسایە ناکۆك بێ لەگەڵ یاسایەکی تر، ئەی ناکرێ خۆ جێبەجێ کردنی بە هیچ شێوەیەك جارێکی دی وەزارەتی کشتوکاڵیش پێ نەکراوە، لە یاسای ژمارە 8ی 2008 دەڵێ/ ناکرێ هیچ زەوییەکی کشتوکاڵی گۆڕانکاری بەسەردا بکرێ بۆ زەوییەکی تر لە ڕووی ژینگەییەوە ئیللا دەبێ مەرج و ئەوەی خۆی هەبێت، یەعنی ئەوە هیچ باسی ئەم دوو شتە ناکات بەڕاستی، هەم تەعاروزی ئەوەیە باسی وەزارەتی کشتوکاڵی تێدا نیە، هەم باسی یاسای ژمارە 8ی 2008یش باسی تێدا نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر، فەرموو.

**بەڕێز قادر أحمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماددەی پێنج لە خاڵی پێنج باس دەکەم، دەڵێ لە حاڵەتێك ئەگەر وەزارەت پێویستی بە هەر ڕووبەری زەوییەك نەما کە دەقەکەی لە بەینی چوارەمی ئەم ماددەیە هاتووە، ئەوە دەقەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانییەکان، یان بۆ بەڕێوەبەرایەتی تایبەتمەندییەکانی شارەوانی، لە دوایی دا دەڵێ ئەگەر نەکەوێتە سنووری ئەوانەوە دەدرێت بە وەزارەتی دارایی، ئەگەر بکەوێتە دەرەوەی ئەو سنوورانە، مەبەستی سنووری شارەوانییەکانە، مەبەستی سنووری شارەوانییەکانە، کاتێ ئەم زەوییە دەستی بەسەر دا گیراوە هی وەزارەتی کشتوکاڵ بووە، بۆیە کاتێ وەزارەت ئیشی پێی نامێنێ دەبێ مولکەکان بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ نەك وەزارەتی دارایی، پێشنیاری دووەمم ئەوەیە لە پێشوودا باسم لەوە کرد کە جووتیار تەعویز بکرێتەوە، ئەگەر بە پێی ئەم یاسایە جوتیار تەعویز وەرنەگرێتەوە، دەبێ بدرێتەوە خاوەن ئەو زەوییەی کە زەوییەکی لێ داگیر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرست هەندێك تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت فەقەرە (3) هەندێك جار بە رەنگاری حاڵەتێك دەبن، ئەوەش لە قانونی بەلەدیات ڕوویداوە زۆرجار، دەبینی روبعی قانونی لە پارچە عەردێك وەرگیراوە، بۆ جاری دووەم، بۆ پرۆژەیەكی تر جارێكی تر روبعی قانونی وەردەگرن، بە ڕەئی من لێرە ئیزافەیەك بكرێ، لە دوایی فەقەرەكە، ئەگەر هاتو روبعی قانونی جارێك وەرگیرابێت لەو قیتعەیە بۆ هەر سەبەبێك بێت، جارێكی تر روبعی قانونی نایێتە وەرگرتن، بۆ تەحقیق كردنی عەدالەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز كامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو پێشنیارەی جەنابی كاك فرست دەكەم، ئەگەر بكرێ پێشنیار دەكەم ئەوە زیاد بكرێ، زۆر سوپاس، پشتگیری لێژنەكەش دەكەم، لێژنەی هاوبەش بۆ ئەوەی كە هیچ پێشنیارێكیان نەبووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەوزیحەی كاك فرست لە شوێنی خۆیەتی، زۆر تەواوە، چونكە بە گوێرەی یاسا یەك كەرەت روبعی مالیە وەردەگیرێ لە زەوییەكان، لەبەر ئەوە پێویستە بۆ تەوزیح زیاتر ئەوە و فەقەرەیەك ئیزافەیەكی بخرێتە سەر بەم شێوەی خوارەوە وای لێ بێت بڵێ/ (ثالثاً/ یؤخذ بدون بدل الربع القانوني المنصوص علیه في قانون إستملاك وفق الأحكام المنصوص علیها فیه و یسري هذا الحكم علی جمیع الأراضي المشمولة بأحكام هذا القانون بصرف النظر عن جنسها و صنفها و موقعها و التشییع الذي تملك بموجبه مالم یكن قد تم أخذ الربع القانوني قبل ذلك لأي سبب كان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (6):

أولا: للوزارة عند الإقتضاء وضع اليد على أي أرض أو بستان أو أي جزء منها بصورة مؤقتة لأغراض تنفيذ مشاريع الطرق العامة والجسور لمدة لاتتجاوز مدة إنجاز المشروع ببدل إيجار بعد تبليغ مالكها بذلك بمدة لاتقل عن (30) ثلاثين يوماً.

ثانياً: تقوم اللجنة المنصوص عليها في البند ثانياً من المادة (4) من هذا القانون بتحديد بدل الإيجار السنوي أو الشهري للعقار المقرر وضع اليد عليه بصورة مؤقتة مع تنظيم محضر يثبت فيه الوضع الراهن لها مع توابعه.

ثالثاً: على الوزارة إعادة العقار الذي تم وضع اليد عليه إلى مالكه بعد إنجاز المشروع وفق الحالة المثبتة بمحضر وضع اليد عليه، وتعويض مالكه عن الأضرار التي لحقت بالعقار بعد تقديرها من اللجنة ذاتها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون كوردییەكەی.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (6):

یەكەم: لەكاتی پێویستدا دەستەكە دەست بەسەر هەر زەویەك، یان باخێك، یان هەر پارچەیەكدا دەگرێت بەشێوەیەكی رەفتەنی (كاتی) باخێك بە مەبەستی جێ بەجێ كردنی پرۆژە گەلی رێگای گشتی و پرد، بۆ ماوەیەك كە لە ماوەی تەواو كردنی پرۆژەكە نەترازێت، بۆ ئەوەش كرێ دەدات بە خاوەنەكەی و بەر لە (30) سی رۆژ ئاگاداری دەكات.

دووەم: ئەو لیژنەیەی كە لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەی (4)ی ئەم یاسایەدا دەقەكەی هاتووە، كرێی ساڵانە، یان كرێی مانگانەی ئەو عەقارە دیاری دەكات، كە بڕیار دراوە بەشێوەیەكی رەفتەنی دەستی بەسەردا بگیردرێت و رەشنووسێكیشی لەگەڵدا رێك دەخات، باری كاتەكە و دۆخی پاشكۆكانی تێدا دەچەسپێنێت.

سێیەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەكە ئەو عەقارەی دەستی بەسەردا گیراوە بگەرێنێتەوە بۆ خاوەنەكەی دوای تەواو كردنی پرۆژەكە، هەر وەك ئەو حاڵەتەی كە لە رەشنووسی دەست بەسەردا گرتنەكەدا جێگیر كرا بوو، پێویستە هەمان لیژنە زەرەرو زیانی عەقارەكە بخەملێنێت بە قەرەبوو بیداتەوە بە خاوەنەكەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لێژنەی هاوبەش هیچ مولاحەزەیەكمان لەسەر پرۆژەكە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنیا دوو کەس، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ تەوزیح کاتێ پرسیار لە خاوەنەکەی دەکات مالیکی، ئەوە ئەوانەی حەقی تەصەروفیان هەیە بە زەوییەکانەوە، یان ئەوانەی عەقدی زراعییان هەیە بەم زەوییانەوە، ئەوانەش شمول دەکات یان نا؟ ئەگەر شمول ناکات ئەوە خەڵکێکی زۆر زەرەرمەند دەبێت، لەوانەی کە حەقی تەصەروف و عەقدی زراعییان هەیە، چەند ساڵێکە ئەو زەوییانە بە دەستییانەوەیەو بە کاری دەهێنن و مەصاریفی گەورەیان تیا کردووە، بۆیە پێم باشە پێشنیار دەکەم ئەوانەش شمول بکات، ئەگەر ئەو خاوەنداریێتی یە ئەوانیش شمول بکات باشترە، ئەگەر نا بۆی ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان، فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆتایی دوو وشە هاتووە، پێ درێژی لەسەریان، بەڕاستی پێ درێژی لەسەریان ئەوە لە ڕووی زمانەوانی زۆر رەکیکە، ئەگەر بکرێت بە/ بۆ لابردنی دەست درێژی لەسەریان لە سەر زەوییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ لێژنەی هاوبەش کە هیچ تێبینییەکم نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماددەیەکی تر، خۆی وەڵام نیە بۆی ڕوون بکەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت پرسیارەکەی کاك دڵشاد، ئەوە هەموو نەوعی زەوییەکانە، ئیتر خۆی یان حەقی تەصەروفی هەیە، یان موڵکی صرفە، یان عەقدە، بەس موهیم ئەوەیە کە بە شێوەیەکی موەقەت دەیەوێت دائیرەی (طرق)، دوایی ئەوەتا بە هەموو زەرەر و شتەکانەوە لە هەر سێ ماددەکە تیایەتی کە تەعویز دەدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**محرمات الطرق العامة والجسور**

المادة (7):

يحدد ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية ما يلي:

اولاً: محرمات الطرق العامة السريعة والرئيسة والثانوية والريفية وغيرها عدا الاجزاء المارة منها ضمن رئاسة البلديات ومديرية البلديات فيخضع تحديدها للتصاميم الاساسية لكل منهما.

ثانياً: محرمات الجسور التي لايجوز فيها نصب معامل غربلة أو تأسيس المقالع او إجراء تحويرات في مسار النهر بما يؤدي الى إلحاق الضرر بدعامات الجسر او مقترباته.

ثالثاً: محرمات التقاطعات والأنفاق والمعابر إن وجدت. سوپاس.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و پردەکان**

ماددەی (7):

ئەمانەی خوراەوە بە بەیاننامەیەك دیاری دەکرێن و وەزارەت دەریان دەچوێنێ و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە:

یەکەم: قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان، چ خێرا، چ لاوەکی، چ دەشتەکی و ڕێگای لەو جۆرە بابەتانە دیاری بکرێن (تەنها ئەو بەشانەیان نەبێت کە بە چوارچێوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانیدا تێدەپەڕن، چونکە ئەمانە هەر یەکەیان بەپێی ڕشتەی بنەڕەتی خۆیان دیاری دەکرێن).

دووەم: قەدەغە کراوەکانی ئەو پردانە دیاری بکرێت، کە ناشێ کارگەی لە بێژنگدانیان تێدا دابنرێت، یان کارگەی بەرد هەڵکەندیان تێدا دابمەزرێت، یان گۆڕانکاریەکی وەها لە ئاراستەی رووبارەکەدا بکرێت، کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە پایەکانی پردەکە، یان بە جێگە نزیکەکانی.

سێیەم: قەدەغە کراوەکانی رێگا یەکتربڕەکان و تونێل و مەعبەرەکان، ئەگەر هەبوون، دیار بکرێن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوەکانتان بڵێن، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسیوە: نەریمان عبداللە، سەرهەنگ، فەرمان عزالدین، سیوەیل خان، فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم، (قەدەغە کراوەکانی ئەو پردانە دیاری بکرێت، کە ناشێ کارگەی لە بێژنگدانیان تێدا دابنرێت، یان کارگەی بەرد هەڵکەندیان تێدا دابمەزرێت)، ئەوە بۆ ئەوەی کە ئەم یاسایە جێبەجێ کرا لە دوای ئەوە قەدەغە بکرێ، بەڵام وەکو ئێستا هەمانە، وجودی هەیە، ئەو قەدەغە کراوانە لە سنووری ئەو پردانەن، زۆریش نزیکن و چەند نموونەیەکیشمان هەیە لە گەرمیان پردی رۆخانە، بەڵام من پێم باشە ئەو ماددەیە وای لێ بکرێ کە ئەوانەش هەیە بە پێی ئەو یاسایە لاببرێ کە ئێستا هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من لەسەر بڕگەی یەکەم پێشنیاز دەکەم ، چونکە من وای لێ تێگەیشتبم کە وەزارەت بە بەیاننامەیەك موحەرەماتی رێگەکان دیاری دەکات، من پێشنیاز دەکەم کە ئەوە لە ناو ئەو قانونە ئێمە تەسبیتی بکەین لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی مەجالی کەم کردن و زیاد کردنی تیا نەبێت ئەگەر من بە هەڵە تێنەگەیشتبم، چونکە لە غیابی مەوزووعێکی وا لە ناو قانونەکە ڕەنگە هەر کەس لە مەصلەحەتی خۆی بەڕاستی تەفسیر و تەئویلی بۆ بکات، ڕەنگە ئەو کاتە وەزارەتیش بکەوێتە ژێر کاریگەری هەندێك فشاری جۆراوجۆری خەڵکەوە، بتوانێ دەستکاری ئەو بڕگەیە بکات ئەگەر بە بەیاننامەیەك دەربکرێ، یان چوزانم بە تەعلیماتێك دەربکرێ، بەڵام ئەگەر لە ناو یاساکە تەسبیتی بکەین

پێموایە ئەوە ئیستیفادەیەکی باشە، هەم بۆ وەزارەت و هەم بۆ خزمەتکردن بە موحەرەماتی جاددەکانیش، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان، فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم هاتووە قەدەغەکراوەکانی ڕێگای گشتی چ خێرا، چ لاوەکی، بەڕاستی وشەی لاوەکی لێرە لەگەڵ مەدلوولی ڕێگا ناگونجێ بەڕاستی، لەبەر ئەوەی لاوەکی ئەگەر تەرجومەی زمانەوانی بکەین دەکاتە (غیر مباشر)، لە نەصە عەرەبییەکە هاتووە بە (ثانوي)، ئەوە پێمان چاکە ئەو لاوەکی یە بکرێتە ناسەرەکی، یەعنی ڕێگای سەرەکی و ڕێگای ناسەرەکی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ هاوکارم کاك سەرهەنگ کە باسی کرد ئەگەر ئەوە بە قانون دەرچێت، بە یاسا دەربچێت ئەو ماددەی حەفتەم نووسراوە (یحدد ببیان تصدره الوزارة) ئەگەر ئەوەی تێدا نەبێت لەوانەیە جەنابی وەزیریش بزانێت، یەعنی بەیانی ناوێ، ئەگەر قانونەکە دەرچوو پێویست بە بەیان ناکات، لە ڕۆژنامە دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە دەڵێ (ببیان تصدره الوزارة) ئەوە مەبەستی لەوەیە (و ینشر فی الجریده الرسمیه) تەبعەن خۆی تیایە لەوەدا زۆر بە وازیحی موحەرەماتی ڕێگاکان لە بەندەکانی دوای ئێستایە کە دێینە سەری دیاری کراوە، بۆ ڕێگەی تاك چەند هەیە، بۆ ڕێگەی جووت چەند هەیە، هیچ مەجالێکی ئیجتیهادی تێدا نیە، بەڵام تەنها دیاری کردنی ڕێگاکان ئەوە زەرووری یە بەیانێك هەبێت لێرانەدا، تایبەت بەوەی کە ئەو موشەیەداتانە لە زیمنی موحەرەماتەکان دا کە هەیە، لە ماددەیەکی دوای ئێستا دا کە هاتووە، دەڵێ/ ئەو موشەیەداتانەی کە کۆن هەبوون موعالەجەی کردووە لە زنجیرەیەکی تری دوای ئێستا دا، ئەوە تەنها بۆ ڕوون کردنەوە بوو، منیش هاوڕام لەگەڵ لێژنەکەدا، هیچ تێبینیەکم نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ڕوونكردنەوەتان هەیە؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەكمان لەسەر ماددەكە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (8):**

**اولاً: لايجوز البناء أو الغرس أو الزرع أو شق الأنهر أو الجداول أو المبازل أو إنشاء محطات الوقود أو مد الأسلاك أو تثبيت وسائل الدعاية والإعلان أو إجراء أي تصرف آخر ضمن حدود المحرمات من أية جهة كانت إلا بموافقة تحريرية من الوزارة.**

**ثانياً: لا يجوز الحفر على جانبي الطرق الخارجية الرئيسية ضمن المساحات المحصورة بين خطين موازيين لخط الوسط بأقل من مسافة (75) خمسة وسبعين متراً يساراً و يميناً بالنسبة للطريق ذي الممر الواحد و(100) مائة متر بالنسبة للطريق ذي الممرين إلا بموافقة الوزارة وفق شروط وضوابط يتم وضعها من قبلها.**

**ثالثاً: لا يجوز لأية جهة إقامة جسر أو قنطرة أو معبر أو أية منشأة أخرى ضمن محرمات الطرق العامة إلا بموافقة الوزارة وحسب التصميم الذي تقرره وبشرط تأمين طريق بديل مؤقت ملائم للمرور خلال فترة العمل مزود بجميع العلامات التي تؤمن سلامة المرور.**

**رابعاً: ترفع المحدثات المشيدة ضمن محرمات الطرق العامة قبل نفاذ هذا القانون العائد لدوائر الدولة الرسمية بدون بدل إذا كان لوجودها تأثير سلبي على الطرق العامة من الناحية الفنية أو على سلامة المرور بها ويكون رفعها على نفقة الجهة المعنية بالتنسيق بينها وبين الوزارة.**

**خامساً: ترفع المحدثات العائدة لغير الجهات المنصوص عليها في البند رابعاً من هذه المادة المشيدة بإجازة أصولية أو موافقة إحدى الجهات الرسمية إذا كانت محدثة قبل تنفيذ الطريق أو تحديد محرماته بعد التعويض عنها إذا كانت تؤثر سلباً على الطريق من الناحية الفنية وعلى سلامة المرور به، ويراعى في التعويض ما يأتي:**

**1- يتم التعويض عن المحدثات فقط.**

**2- يقدر التعويض تأريخ منح الاجازة أو تأريخ صدور الموافقة أو الإذن بإقامة المنشأت أو بتاريخ رفعها أيها أفضل للمواطن وإلا فيحدد بما يعادل بدل المثل وقت إجراء الكشف والتقدير إلا إذا وجد إتفاق خلاف ذلك.**

3- يقدر مبلغ التعويض من قبل لجنة برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل كل من الوزارة و وزارة المالية ودائرة التسجيل العقاري في الوحدة الإدارية ودائرة عقارات الدولة من ذوي الخبرة.

4- للوزارة ولصاحب العلاقة الإعتراض على مبلغ التعويض لدى محكمة البداءة المختصة بموقع المحدث خلال (30) ثلاثين يوماً من تاريخ صدور قرار التعويض ويكون قرار المحكمة خاضعاً للطعن فيه تمييزاً أمام محكمة الإستئناف بصفتها التمييزية.

5- يصرف التعويض مع ما يلحق به من مصاريف وأجور بواسطة المحكمة المختصة بموقع المشروع ومن تخصيصات الوزارة لهذا الغرض ويجري صرفه إلى مستحقيه وفق القانون.

سادساً: ترفع المحدثات التي أنشأت تجاوزاً بعد تنفيذ الطريق أو تحديد محرماته طبقاً للقانون ويتم الرفع من قبل الوحدة الادارية التي يقع المحدث ضمن رقعتها الجغرافية على نفقة المتجاوز خلال (90) تسعين يوماً من تاريخ تبليغه بذلك التجاوز.

سابعاً: للوزارة الموافقة على ما يأتي:

1- إستغلال جزء من محرم الطريق العام لإقامة المنشأت السياحية أو خدمات الطريق أو للأغراض الزراعية الموسمية أو الزراعة التي من شانها حماية الطريق وتحسين البيئة أو مد خطوط القابلوات أو أعمدة الكهرباء أو مشاريع الماء أو المشاريع الحكومية الأخرى شريطة أن لا تتعارض مع المتطلبات الفنية للطريق أو سلامة المرور فيه.

2- إبقاء البساتين الموجودة ضمن محرم الطريق إذا كان بقاءها لا يؤثر على النواحي الفنية وسلامة المرور بالطريق على أن يتم تسييجها بشكل نظامي على نفقة أصحابها.

3- الإبقاء على المحدثات والأبنية الواقعة ضمن محرم الطريق بالنسبة للطرق المنفذة قبل نفاذ هذا القانون بشرط عدم تعارض بقائها مع المستلزمات الفنية للطريق والسلامة المرورية وكما يأتي:

أ- أجزاء الأبنية التي لا تتجاوز (10) عشرة امتار عمقا إذا كان في إزالتها ضرر على عموم البناية.

ب- أعمدة الكهرباء والهاتف والقابلوات المحورية وخطوط سكك الحديد والقنوات والمنشأت الكائنة خلفها.

ج- الأبنية والمنشأت العائدة لدوائر الدولة ودور العبادة والمقابر.

ثامناً: تستثنى من أحكام البند سادساً من هذه المادة المنشأت والمشاريع الإنتاجية بصرف النظر عن عائديتها وتبقى لحين إنقضاء عمرها الإنتاجي بشرط عدم إضافة خطوط إنتاجية جديدة لها ويتم رفعها بعد إنقضاء عمرها الإنتاجي على نفقة الجهة التي تعود إليها المحدث بدون أي تعويضات.

تاسعاً: تحدث الأبنية والمنشأت والمرافق الأخرى اللازمة لخدمات الطرق العامة بإجازة من الوزارة بالتنسيق مع المحافظة المعنية، وبموجب التصاميم التي تعدها أو تصممها وبالكيفية التي تقدرها في الموقع التي تعينها داخل أو خارج محرمات تلك الطرق وعلى الوزارة إصدار التعليمات الخاصة بذلك.

عاشراً: لا يجوز إقامة أية أبنية أو منشأت أو محدثات ينجم عن إستعمالها خطر أو إزعاج أو تأثير على بيئة الطريق ومستخدميه بسبب ما ينبعث منها من أدخنة أو أبخرة أو غازات أو أتربة أو روائح مضرة أو ما يماثل

ذلك إلا في المواقع التي تبعد ما لايقل عن (500) خمسمائة متر عن محرم حدود طرق المرور السريع والطرق الرئيسة ويسمح ببناء دار سكن لأصحاب القطع الزراعية وفق القانون على أن يبعد السياج الخارجي للدار بما لايقل عن (25) خمسة وعشرين متراً عن حدود محرم الطريق وأن لا يتم الربط إلى الطريق مباشرة وإنما إلى طرق الخدمة الموازية للطريق المحلية السريع أو إلى الطرق المحلية الموجودة في المنطقة.

حادي عشر: تستثنى الطرق الريفية والزراعية من أحكام البند عاشراً من هذه المادة عدا المشاريع الزراعية وحقول الدواجن والمفاقس أو ما يماثلها فلا يسمح بإقامتها إلا في المواقع التي تبعد بمسافة لا تقل عن (500) خمسمائة متر عن حدود محرم الطريق.

**بەڕێز خليل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (8):**

یەكەم: ناشێ لە چوارچێوەی سنووری قەدەغە كراوەكاندا لە هیچ لایەكیاندا بینا دروست بكرێت، یان بچێندرێت، یان زەرعەتی لێ بكرێت، یان رووباری تێدا لێ بدرێت، یان جۆگەی تێدا رابكێشرێت، یان خۆێدەڵێنی تێدا هەڵكەندرێت، یان وێستگەی سووتەمەنی تێدا دابمەزرێت، یان تەلی لێ رایەڵ بكرێت، یان ئامرازی پرۆپاگەندەو راگەیاندنی لێ بچەسپێت، یان هەر كارێكی تر لەو چوارچێوەیەدا ئەنجام بدرێت، مەگەر وەزارەت بە نووسین رەزامەندیی لەسەر دابێت.

دووەم: ناشێ ئەم دیوو ئەو دیوی رێگە دەرەكیە سەرەكیەكان لەچوارچێوەی ئەو رووبەرەدا هەڵبكەندرێن، كە دەكەونە نێوان دوو هێڵی هاوتەریب بە هێڵی ناوەڕاست لە مەودای (75) حەفتاو پێنج مەتری راست و چەپی رێگای یەك سایدەوە دوور نەبێت و (100) مەتریش لە رێگای دوو سایدەوە دوور نەبێت، مەگەر لەسەر رەزامەندی وەزارەت و بەپێی مەرج و بەندو بەستێك كە وەزارەت خۆی دایدەنێت.

سێیەم: هیچ لایەنێك ناشێ پردێك، یان ئاوبارەیەك، یان مەعبەرێك، یان هەر دامەزراوەیەكی دی لە چوارچێوەی (رێگا گشتیەكان)دا دروست بكات، بە موافەقەتی وەزارەت نەبێت و بەپێی ئەو ڕشتەیە نەبێت كە وەزارەتەكە بڕیاری لەسەر دەدات، بەو مەرجەش كە رێگەیەكی رەفتەنی گونجاو لەماوەی ئیشەكەدا بۆ هاتوچۆ دابین بكات، هەموو نیشانەكانی سەلامەتی هاتوچۆی تێدا فەراهەم بێت.

چوارەم: پێش بەكارخستنی ئەم یاسایە، ئەو تازە دامەزراوانەی كە سەر بە دایەرە فەرمیەكانی دەوڵەتن بەبێ بەرامبەر لە جێگا قەدەغە كراوەكانی رێگا گشتیەكان لادەبرێن، ئەگەر لە رێگەی هونەریەوە كاریگەریەكی خراپ بكەنە سەر رێگا گشتیەكان، یان كاریگەری خراپیان بۆ سەلامەتی هاتوچۆ هەبێت، ئەو لابردنەش لە كیسەی لایەنە پەیوەندیدارەكە و بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەكەدا ئەنجام دەدرێت.

پێنجەم: ئەو تازە دامەزراوانەی كە سەر بە غەیری ئەو لایەنانەن كە لە دەقی بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە و بە ئیجازەی ئوسولی دامەزراون، یان بە رەزامەندی لایەنێكی فەرمی دامەزراون، ئەوانە لادەبرێن، ئەگەر بەر لە جێ بەجێ كردنی رێگاكە دامەزرابن، یان دیاری كردنی قەدەغە كراوەكانی دوای

قەرەبووەکەی، ئەگەر کاریگەری خراپی لە رووی هونەریەوە کردبێتە سەر رێگایەکە و سەر سەلامەتی هاتوچۆ، لە قەرەبوو کردنەوەکەشدا ئەمانەی خوارەوە رەچاو دەکرێن:

1- تەنیا قەرەبووی تازە دامەزراوەکان دەکرێت.

2- قەرەبووەکە لە بەرواری پێدانی ئیجازەکەوە، یان لە بەرواری دەرچوونی رەزامەندیەکەوە، یان لە بەرواری پێدانی ئیزنی دامەزراندنی دامەزراوەکانەوە، یان لە بەرواری لادانی دامەزراوەکانەوە، کامیان بۆ هاوولاّتیەکە باشتر بوو، لەو بەروارەوە دەخەملێنرێت، دەنا لەکاتی پشکنین و خەملاّندنەکەوە کرێی هاوشێوە چەند بووبێت وەکو خۆی دیار دەکرێت، مەگەر رێککەوتنێکی پێچەوانەی ئەوە هەبوو بێت.

3- بڕی قەرەبووەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی ئیداری و ئەندامێتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەت و وەزارەتی دارایی و دایەرەی تۆماری عەقاری یەکە ئیداریەکە و یەك لە خاوەن ئەزموونەکانی عەقاراتی دەوڵەتەوە دەخەملێنرێت.

4- چ وەزارەتەکە و چ پەیوەندیدارەکە بۆیان هەیە نارەزایی لە بڕی قەرەبووەکە لەبەردەم دادگای سەرەتایی تایبەت بە جێگای دامەزراوەکە لە ماوەی (30) رۆژدا لە بەرواری دەرچوونی بڕیاری قەرەبووەکەوە دەربڕن، بڕیاری دادگاییش بە سیفەتی پێداچوونەوە دەکەوێتە ژێر رکێفی تانە لێدانەوە لەبەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەدا.

5- قەرەبووەکە و خەرج و مەسرەف و کرێکانی لە رێی ئەو دادگایەوە دەدرێت کە تایبەتە بە جێگەی پرۆژەکە، لەو پارەیەش دەدرێت کە وەزارەتەکە بۆ ئەو مەبەستە دایناوە، پارەکەش بەپێی یاسا بە خاوەن مافەکان دەدرێت.

شەشەم: ئەو تازە دامەزراوانەی کە بە پێ درێژی دامەزراون، دوای جێ بەجێ کردنی رێگایەکە، یان دوای دیار کردنی قەدەغە کراوەکانی، بەپێی یاسا لا دەبرێن، لابردنەکەش لەلایەن ئەو یەکە ئیدارەیەوە دەکرێت کە تازە دامەزراوەکە دەکەوێتە ناو پارچە جوگرافیاییەکەی و لەسەر حیسابی پێ درێژ کارەکەش دەکرێت، ئەویش لە ماوەی (90) نەوەد رۆژدا لە بەرواری پێ راگەیاندنی بە پێ درێژییەکەی.

حەوتەم: وەزارەتەکە بۆی هەیە رەزامەندی لەسەر ئەمانەی خوارەوە بدات:

1- بەکارهێنانی بەشێك لە قەدەغە کراوەکانی رێگا گشتیەکە بۆ دامەزراندنی دامەزراو گەلی گەشتوگوزار، یان خزمەتگوزاری رێگایەکە، یان بۆ چاندن یان بۆ زەراعەتی وەرزی، یان بۆ زەراعەتی ئەو شتانەی کە رێگایەکە بپارێزن و ژینگەکەش چاکتر بکەن، یان بۆ راکێشانی قابلۆ، یان بۆ دانانی کۆڵەگەی کارەبا، یان بۆ پرۆژەگەلی ئاو، یان بۆ پرۆژەگەلی دیکەی حکومەت، بەمەرجێك لەگەڵ پێداویستە هونەریەکانی رێگەکەدا هاو دژ نەبێت و زیان بە سەلامەتی هاتوچۆ نەگەیەنێت.

2- هێشتنەوەی ئەو باخانەی دەکەونە سەر قەدەغە کراوەکانی رێگاکە، ئەگەر مانەوەیان کار نەکاتە سەر لایەنی هونەری و سەلامەتی هاتوچۆی سەر رێگاکە، بە مەرجێك پەرژین بکرێت بەشێوەیەکی رێك وپێك لەسەر حیسابی خاوەنەکانیان.

3- هێشتنەوەی تازە دامەزراوەکان لە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانی ڕێگاکەدا، لەو ڕێگایانەدا کە بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە جێ بەجێ کراون بە مەرجێك مانەوەیان هاودژ نەبێت لەگەڵ پێداویستە هونەریەکانی ڕێگاکە و سەلامەتی هاتوچۆی سەر ڕێگاکە، بەم جۆرەی خوارەوە:

أ- هێشتنەوەی پارچەکانی ئەو بینایەی کە لە (10) دە مەتر قووڵتر نین و ئەگەر لابردنیشیان زیان بە هەموو بینایەکە بگەیەنێت.

ب- کۆڵەکەکانی کارەبا و تەلەفۆن و قابلۆکانی میحوەری هێڵی شەمەندەفەر و کەناڵەکان و دامەزراوەکانی پشتەوەی.

ج- بینا و دامەزراوەکانی دایەرەکانی دەوڵەت و خانەکانی پەرستن و گۆڕستانەکان.

هەشتەم: دامەزرا و و پرۆژەگەلی ڕەنوهێن واتا (الإنتاجیة) مولکی هەر کەسێك و لایەنێك بن لە حوکمەکانی بەندی شەشەمی ئەم ماددەیە دەبووردرێن و دەمێننەوە تا تەمەنی ڕەنوهێنانیان بەسەر دەچێ، بە مەرجێك هێڵی ڕەنوهێنانی تازەیان بۆ زیاد نەکرێت، ئەوانە دوای بەسەرچوونی تەمەنی وەبەرهێنانیان لا دەبرێن، لەسەر حسابی ئەو لایەنەی کە خاوەنەکانیانە و هیچ قەرەبوویەکیشیان ناکەوێت.

نۆیەم: بینایە و دامەزراوە و خزمەتگوزاری دیکەی پێویست بۆ خزمەتکردنی ڕێگا گشتیەکان بە ئیجازەی وەزارەت و بە هاودەنگی پارێزگای پەیوەندیدار دادەمەزرێن بەپێی ئەو ڕشتەیەی کە پارێزگاکە دایدەنێ و بەو چۆنیەتیەی کە خۆی دەیەوێت، لەو جێگایانەدا کە خۆی لە چوارچێوەی دەرەوە، یان ناوەوەی قەدەغە کراوەکاندا دیاری دەکات، پێویستیشە لەسەر وەزارەتەکە کە ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەربچوێنێت.

دەیەم: ناشێ هیچ بینایە، یان دامەزراو، یان هیچ تازە دامەزراوێك دابمەزرێت کە بەکارهێنانیان مەترسی، یان بێزار کردن، یان کاریگەری خراپی بۆ سەر ژینگەی ڕێگاکە، یان بۆ سەر بەکارهێنەرەکانی بەهۆی دووکەڵ، یان هەڵم، یان غاز، یان تۆز، یان بۆنی زیانبەخش، یان شتی لەو جۆرە بابەتانەیان لێ بکەوێتەوە، تەنیا لەو جێگایانەدا نەبێت کە لە کەمی (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە قەدەغە کراوی سنووری ڕێگای هاتوچۆی خێراو ڕێگا سەرەکیەکان، ڕێگاش دەدرێت بە خاوەنی پارچە زەوی یە کشتوکاڵیەکان کە خانوویەکی نیشتەجێ بوون بۆ خۆیان دروست بکەن بەپێی یاسا، بە مەرجێك پەرژینی دەرەوەی خانووەکە لە کەمی (25) بیست و پێنج مەتر دوور بێت لە سنووری حەرام کراوی ڕێگاکە و یەکسەر بە ڕێگە گشتیەکەوە نەبەسترێت، بەڵکو بە ڕێگەکانی خزمەتگوزاریەوە ببەسترێت، کە لەگەڵ ڕێگا خێراکەدا هاوتەریبین، یان بەو ڕێگایانەوە ببەسترێت کە لە ناوچەکەدا هەن.

یازدەهەم: ڕێگای گوندەکان و ڕێگا کشتوکاڵیەکان لە حوکمەکانی بەندی دەیەمی ئەم یاسایە دەبووردرێن، پرۆژەی زەراعی و کێڵگەکانی پەلەوەر و تروکانی هێلکە و هاوشێوەکانیان نەبێت کە ڕێگە بە دامەزراندیان نادرێت، ئەگەر لەو جێگایانەدا نەبێت کە ماوەی کەمتر نەبێت لە (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە سنووری قەدەغە کراوەکانی ڕێگاکەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ كۆی ماددەكەدایین، تەنیا مولاحەزەیەكی موشتەرەكمان هەیە، ئەویش ئەوەیە كە لە بڕگەی حەوتی ئەم ماددەی هەشتە یەك لەسەر یەك چەند فەقەرەیەك هاتووە، ئێمە پێمان باشە زنجیرەیەكی تری بۆ زیاد بكرێت، بە واتا بڕگەی حەوتی لە باتی یەك زنجیرە بێت بكرێتە دوو زنجیرە، ئەوەی خوارەوەی بۆ ئیزافە بكرێت (إبرام العقود مع الشركات المختصة لوضع و نصب وسائل الدعاية و الإعلان ضمن محرمات الطرق العامة وفق الضوابط و الشروط الخاصة بالوزارة)، بەم شێوەیە زنجیرەكەی دەبێ بە چوار زنجیرە و ئەوە مولاحەزەی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە: كاك فازل، ڕازاو خان، كاك صباح، مامۆستا عمر، كاك شوان، كاك نەژاد، كاك سەرهەنگ، مامۆستا فەرمان ، ئاهەنگ خان، فەرموو كاك فازل.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی هەشت من سێ مولاحەزەم هەیە، یەكێكیان/ باسی ئەو شرووتانە دەكات كە زیان بە لەسەر ڕێگا گشتیەكان هاتوچۆی هاووڵاتیان دەگەیەنێ، ئەگەرێكی تیایە بە بڕوای من ئەگەر ئەو ئەگەرەش نەبێ دەڵێ ( ئەگەر وەزارەتی پەیوەندار ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی كە لەوێدا ئەو مەشروعەی هەبێ باشترە) لە خاڵی 5 ی باسی ئەو دامەزراوانە دەكات كە دەكەونە سەر نزیكی ڕێگا گشتیەكان دەڵێ تەنها ئەو دامەزراوە تازانە قەرەبوو دەكرێنەوە كە تازە دامەزرابێت بە بڕوای من بەهۆی ئەوفراوان بوونەی كە ئەمڕۆ لە كوردستان هەیە زۆر جێگا ئەمڕۆ كەوتووەتە بەر مەشروع و جادە و كۆمەڵێك مەشروعاتی حكومی، لەوانەیە لە فكری حكومەتیش دانەبووبێ كە ئەوە مەشروع بیگرێتەوە، بۆیە من پێم باشە دامەزراوە قەدیمەكانیش بگرێتەوە، مەبەستم لە تەعویزە، لە خاڵی دەیەمیش ئیشارەت بەو شوێنانە دەدات كە بە پێی ئەم شروتانەی كە هاتووە یەعنی خاوەن موڵكەكە نابێ هیچ دامەزراوەیەك لەو شوێنانە بكات كەوا زیان بەڕێگا گشتیەكە دەگەیەنێ، بە بڕوای من ئەمە دەبێ خاڵێكی بۆ ئیزافە بكرێت، ئەو شوێنەی كە موڵكی خەڵكە و نابێ هیچیشی تیا بێت، بەڕاستی دەبێ قەرەبوو دابندرێت بۆ ئەو خاوەن موڵكە، چونكە هەندێك بە تایبەتی ئەو جادانەی كە ئەمڕۆ لە كوردستان لێ دەدرێت زۆری مەسایفی تێدا دروست دەبێ خاوەنەكەی زۆری لە ئەرزەكەی دەكەوێتە، یەعنی جوتیارەكە لە موڵكەكەی دەكەوێتە بەر جادەكە ئەوەشی دەمێنێتەوە نابێ هیچی تیا بكات، بە بڕوای من دەبێ حسابی وەكو بڵێی تەعویز بە ئەوەشی بدرێت كە بۆ خۆی

قەدەغەیـە و نـابێ هیچـی تیـا بکـات، لەبەرئـەوەی زیـان بـە هاتوچـۆ و خـەڵك دەگەیـەنێ لەسـەر شـوێنە گشتیەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕازاو خان فەرمووو.

**بەڕێز ڕازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی هەشتەم تێبینیم لەسەر بڕگەی یەکەم هەیە کە خۆی بە هەموو شێوەیەك ڕێگە نادات واتـە دیاری کردووە کە ئەو خاڵانە چین ڕێگە نادات دروست بکرێت و جۆرە دڵنیایـەك ئەداتـە پرۆژەکـان، بـەڵام کە لە کۆتایی خاڵەکە دەڵێ مەگـەر وەزارەت بـە نووسـین ڕەزامەنـدی لەسـەر دابێـت، بەڕاسـتی ئەمـە دەرگـا دەکاتـەوە، دەتـوانم بڵـێم مەترسـیەکیش دەخاتـە ئـەوەوە کـە وەزارەت بـە چ شـێوازێك ئـەم سـەڵاحیەتە بەکاردەهێنێ، تێبینـم لەسـەر بڕگـەی یەکـەم ئەوەیـە لـە بڕگـەی 7 هـاتووە و باسـی ئـەوەی کـردووە خـاڵی یەکەمی باسی کردووە کە بەشێك لە قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکە بۆچی جارێکی تـر بەکاردەهێنـدرێ هـەمان مولاحـەزەم هـەبوو، بـەڵام لیژنـەی هاوبـەش پێشـنیاری ئـەوەیان کـرد کـە زیـاد بکرێـت، ئـەو کاتـە وەزارەت دەتوانێ لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان دا عەقد بکات و ئەو عەقدە بەڕاستی دەبێ بە شێوازێك بێت کە دڵنیـایی هـەبێت و جارێکی تـر ئیسـتغلال نەکرێتـەوە، ئێمـە دەزانـین کـە لـە هـەرێمی کوردسـتان دا لـە ئەنجامی ئەو شتانەی کە دووبارە بۆتەوە هەندێ ناوچە لەگەڵ ناوچەیەکی تر دا ڕێنماییەکان جیـاوازن، بـۆ ئەوەی ئێمە جارێکی تـر نەکەوینـەوە بـەردەم ئـەو حاڵەتـە وەزارەت بـەو شـێوە فراوانـە سـەڵاحیەتی خـۆی بەکارنەهێنێ و سیستمێکی وا یان ڕێنماییەکی وا هەبێت لە هەموو لایەکـەوە بـە یـەك شـێواز کـاری لەسـەر بکرێت، تێبینیم لەسەر ماددەی 8 و بڕگەی 2 جارێکی تر ئەوەیـە کـە ئێمـە بـاس لـە مـەودای 75 مـەتری ڕاست و هەروەها ئەمە بە نیسبەت یەك سایدەوە، دوو سایدیش باس لە سـەد مـەتر دەکـات، ئەمـە دەزانـین ستانداردێکی هەندەسیە و بۆ ڕێگای گشتی لەڕووی زانستی ئەندازیاریەوە بەکاردەهێندرێت، جارێکی تر کە دەڵێ ئەگەر لەسەر ڕەزامەندی وەزارەت و بـە پێـی مـەرج و بەنـد و بەسـتێك کـە وەزارەت خـۆی دایـدەنێت ئەمەش سەڵاحیەتێکی ترە، لەوانەیە مەترسـی بخاتـە بـەردەم ئـەوەی کـە تـۆ ئەمـە سـتانداردێکە و دانـراوە، ئەگەر بەو شێوازە نەبێ ئەو کاتە تەسك کردنەوەی ڕێگا گشتیەکان دێتە بەردەمت یاخود هەر مەترسیەکی تر، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەم ڕەزامەنـدی وەزارەتـە لابـبرێ لـەو فەقەرەیـە ئەگـەر بکرێـت دواتـر ڕێنمایی پێویستی بۆ دەربکرێت و هەمووی لە ڕووی زانستیەوە لەو مەودایە کەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرمووو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 8 بڕگەی 8 بە ڕەئی من دەبێ یاسای وەبەرهێنان لەبەرچاو بگیردرێ و لە ئەخیری فەقەرەکە ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێت و (وبالتنسیق مع هیئة الاستثمار فی الاقلیم).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینم لەسەر تەرجەمەکەیە بەڕاستی پرسیار ئاراستەی جەنابتان دەکەم، چونکە ئەگەر لێرە ئێمە دەق نەدەینە بەڕێزان لە لیژنە، پرسیارەکەم ئەوەیە، چونکە لە هەموو بەند و ماددەکان دا ئەزانم قسەی دڵی پەرلەمانتارانیشە، بۆیە من عەرزی دەکەم، ئایا هەر بەم سیاغە دێتەوە، ئەگەر قەرار بێ بەم سیاغە بێتەوە ئێمە لەسەر بەند بە بەند لە تەرجەمەکان دا مولاحەزەمان هەیە، خۆتان ئەم ماددەیەتان ملاحەزە کردو جەنابیشت ئیشارەتت پێی کرد، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا هەر ئەم سیاغەیە دێتەوە بە هەندێ تەعدیلاتەوە کە لە عەرەبیەکەی دەکەین، یان دائەڕێژرێتەوە؟ ئەگەر قەرار بێ دابڕێژرێتەوە من قسەم نیە، ئەگەر قەرارە هەر ئەمە بێتەوە و بخرێتە دەنگدان بەڕاستی لەسەر وەرگێڕانەکەی مولاحەزەمان هەیە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیعتماد دەکەینە سەر عەرەبیەکە و عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس، کاک شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی 8 خاڵی پێنجەم لە یەکەم، کە دەڵێ تەنها قەرەبووی تازە دامەزراوەکان دەکرێت، یەك پرسیارم لە بەڕێز لیژنەی یاسایی و بەڕێز وەزیریش هەیە لەو بارەیەوە، زۆر جار دەکرێت ئەو تازە دامەزراوانە یان ئەو دامەزراوانە هەر چیەك بن لەسەر زەویەك کراوە کە تاپۆی هەیە، جا جگە لەوە و بەدەر لە جۆری زەویەکە زراعیە یان نا، ئەو زەویە یان ئەو کەسەی کە خاوەنی زەویەکەیە و ئەودامەزراوەی لەسەر کردووە تەعویزی بەس دامەزراوەکە دەکرێت ئەی تەعوزیی زەویەکەی چی بەسەر دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەو قسەیە کاك فاضلیش کردی بەڵام لێرە لە ماددەی 8 یەکەم (من ای جهة کانت الا بموافقة تحريرية من الوزارة) یەعنی ئەوە عیبارەتێکی مەتاتیە و بە حەقیقەت ڕەنگە موافەقەی تەحریری بەهەر

وەزعێك بێت خەڵكانێك بە دەستیان بکەوێ و هەیە بە دەستی نەکەوێ ئەو موافەقەتی تەحریریە، یەعنی ئیجتهاداتی تێدا دەبێت، ئەوە لە بەندی دووەم هاتووە باشترە بە ڕەئی من (الا بموافقة الوزارة وفق شروط وضوابط یتم وضعها من قبلها) یەعنی زەوابت و شروتی تێدا بێ ئەوە، بە نیسبەتی کوردیەکەش بە حەقیقەت منیش لەگەڵ ڕەئی ئەو مامۆستایەی دامە، بەڵام وشەیەك هەبوو قەنتەرە لێرە ئاوباریان بۆ بەکارهێنایە ئاوبار خەزانە، قەنتەرە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم ماددەیە لە ئیستسنائاتەکان لە بەشی حەوتەم لە یەکەم هاتووە و دەڵێ بەکارهێنانی بەشێك لە قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی گەشتوگوزار یان خزمەتگوزاری ڕێگاکە، من دەپرسم بەڕاستی مەبەست لە خزمەتگوزاری ڕێگاکە چیە؟ خزمەتگوزاری ڕێگاکە مەبەست لە چیە؟، ئەگەر خزمەتگوزاری ڕێگاکە مەبەست لەوە بێ کە لەسەر ڕێگەی گشتی یان لەسەر ئوتوبانە هەی وەی لە هەر دە پانزە کیلۆمەتر وەك ئەوەی لە شوێنەکانی تر دەیبینین، جێگەیەك بکرێتەوە بۆ لادانی ئۆتۆمبیل و بۆ ئیسراحەتی خەڵکی مەناتقی سحی تیا بێت، ئەگەر بۆ ئەوە بێت، ئەوە نابێ بە ئیستسنا بێت دەبێت لە ئەسڵدا هەبێ، بە مانایەکی تر قسەکەم بکەم ئێمە چۆن بتوانین لەم یاسایە و لە کوێی ئەم یاسایە تەسبیت بکەین کەلە کاتی دروست کردنی ڕێگەی گشتی یان لە کاتی دروست کردنی ڕێگەی خێرا های وەی، ئێمە ئەوە تەسبیت بکرێت کە لە پانزە کیلۆمەتر بە پێی ستاندارد لە بیست کیلۆمەتر شوێنێك هەبێ بۆ حەوانەوەی خەڵکی کە هەموو ئەو پێداویستیانە تیا بێ و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا تەئیدی کاك د.عمر دەکەم بەڕاستی لەڕووی داڕشتنەوە بەڕاستی بە تایبەتی لە زمانی کوردی زۆر زۆر ڕەکیکە و نازانم چۆن تەرجومە کراوە، بەڕاستی وەکو جەنابیشت فەرمووی کە ئێمە عەرەبیەکە دەکەینە سەرچاوە بۆ دەنگدان و بۆ بەدواداچوون و دووبارە دابڕێژرێتەوە لەڕووی سیاغەی لەبەرئەوەی بەڕاستی بە زمانی کوردی ئێمە دەنگی لەسەر بدەین نەك لەسەر بنەڕەتی هاتنی پرۆژە یاسایەکە بە عەرەبی من لە خاڵی هەشتەم و لە دێی دووەم، شەشەم ئەم ماددەیە دەمێنێتەوە تا تەمەنی ڕەنیو هێنانیان بەسەر دەچێت، بەڕاستی تەمەنی ڕنێوهێنان بەسەر دەچێت، بەسەرچوو ئێمە دەزانین مانای

چیه بەس ئەگەر تەرجومەی عەرەبی بکەین، بەڵام تەمەنی وەرزی بەرهەمهێنانیان بەسەر دەچێت،یەعنی وەرزی وەبەرهەمهێنانی گەنمە ئێستا تاوەکو گەنمەکە دەدووروێتەوە و پاشان ڕێگایەکە هەڵدەگردرێ، ئەوە خاڵی یەکەم، پاشان بەمەرجێ ڕەنیو هێنانی تازەیان بۆ زیاد نەکرێت، ئەوە زەویە، زەوی دەبێ بە بەیار بمێنێتەوە، نەك یەك کۆمەڵ دەستەواژەی تێکەڵ و پێکەڵیان کردووە بەڕاستی سەر لەوە دەشێوێنێ کە بەڕاستی دەیخیننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر فەقەرەی 5 هەیە، (یصرف التعویض مع ما یلحق به من مصاریف واجور .... من التخصیصات الوزارة) من پێم باشە ببێتە (التخصیصات المشروع)، چونکە تەخسیساتی وزارە ئەگەر موعتەمد بێت لەسەر بودجە، ئەو بودجەیە دێ و نایە و ئەوەتا وەزعی بودجەی بە خۆمان دەزانین کە کەنگی تەسدیق دەکرێ و ناکرێ، تەخسیساتی مەشروع ئەگەر لەسەر تەخسیساتی مەشروع بێت مەشاریعی ستراتیجی مەفروزە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پێنج ساڵ پێشتر تەخسیسەکە هەمووی دابندرێت، بۆ ئەوەی دەستبەر نەبێ دەستی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و ستافەکە کراوە بێ لەوەی کە ئەو مەشروعەی تەنفیز بکەن، بگرە نا بەس ئەوە هەتا موخەسەساتی موهەندس و هەندەك شتیش، ئێمە شتێکمان تێبینی دەکرد لە مقاولات تەمویل هەیە و تەمویل نیە، ئەوانە هەموو ڕێگرن لەبەردەم ئاوەدانکردنەوە، بۆیە پێم باشە تەخسیساتی مەشروع، نا تەخسیسی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 8 چەند تێبینیەکم هەیە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم باسی وێستگەی سووتەمەنی هاتووە، واتە بەنزیخانە، من پرسیارەکم لە جەنابی وەزیر هەیە کە ئایا ئەو حدودە چەند دەکات لە نێوانی ڕێگای گشتی و لە نێوان بەنزیخانە و یان وێستگەی سووتەمەنی دەبێ هەبێ؟ چونکە هەندێ وێستگەی سووتەمەنی هەیە بەنزیخانە هەیە کە زۆر نزیکە لە ڕێگای گشتیەوە، لێرە وابزانم وەکو پێویست چارەسەر نەکراوە بەڕاستی، ئەم سنوورە دیاری نەکراوە دەبێ چەند بێت لە زۆر شوێن بەنزینخانە زۆر نزیك لە جادە دروست کراوە، وابزانم ستانداردێك هەیە کە بە پێی ئەو ستانداره حەز دەکەم وەڵامەکەی وەرگرمەوە، لە بڕگەی 3 دا باس لەوە دەکات هیچ لایەنێك ناشێ پردێك یان ئاوبارەیەك یان مەعبەرێك یان هەر دامەزراوەیەکی دی لە چوارچێوەی (ڕێگا گشتیەکان) ئەمە لە عەرەبیەکە دا دەڵێ (ضمن محرمات

الطرق العامة) يەعنی لێرە لە کوردیەکە دا دەبێ لە چوارچێوەی قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان بێ کە ئەوە تێدا نەهاتووە و حەزف کراوە، هەروەها لە بڕگەی 4 دا کە باس لەوە دەکات پێش بەکارخستنی ئەم یاسایە، ئەو تازە دامەزراوانەی کەسەر بە دایەرە فەرمیەکانی دەوڵەتن بە بێ بەرامبەر لە جێگا قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان لادەبرێن دیسان پرسیام لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر بەنزینخانەیەك لەو شوێنانە دا دروست کرابێ کە ئەوەش دەگرێتەوە، چونکە باس لەوە دەکات کە کاریگەری خراپیان بۆ سەلامەتی هاتوچۆ هەبێت، ئەی بۆ سەلامەتی هاووڵاتیان، تەنها سەلامەتی هاتوچۆ یان سەلامەتی هاووڵاتیانیش پێویستە لێرەدا زیاد بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی دەیەم دەڵێ ناشێ هیچ بینایەك یان دامەزراوە یان هیچ تازە دامەزراوێك دابمەزرێ کە بەکارهێنانیان مەترسی یان بێزار کردن یان کاریگەریەکی خراپی بۆ سەر ژینگەی ڕێگاکە یان بۆ سەر بەکارهێنەرەکانی بەهۆی دوکەڵ یان هەڵم یان غاز یان تۆز یان بۆنی زیان بەخش یان شتی لەو جۆرە بابەتانەیان لێ بکەوێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە زۆر لە ڕێگاکان لە نزیك ڕێگاکان زبڵ و خاشاك دەدرێت یان ئاگری تێ بەردەدرێت کە کاریگەریەکی زۆر خراپی هەم بۆ سەر ژینگە و بۆ سەر سەلامەتی هاووڵاتیان هەیە، لێرەدا پێویستە چارەسەر بکرێت بەڕاستی ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت یان هەر شتێك کە فڕێ بدرێت وەکو زبڵ و خاشاك کە لە نزیکی ڕێگا گشتیەکان دا فڕێ دەدرێت یان ئاگری تێ بەردەدرێت، چونکە باس لەوە دەکات کە تۆز یان بۆنی زیانبەخش کە زیانی بۆ هاووڵاتیان لێ بکەوێتەوە، ئەمە بەڕاستی لەزۆر شوێن دا هاووڵاتیان سکاڵایان هەیە سەبارەت بە سووتاندنی زبڵ و خاشاك لە نزیك ڕێگاکان کە بۆنێکی زۆر زۆر ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە، ئەمە پێویستە لێرە چارەسەر بکرێت بە وازحی، لە بڕگەی 11 هەمیش باس لەوە دەکات کە ڕێگای گوندەکان و ڕێگا کشتوکاڵیەکان لە حوکمەکانی بەندی دەیەمی ئەم ماددەیە دەبوردرێن، پرۆژە زراعی و کێڵگەکانی پەلەوەر و تروکانی هێلکە و هاوشێوەکانیان کە مەبەستی دەواجنە لێرە، دوایی باس لەوە دەکات کە ماوەی کەمتر نەبێ لە پێنج سەد مەتر دوور بن لە سنووری قەدەغە کراوەکانی ڕێگاکە، پێموایە بۆ دەواجن پێنج سەد مەتر کەمە، چونکە لە هاوینان دا بۆنێکی زۆر ناخۆش لەو دەواجنانە کە لە حدودی پێنج سەد مەتریش و ڕەنگە زیاتریش بن، بەڵام بۆنەکە دێتە سەر جادەکان و هەندێکیان لە نزیکی دانشتوانی هەندێك لە کۆمەڵگاکان و دانیشتوانەکانن، بۆیە پێویستە ئەم ماوەیە زیاد بکرێت بۆ دەواجن و لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر جەنابت ڕێگەم پێ بدەی هەندێ ڕوونکردنەوە لەسەر جانبە فەنیەکان بدەم، کاتێ کە باس لە موحەرەماتی ڕێگا دەکرێت و ڕێگا و موحەرەماتەکەی بەڕاستی ئەوە ئەوەیە کە وەکو باسمان کرد لە سەنتەری جادەکەوە کە دیاری کراوە لە بڕگەکانی و ماددەکانی ئەم یاسایە دا، موحەرەماتی ڕێگا ئیتر دوای

ئەوە ئەگەر ئەنقاز بێت، ئەگەر بینا بێ ئەگەر هەرچی شتێك بێت ئەوە ئیعتبار دەكرێت بە ڕێگە پێ نەدراو، موحەرەماتی ڕێگا هیچ ئیشێكی تیا ناكرێت بوو بە موڵكی ئەو ڕێگایە، بۆیە هەموو ئەوانەی كە دەكەوێتە ئەو موحەرەمەوە ئیعتبار دەكرێت بەوەی كە پارێزراوە، سەبارەت بە تەعویزەكان، بێ گومان كاتێ كە باس لەوە دەكەین و دەڵێین ئەگەر بینایەك پێش ئەوە كرابوو موحەرەمەكە كە باس كراوە باس لە تەعویز كراوە لە شوێنێكی تردا وەكو ئەرز، بۆ ئەرزەكە، بەس كاتێك كە موشەیەدێكیش كەوتبێتە ئەوێوە، ئێستا ئەمەی كە باس لێرە دەكرێت باس لە تەعویزی موشەیەدەكەیە نەك بێین بە تەنها جیامان كردبێتەوە و هی ئەرزەكەی نەهێنێ، چونكە ئەوە لە هی موحەرەماتەكە دا هاتووە، سەبارەت بە بەكارهێنانی موحەرەمات، ئێمە لێرە ئەڵێین ئەمە موحەرەمی ڕێگایە، ئەی باشە ئەگەر لەم ڕێگایە دا كێبلێك ڕاكێشرا، عەمودێك دانرا خۆ ناكرێ هەر بڵێین بچۆرە ئەو دیو حەفتاو پێنج مەترەكەوە، ئێمە كە دەڵێین ئێمە موافەقەتی ڕاكێشانی ئیجازەیەكی كێبڵ ڕاكێشان نادەین، یان ئیجازەی دروست كردنی بەنزینخانە نادەین، ئەوە وەزارەتی پەیوەنداری تر هەیە بیدات، یان هینی ئاو ئێمە شروتی بۆڕی ئاوەكە و ئەوانە دانانێین، بەڵام ئێمە تەنها لێرە دەڵێین (الموافقە) موافەقە بۆ بەكارهێنانی موحەرەمی ڕێگاكەیە، ئەگینا نەك موافەقە لەسەر تەفاسیلی بەنزینخانەكە یان لە تەفاسیلی پرۆژەكە، موافەقە لەسەر بەكارهێنانی موحەرەمی ڕێگاكەیە، دەشڵێین چیە، ئەی ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێكی ڕەها نیە، دەڵێین بە مەرجێك مەرجدارە تەئسیری هەبێت بۆ سەر سەلامەتی ڕێگاكە و هینی هاتوچۆ، ئەوە دەڵێین ئەگەر تەئسیری هەبێ بۆ ئەوە، ئەوە دەڵێین ئێمە تەبعەن ڕێنماییمان هەیە، بۆ نموونە كە ئێستا كێبڵ ڕادەكێشرێت دەڵێین دەبێ لە دە مەتر بەولاوە بێ و قوڵیەكەی ئەوەندە بێ و ساقیەكان پڕنەكرێتەوە و ئەوەی كە پەیوەستە بە فەنیاتی ڕێگاكە و سەلامەتی مرورەوە، ئەوە ڕوونكردنەوەكانم بوو، سەبارەت بەوەی كە ئەو تەعویزە لەسەر پرۆژەكە بێ من دڵنیام ئەوە شتێكی زۆر باشە و بەس چیە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە دەڵێین من (تخصیصات الوزارة لهذا الغرض) ئەوە لەویانا دەچێتەوە سەر ئەوەی كە مەشروعەكە تەخسیسێكی بۆ كراوە لەپرۆژەی ساڵانەدا، سەبارەت بە تێبینیەكەی لیژنەی هاوبەش، من پشتگیری لەوە دەكەم كە ئەو زنجیرەیەی كە دوو لە ماددەكە لە بڕگەی 7 زیاد بكرێت شتێكی زۆر باشە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەر ئەو تێبینیەمان هەبوو كە باسمان كرد جەنابی وەزیریش موافەقەی لەسەری كرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ ماددەیەكی تر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**اوزان الاثقال المحورية للمركبات**

المادة (9):

تحدد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطريق العام ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية وللوزارة استثناء بعض المركبات الاختصاصية العائدة لدوائر الدولة وكذلك مركبات القوات المسلحة وقوى الاسايش الداخلي والمركبات المستخدمة في الحالات الخاصة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**سەنگی قورساییە میحوەرەکانی ئۆتۆمبیلەکان**

ماددەی (9):

قورساییە میحوەریەکانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکار دەهێنن بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن کە وەزارەتەکە دەری دەچوێنێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاّو دەکرێتەوە، وەزارەتەکە بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی سەر بە دایەرەکانی دەوڵەت و ئۆتۆمبیلەکانی هێزی چەکدارو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئۆتۆمبیلەکانی بەکارهێنراو لە باری تایبەتدا، لەو کێشانە ببوورێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕای لیژنەی هاوبەش لە زنجیرەی شەشەمی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشدا تەنیا ئەو تێبینیە هەیە کە لە ماددەی 9 دا دەستەواژەی (الطرق العامە) بکرێتە بە ( الطرق العامة) و دەستەواژەی (قوی الاسایش) بکرێت بە (قوى الامن).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کاك پێشەوا، کاك فاضل، کاك اسماعیل، هاوڕاز خان و بەیان خان، د.احمد، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 9 هەروەکو لە ماددەکە دا هاتووە ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکاردەهێنن، بە بەیاننامەیەك لە وەزارەتەوە دەردەچوێنرێت فورسایی میحوەرەکانیان، هەندێك ئۆتۆمبیلی تایبەت کە ئیستسنا کراوە ئەوانەی کە کاری دەوڵەت و دائیرەکانی دەوڵەت دەکەن، من قسەم لەسەر ئیستسناکەی هەروەکو لە ماددەی 2 ی خاڵی 1 هاتووە ئامانج لەو یاسایە پاراستنی سەلامەتی ڕێگا گشتیەکانە، ئەوەی کە من مەبەستمە لێرە قسە لەسەر ئەو تەنکەرانەیە کە نەوت یاخود پێکهاتەکانی نەوت دەگوازنەوە، بە بۆچوونی من گرفتێکی سەرەکی بۆ ڕێگاکانی ئەگەر بە گشتیش نەبێ ڕێگاکان لە کوردستان، بەڵام بەشێکی زۆری ڕێگای قەزا و ناحیەکان یاخود ڕێگا گشتیەکان یان تووشی جۆرێك لە خراپی کردووە بەوەی هاتوچۆ و بارهەڵگرتنی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە نەوت یاخود پاشماوەکانی نەوت دەگوازنەوە، من پێم باشە لەم ماددەیە دا ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەمانە ئیستسنا نەکرێن، بەناو ناویان بهێندرێت، چونکە ئەوەندەی من زانیاریم هەیە پێشتر ئەمانە یەعنی بە بێ ئەوەی کە فورسایی میحوەرەکانیان بپێورێت باریان گواستووەتەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی ڕێگاکان بە تایبەتی ئەو ڕێگا گشتیانەی کە ئەمان هاتوچۆی پیادا دەکەن، بۆیە من پێم باشە لەناو ماددەکە ناوی ئەوانە بهێندرێ و بەدەر بن لە ئیستسنا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر هەمان تێبینی کاك پێشەوام هەیە بەڵام بەشێوەیەکی تر من دەری دەبڕم، لە هەندێ لە خاڵەکانی تریش باسی ئەو جیهازانە دەکات کە وەزنی سەیارەکان دەکێشن بۆ هاتوچۆ بۆ ئەوەی جادەکان تێك نەدرێت، بەڵام لێرە بەداوای لێ بوردنەوە دەڵێم ئەوەی کە من دەڵێم و تێبینی دەکەم خاترانە تیا نووسراوە، بۆ سەیارەی هێزی ناوخۆ و بۆ سەیارە نەقلیەکان، من دەڵێم لێرە دەبێ یەعنی مەفروزە بەڕاستی باسی لەڕووی هەندەسیەوە باسی بەهێز بوونی ئەو جادەیە بکرێت کە دروست دەکرێت، ئەگەر ئێمە بەیانی حاڵەتێکی سەربازیمان بۆ دروست بوو سەیارەی نەقلی هەیە و دەبابەش هەڵدەگرێ، لەوانەیە دوو مانگ و سێ مانگ و چل ڕۆژ بەیەك جادە هاتوچۆ بکەن و زیاتریش، ئایا ئەم جادەیە تەحەمولی ئەوە دەکات ئەو سەیارە نەقلیانە هاتوچۆی پیادا بکەن یان ئەم شێوە خاترانەیش چۆن لێرە تێدا جێ دەکرێتەوە، کێشەیەکی تری جادەکانی ئێمە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەیە کە هەمووومان دەبینین بەڕاستی کە زۆر جاریش حادیسەی دروست کردووە، لەسەر ڕێگا گشتیەکان پەڕینەوە دروست نەکراوە، نە لەناو گوندەکان و نە لە شوێنە گشتیەکان، یەعنی کاتی وا هەیە لەلای گوندێك دا تەماشا دەکەی دوو سەد سەر مەڕ بەسەر جادە دەپەڕنەوە و سەیارەیش لە دواوە هەمووی کەڵەکەی کردووەتە سەر یەك و شوێنی

پەڕینەوە دروست نەکراوە، لەژێری ئەو جادە گشتیەوە بپەڕێتەوە یان بە جسری سەرەوەی جادەکە بۆ خەڵك و هاوولاتیان کە پەڕینەوە دروست بکرێت لەو هەفتانەی پێشوو کە من بۆ دەوام دەهاتم بۆ هەولێر لەسەر ڕێگەی هەولێر ئەم جادەی بەینی کۆیە وکلکەسماق گوندێك هاتبوونە سەر جادەکە بە تایە سوتاندن و کەڵەکە بەرد لەسەر جادەکەیان دروست کردبوو، لەبەرئەوەی نە سەیارە موراعات خەڵك دەکات و نە شوێنی پەڕینەوەی خەڵك هەیە چەندین حادیسەی مرۆیی لەو گوندە دروست بوو، هیوادارم ئەم لایەنانە لەبەرچاو بگیردرێن لەو پرۆژانەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی 9 من تێبینیم لەسەر ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندارەکان هەیە بە تایبەتی لەسەر هێزەکانی ئاسایش لەبەرئەوەی ئێمە دەزگایەکمان هەیە لە کوردستان بەناوی دەزگای ئاسایشی کوردستان، ئەوان دەڵێن قوەی ئەمن، ئەمن نیە، ئەمن وشەیەك و دەستەواژەیەکی ناشیرینە کە بەکاردێت، بگۆڕدرێت بە قوەی ئەمن، بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێتەوە ئاسایش، لەبەرئەوەی ئاسایشمان هەیە و بەناوی دەزگای ئاسایشی وکوردستان نەك قوەی ئەمن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من قسەم لەوانەیە هەر هەمان ئەو قسانە بێت و یەك بۆچوونمان هەبێ، بەلام کاتێ کە دەڵێین، وەزنی زیاد نایاساییە، دیارە هەر لەم پرۆژە یاسایە کۆمەڵێ سزا دانراوە بۆ وەزنی زیاد، هەر ئۆتۆمبێلێك وەزنی زیادی هەڵگرتبێ کۆمەڵێ سزا دەدرێت، ئێمە هاتووین لێرە دوو شتمان کردووە، بەڕاستی یەعنی هەم ئەو ئۆتۆمبیلانەی سەر بە دامودەزگاکانی حکومەتن و هێزە چەکدارەکان و ئەوانەمان جیا کردووەتەوە لە خەڵکی تەمیزێکمان کردووە لە بەینی خەڵکی ئاسایی و یەعنی فەرق و جیاوازیەك لەلایەکی دی هاتووین یەعنی ئەو وەزنە زیادەیەی کە نایاساییە و شتێکی نایاساییە دەیکەین بە شتێکی یاسایی، بەهۆی ئەوە هەر لێرە سزای بۆ دانراوە، بۆچی ئەم جیاوازی کردنە بۆ ئەو تایبەت کردنە، بۆ ئەو یاسا شکاندنە، هەر لەناو یاساکە یاسا شکاندنێکی تری تێدایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گوتنێت من هاتنە كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەكانی منیش كرا ئەوەی كە تایبەت بوو بە دروست كردنی جادەكان كە مقاوەمەی ئەو مەركەباتانەیان هەبێ، بەڵام لێرەدا لە ئیستسنایەكە كە كراوە باس لەوە دەكات كە وەزارەتەكە بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی سەر بە دایەرەكانی دەوڵەت و لەگەڵ دواییش دەڵێ ئۆتۆمبێلەكانی بەكارهێنراو لە باری تایبەتدا، ئایا ناكرێ ئەمە هەردووكی بكەین بە یەك، ئۆتۆمبیلی تایبەت سەر بە دایەرەكانی دەوڵەت لەگەڵ ئۆتۆمبیلەكانی بەكارهێنراو لە باری تایبەتدا یەعنی بۆ ئەوەی واضح تر بێ كە ئەو ئیستسنائە چی دەگرێتەوە، بۆ نموونە ئەو ئۆتۆمبیلانەی كە تایبەتن بە خزمەتگوزاری شارەوانی كە ئەوانە پێویستە دەست نیشان بكرێن باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز كامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەگەر بەوە دەست پێ بكەم بەڕاستی ئەو گۆڕانكاریەی كە كرابوو لە قوەی ئەمن و ئاسایش، ئەوەی كە ئاسایش بێ یان ئەوە بێ، پێشنیاری من ئەوەیە با ئاسایشەكە بمێنێتەوە، سەبارەت بەوەی كە ئیستسناكە من تەنها بۆ ئەوەی كە ڕوونی بكەینەوە ئیستسناكە مەبەست لە چیە، بێ گومان ئێمە كێشەكەمان لەوانەیە ئەوەی كە كاك پێشەوا باسی كرد كێشەكەمان لەو تەنكەرانەیە كە موشتەقاتی نەوت دەگوێزنەوە و ئەوانە زۆرینەی جادەكانیان خراپ كردووە، بەڵام ئەوانەی كێشەكە چیە ئێستا غرامەكە ئەوەندە كەمە دەچێتە سەر قەپانەكە پێش ئەوەی بیكێشێ دەڵێ ها ئەوە پارەی غەرامەكە، لەبەرئەوە ئەوانە تەجاوزی خۆیان هەر دەكەن و پارەكەی دەدەن، ئێستا ئەوە بەچی موعالەجە كراوە، بەوە موعالەجە كراوە كە غەرامەكە ئەوەندە زۆر دەبێت دەچێتە حەدی ملیۆن ونیوێك ئیتر ئەو ڕەهایەی نامێنێ كە بتوانێ بەو

شێوەیە کار بکات، ئیستسناکە بێ گومان ناتوانرێ ئەوانە ئیستسنا بکرێت، چونکە خۆ چاودێری هەیە لەسەر ئەمە، ئیستسناکە مەبەست لە چیە؟ کاتێ کە مەوادی غزائیمان بۆ دێت ئێمە لە بەغداوە بە سەیارەکانی ئەوانەی وەزارەتی بازرگانی، کاتێ کە دێت ئەگەر بێتو نەهێڵین ئەوانیش مەوادەکەمان بۆ نانێرن، دائیمەن داوای ئەو ئیستسنایە دەکرێت، یان ئەو سەیارەیانەی کە وقود لە مەسفیەکانی بێجیەوە لە حسەی کوردستان دەهێنن و بەکارهێنانی ناوخۆ ئەوانەش ئیستسنایان بۆ دەکرێت، چونکە ئەگەر وانەبێ نەوتەکە ڕۆناکرێت لە شوێنی قەپانەکان دا غەرامەکە دەڵێ تاحەدێکی مەعقولە و دوای ئەوە دەبێ ڕۆ بکرێت، بۆیە دەبێت تەنها ئیستسنایەکە بۆ ئەوانەیە و وابزانم جەنابیشتان دەزانن مەسەلەی سەیاراتی عەسکەری و ئاسایش و ئەمانە ئەمنیەت ئەولەویەتی هەموو هەرێمێك وهەموو وڵاتێکە بۆیە دەبێ ئیستسنای ئەوانە بکرێت و ناکرێت ئەوانەش خازع بن بۆ ئەو قانونە بە دائیمی، تەنها ئەو ڕوونکردنەوەیەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەی ئێمە لەسەر ئەوە بوو کە باسکرا کە ئاسایش بکرێتە قیوەی ئەمن، بەڵام ئێمە قوە ئەمنیەکەی ناو ڕاپۆرتەکەمان سەحب دەکەینەوە و موافقین لەگەڵ ڕەئی بەڕێز کاك اسماعیل و جەنابی وەزیر بۆ ئەوەی ببێتەوە بە ئاسایش، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەو ئیستثنائە بەڕاستی لابردرێت، بەس تەنها بۆ قواتی موسەلەحە وقوەی ئاسایش بمێنێتەوە، چونکە جادەکات تووشی گرفت دەبن و تووشی وەکو جەنابی وەزیر دەزانێ و لەڕووی هەندەسیەوە هەموو لایەك دەزانن ئەو مەسەلەی داهاتەکانی نەوت بە تایبەتی یان بە دوو شێوە چارەسەر دەکرێت، یان غەرامەکە ئەوەندە زۆر بێت کە بەڕاستی مەنعی بکات، یەعنی لە کاتی دانانی غەرامە ئیستسنایە بۆ غەرامەیەك بۆ نەوتەکە بکەین کە نەیکەن، یەعنی ڕێگریان لێ بکرێت، لێرە ئیستیسنائیان بۆ نەکەین، چونکە ئەمە مەتاتیەتی تێدایە، (بعض المركبات الاختصاصية العائدة لدوائر الدولة في الحالات الخاصة) ئەمە زۆرە، من پێم وایە بۆ حاڵەتی ئەمنی وعەسکەری کە ئەوە حاڵەتێکە پاراستنی سنوور و هەرێمی تێدا بێت، ئەوانی تری تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم بابەتە لەوە زیاتر ئەهێنێت كە بەجدی تر قسەی لەسەر بكرێت، چونكە بەدەر لەمەسەلەی ڕێگاو بانەكان ئەو بارهەڵگرانەی كە زیاد لەتوانای یاسایی خۆیان بار هەڵدەگرن، ئەبن بە مەترسی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان، ڕۆژانە ڕووداوەكانیش ئەوە دەسەلمێنن، ئێمە كە ئەم یاسایە بۆ هەرێمی كوردستان دەردەكەین، ئەوەشمان لەبەرچاو نیە كە بەشێكی زۆری ئەو بارهەڵگرانە، هەڵگری ژمارەی وڵاتانی دراوسێن، لێرەو لەوێ كەواتە خوێندنەوە بۆ ئەو بارودۆخە ئەوەیە كە ئەم فەزایەی ناونراوە بازاڕی ئازاد لەڕێگەی ئەم بارهەڵگرانەوە جگە لەوەی كە كاریگەری سەلبیان كردۆتە سەر ڕێگاو بانەكان، كاریگەری زۆریشیان كردۆتە سەر ژیانی هاووڵاتیان و لەباری دەروونیشدا كەهاتوو چۆن دەكەن لە ڕێگا گشتیەكان یەكێك لە مەترسیەكان ئەمەیە، بۆیە من پێم وایە، غەرامەی مالی بەتەنها چارەسەر نیە بۆ ئەم مەسەلەیە، چونكە لەڕاستیدا بازاڕێكی ڕەشی زوڵم هەست پێ دەكرێت، كە مەسەلەی مالی ناتوانێت موعالەجەی ئەمە بكات، دەبێت بیر لەجەزای تر بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێك لەسەر ئەو قسەی بەڕێز سەرۆكی لیژنەی ئاوەدانكردنەوە دەكەم، بەڵكو وەڵامم بداتەوە، وەزارەتێكی وەك وەزارەتی كارەبا، جەنەرەیتەرێكی هێناوە، 169 تەنە، چی لێ بكات، ئیستیسنا نەكرێت، تكایە وەڵامم بدەنەوە كە بێت یان نەیەت؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەوە پرسیارەو وەڵامدانەوەکەشی ئاسانە، ئەمەی کە تۆ دەیڵێیت ئەبێت تەفکیك بکرێت، چونکە تۆ بۆ حاڵەتێکی تایبەت نابێت پرسیار بکەیت، ئەبێت بۆ حاڵەتی عام پرسیار بکەیت، جادەکە ئەگەر تۆ مۆڵەت بەهەموو ئەوانە بدەیت ئەوە ئەو کاتە موتڵەقیەتێك دروست دەبێت، مەسەلەن یەکێکی تریش بەبیانووی ئەوەی کە مەوادی خۆراکی و بائیعی دێنێت وەزنی زیاد دروست دەکات، یەکێکی تریش بەهەمان شێوە، بۆیە دەبێت ئەوە موعالەجە بکرێت و بە تەفکیکی ئەو ئامێرانە بێت، ئەو کاتە وەزنەکە زیاد نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئیستیسنائە ئەگەر سەیری یاساکەی عێراقیش بکەین یاسای زۆر لە وڵاتانی تریش ئەو ئیستیسنائەی تێدایە، ئیستیسنا کردنیش، ئەگەر وەزارەتێك مەشکوك بین لێی کە بەرەهائی دەسەڵاتەکەی بەکار دێنێت بۆ تاجر و بەڵێندەرەکان، ئەوە پێویست دەکات کە هەر سەحبی سیقە لەوەزیرەکە بسەندرێتەوە، ئەگەر بتوانێت بەرەهائی ئیش بکات و لەزیانی جادەکان بێت، ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە لەهەندێ حاڵەتی تایبەتدا بکرێت، بۆ نموونە ئێمە هەر خۆمان وەك وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەو جادانە یان ئەو جسرانەی کە پریکاستی پێ دەڵێن دورستکراوە وەزنەکەی لە حەدی خۆی تێ دەپەڕێت بۆ حاڵاتی تاك تاکە، وەکو ئەوە نیە کە ئێستا دەیبینین ئەوە بۆ موشتەقاتی نەوتە کە لەجیاتی ئەوەی بە بۆری بگواسترێتەوە لەسەر جادەکە دەگواسترێتەوە، ئەوەیە زەرەرە گەورەکە لەسەر جادەکان دروست دەکات، بۆ نموونە کەرەستەو کەلوپەلی بینا سازی، ئەیبینین بەشێوەیەك ئەکسلەکان زیادیان کردووە بووە بە چوار ئەکسل و پێنج ئەکسل لە ناوەندی جادەکەشدا دوو ئەکسل بەرز دەکەنەوە، ئەوانە ئیستیسنا ناکرێت، بەڵام ئەمە دەبێت بۆ نموونە ئێستا موادی خۆراکییەکە کە لەبەغدادەوە دێت، ئەو عەقدانە لەلای ئێمە ناکرێن، وەزارەتی تجارەی عێراقی دەیکات، چەندجارێك ئێمە وەزارەتی بازرگانی پەیوەندیمان کردووە بە بەغدادەوە وتوومانە تکایە ئەو عەقدانە با سنووری کێشەکان دیاری بکرێت ئەوان ئیلتیزام ناکەن، ئەگەر نەیەڵن بێت خۆ نایینێرن

زۆرجار لە سەیتەرەکان ڕادەوەستێت دەڵێن کاکە وەزنی ئەوەی کە ڕێگاتان پێ دەدرێت وەزنێك نیە بڵێین چوار ئەوەندەی وەزنی ڕێگا پێدراوە، دوو تەن یان سێ تەنی هەیە، ئەگەر غەرامەی بکەیت دەڵێت من ئیتر مەوادی غیزائی ناهێنم، یان بەنزین ناهێنم، لەو بەینەدا لەسەر مەسەلەی سووتەمەنی کە دەمانبردنە سەر قەپانەکان کە سووتەمەنی لە بێجیەوە دێت، حصەی ئێمە لەبەغداوە دێت، فەترەیەك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕایانگرت، سووتەمەنیان نەهێنا، بۆیە ئیستیسنائەکە من بەگرنگی دەزانم کە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (10):

اولاً: تتولى الوزارة بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية تحديد مواقع محطات وزن المركبات وعلى الوزارة تأمين الابنية والساحات الملائمة لها مع توفير اجهزة الوزن وصيانتها.

ثانياً: تتولى مديرية المرور العامة والوزارة تسلم وادارة وتشغيل محطات الوزن ويتم فرض العقوبات على المخالفين بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية وفق احكام هذا القانون.

ثالثاً: للوزارة الحق باناطة تولي مهام ادارة وتشغيل محطات الوزن التابعة لها الى القطاع الخاص وفق تعليمات تصدرها الوزارة بهذا الشأن في ضوء احكام هذا القانون.

رابعاً: تخضع جميع محطات الوزن التي تشغل من قبل القطاع الخاص للتعليمات والضوابط التي تصدر من قبل الوزارة في هذا الشأن على ان لايتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (10):

یەکەم: وەزارەتەکە بەهاودەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆدا دیار کردنی جێگاکانی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی، پێویستە لەسەر وەزارەتەکە بینایە گەل و گۆڕەپانی لە باریان بۆ دابین بکات لەگەڵ فەراهەم کردنی جیهازی کێشان و پاراستنیان.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی وەزارەت، وەرگرتن و هەڵسووڕاندن و ئیدارەی وێستگەکانی کێشان دەخەنە ئەستۆی خۆیان و سەپاندنی سزاش بە هاودەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆدا، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەسەر سەرپێچیکاراندا دەسەپێنرێت.

سێیەم: وەزارەت مافی ئەوەی هەیە ئەرك و فەرمانی ئیدارەو بەکارخستنی وێستگەکانی کێشان، کە ئیشی خۆیەتی هەواڵە بکات بۆ کەرتی تایبەت بەپێی رێنمایی گەلێك کە وەزارەتەکە خۆی دەری دەچووێنێت بۆ ئەم مەبەستە لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

چوارەم: هەموو وێستگەکانی کێشان کە دەکەونە دەست کەرتی تایبەت، دەکەونە ژێر رکێفی ئەو رێنمایی و بەندو بەستەوە (الضوابط) کە وەزارەت دەریان دەچووێنێت بۆ ئەم مەبەستە، بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ نەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش دەقاودەق، لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، هیچ مولاحەزەیەکمان نیە، تەنها داواکارییەك نەبێت کە لەسەر داوای جەنابی وەزیر هاتووە، داوا دەکات کە فەقەرەیەکی تر ئیزافە بکرێت، بۆ ئەم ماددەیە بەم شێوەی خوارەوە ئەگەر ڕێگامان پێ بدەیت دەیخوێنمەوە، (المادة العاشرة: خامساً: 1- یستوفی مبلغ قدرة (1000) دینار کأجور مقابل عملیة وزن لکل مرکبة في محطات الاوزان، ثانیاً: تسجل

اجور مستوفى في الفقرة(1) (خامساً) من هذه المادة ايراداً للوزارة، ثالثاً: تقسم حصيلة الايراد المنصوص عليها في الفقرة (2) (خامساً) اعلاه من هذه المادة على الوجه الآتي: أ- (75٪) خمس وسبعون بالمائة منها تودع في حسابات الوزارة وتخصص لصيانة وادامة محطات الاوزان وتوفير المواد والمستلزمات الضرورية والمواد الاحتياطية لهذه المحطات، ب – (25٪) خمس وعشرون بالمائة منها حوافز للعاملين الشاغلين ومن ضمنها منتسبي المرور العامة في محطات الاوزان، ج – في حالة اناطة مهام الادارة وتشغيل محطات الاوزان التابعة للوزارة للقطاع الخاص وفق التعليمات الخاصة الواردة في الفقرة (الخامسة)من هذه المادة يتم تغطية النفقات التشغيلية، في الموارد المستحصلة في الفقرة (أ)من هذه المادة وفق التعليمات التي تصدرها الوزارة مع مراعات القوانين والتعليمات الصادرة بهذه الخصوص، د- للوزير اصدار التعليمات اللازمة لهذه الصدد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات، دوو كەس، ئاهەنگ خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیقتراحەكەی وەزیر زۆر بەجێیە، من بەتەما بووم كە ئەو شتە بڵێم، بەڵام جەنابی وەزیر خۆی داوای كرد، من لەگەڵ ئەوەشدام كە ئەو غەرامەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، بۆچی بگەڕێتەوە ئەو مەبالغی غەرامانە تا وەزارەتی مالیە یان وەزارەتی گواستنەوە یان وەزارەتی ناوخۆ، وەری نەگرن، لە هەر وەزارەتێك بەتایبەتی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە كێشەی هەموو حاڵەتە لەناكاوەكان و لافاوو بەفربارین، هەموو ئامێرەكان لەسەر شانی ئەم وەزارەتەیە، ئەگەر ئەم وەزارەتە تەخەصوصاتی مەبلەغێك پارەی ئانی نەبێت بۆ ئەو ئیشانە یان تەخەصوصاتێكی نەبێت بۆ ئەوەی ئەو پارەیە بەكار بهێنێت بۆ ئەو حاڵەتە لەناكاوانە ئەو وەزارەتە، ئەگەر چاوەڕوان بكات ئەوە پەكی دەكەوێت، ئەو مەبلەغانەی كە وەری دەگرن مەفروزە خۆی حسابێكی خاصی بۆ بكرێتەوە، بەكار بێت بۆ صیانەی ئەو ڕێگایانەو ئەو زەرەرانەش، یەعنی نەچێتەوە وەزارەت، بەڵكو بدرێتە حەوافز، فەرعێك لەوەزارەتەكە بكرێتەوە كە ناوی لێ بنێن حاڵەتی لەناكاو، ئەو بەشە بەشێوەی ئانی هەستێت بە چاككردنەوەی هەموو ئەو زەرەرانەی كە دروست دەبن، لە ئەنجامی ئەو حاڵەتە لەناكاوانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سالار فەرمووە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی كە پەیوەندی بە قەپانەكانەوە هەیە، كە پێویست دەكات ڕێگا گشتیەكان لەباری ژینگەییەوە، فەراهەمیان بۆ بكرێت ئێمە دەبینین بوونی ئەو قەپانانە كاریگەری لەسەر خراپی ژینگەو هەم لەسەر ناشیرین كردنی ئەو كەشوهەوایەی كە لەدەوری ئەو قەپانانە هەیە، چونكە هەر مەوادێكی زیادە كە لە بارهەلگرەكان زیادە شوێنێكی شیاوی وا نیە لێی ڕۆ بكرێت، دەكرێتە دەورووبەری ئەو جادە گشتیانەوە، كە ئەمەش ئاسەواری دەروونی و ژینگەیی خراپی لێ دەكەوێتەوە، من پێم وایە جگە لەمەسەلەی قورسایی بابەتێكی تریش هەیە كە پەیوەندی بە توندوتۆڵیەوە هەیە، ئەمە لەكوێدا جێگای دەبێتەوە كاتێك ئەو بارهەلگرانە ئەو بارەی هەڵیان گرتووە لەسەر جادەكان لێی دەڕژێت، لێی فڕێ دەدەن، كە كاریگەری لەسەر هاتووچۆ كردووە، ئەو غەرامەشی كە وەری دەگرن لێیان كە من تەعقیبم لەسەر ڕستەیەكی بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوە هەیە كە كاتێك زۆر بەسانایی باس لەوە دەكات ئەوانە بە غەرامەیەكی سادە تێدەپەڕن ودەڕۆن، لەڕاستیدا لەسەر ئەم جوملەیە پێویستە پەرلەمانی كوردستان وەستانێكی جدی هەبێت، چونكە ئەمە پەیوەندی بە ژیانی خەڵكەوە هەیە، ئایا ئەمە كێ چاودێری دەكات، بەچ ڕێ وشوێنێك ئەم دەزگایانە دەدرێنە دەست خەڵكانێك كە بەشێوازێك مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسئەلە گشتیەدا دەكەن، كە غەرامەیەك كەم یان زۆر بتوانێت دەربازیان بكات، لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا بەرژەوەندی گشتی و ژیانی خەڵك بخەنە بەر مەترسی، بۆیە من پێم وایە ئەو مەسەلەی غەرامەیە جارێكی تر تەئكیدی دەكەمەوە ڕەچاو بكرێت، پێداچوونەوەی بۆ بكرێت بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات، جگە لەوە من پێم وایە مەسەلەی ڕێنمایی و هۆشیاری لە كۆمەڵگای ئێمەدا بۆ ئەم بابەتە زۆر زۆر كەمە، ئەو غەرامەی كەوەردەگیرێت لەبارێكی تردا بخرێتە سەر ڕێنمایی بۆ هاتوچۆكەران، بۆ بارهەلگرەكان، بۆ ئەو لایەنانەی كە پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك سالار وەك جەنابی وەزیریش کەمێك باسی کرد لەوانە مەسەلەن ئەو سەیارە گەورانەی کە خۆراك دێنن لە بەغداد، یان ئەو سەیارە گەورانەی کە نەوت و گاز وغاز دێنن، ئەمانە دەڵێیت مەیهێنە کە وتت ئەوانیش نایهێنن و ئەوکاتە کوردستان پەکی دەکەوێت، من نموونەیەکم لە بیرە، جەنابی پارێزگاری هەولێر جارێك شتێکی کارەبایی هاتبوو زۆر قورس بوو، یەکێ لە پردەکان تەحامولی نەدەکرد، خۆی چووە ژێر پردەکە وتی ئەم پردە تەحەمول دەکات فەرموو بیگوازنەوە، فەترەیەکی زۆری پێ چوو هەر نەیانهێنا وتی من لە ژێر پردەکە دەبم با بمرم قەیناکە، بەو پێیە ئەگەر یاسا جێبەجێ بکرایە ئەوە لە 100٪ نەدەبوو ئەو شتە بێنن، ئەگەر نەشیان هێنایە ئەوە خەڵکەکە پەکیان دەکەوت، بۆیە دەبێت هەندێجار چاوپۆشی لەهەندێ شت بکرێت تا بێ خۆراك نەبین یان بێ نەوت وگاز نەبین، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بۆچوونەکەی جەنابت تێبینی هەڵدەگرێت، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگترە پەیوەندی بە ژیان، خەڵکەوە هەیە، ئێمە ئێستا لەدانیشتنی پەرلەمانین دوورنیە نیو سەعات پێش ئێستا یان دوای ئێستا ئەو بارهەڵگرانە ڕووداوێکی زۆر گەورەیان لێ ڕوونەدابێت و چەندین خەڵك نەبووبێت بە قوربانی، بۆیە ئەمە شتێکی سانا نیە لەنێوان ژیانی خەڵك و دابین کردنی پێداویستیە گشتیەکانیان ئەمە مەسەلەیەکی ترە، لەنێوان چۆنیەتی ڕووبەروبوونەوەی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بەژیانی گشتی و خەڵکەوە هەیە، بابەتێکە لەچوارچێوەی ئەم یاسایەدا دەبێت چارەسەری جەزری بۆ بکرێت، چونکە بڕواتان هەبێت ئەمە شەڕێکی ساردە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، ئەو پرسانەی کە پەیوەندی بە هاتووچۆی گشتیەوە هەیە، ڕێگاوبانەکانەوە هەیە کارەساتی گەورە گەورە لێرەو لەوێ دەخوڵقێنێت کە بەشێکی پەیوەندی بە ئیستیغلال کردنی ڕێگاوبانە گشتیەکانەوە هەیە، بۆیە ئەو بابەتانە مەصاڵحی خەڵکی تێکەوتووە، مەصاڵحی وڵاتانی تێکەوتووە، ناکرێت بە سانایی قسەی لەسەر بکرێت بۆیە من لەڕاستیدا لەسەر ماددەکانی تریش قسەی جدی ترم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازەم بدەی با هەندێ ڕوونکردنەوە بدەم لەسەر ئەو ماددەیە، لەسەر ئەو زیادەیەشی کە کردوومانە، ئێمە کاتێك کە دەڵێین من نامەوێت پێش وەخت باسی ئەو غەرامانە بکەین کە دایدەنێین، ئەو نموونەی کە من هێنامەوە بوو بەجێگای پرسیارێك لەلای یەکێك لە ئەندامە بەڕێزەکان، ئەوەیە کە دەڵێم ئێمە ئێستا لەسەر یاسای عێراقی عقوبەکە دەدەین، بۆیە بۆ هەموو تەنێك 10 هەزار دینار غەرامە دەکەین، ئەگەر 10 تەنیش زیادە باربکات بۆ نموونە ئەوە 100 هەزار دەکات کە ئەمەش هیچ ناکات، بەڵام ئەگەر سەیری ئێرە بکەین کە ئەم عقوبانە وای لێکراوە بەشێوەیەك کە جارێ ناتوانێت تا 10 تەن بار بکات، تا حەدی ئەخیری 8 تەنە، کە غەرامەی دەکرێت، غەرامەکەش ئەوەندە زۆرە وای لێدێت لە مەرحەلەیەك لە مەرحەلەکان بۆ هەر تەنێك دەبێت بە 150 هەزار، بۆ هەر تەنێك لەسەرووی ئەوەشەوە پێویست دەکات دای بگرێت و بارهەڵگرەکەی حجز دەکرێت، یەعنی زۆر قاسییە و لەمەودواش ڕێگا نادرێت ئەو ڕێگایەی کە جەنابیان خەمیانە ئەوە زۆر ڕاستە، خەمی هاووڵاتیانە ئەمە لێرەدا موعالەجەی کراوە، دووەم: بەنیسبەت ئەو ئیرادەوە کە وەردەگیرێت ئەمەی کە من پێشنیارم کردووە بۆ بەڕێزتان ولیژنەی هاووبەش خوێندییەوە کە یەکێك لەو بڕگانە لەم ماددەیەدا، بەپێنجەم زیاد بکرێت وەکو ئیرادێك ئەوە ڕەسمە لەسەیارەکان وەردەگیرێت بۆ هەر کێشێك، یەعنی لە قەپانەکە وەردەگیرێت، ئەوە موعالەجەی چی پێدەکرێت لە 75٪ی بۆ پێداویستیەکانی ناو قەپانەکەیە، کە ئەم قەپانانەی کامێرای چاودێری دەوێت، پاککردنەوەی دەوێت، ئەو شتانەی کەدایدەگرین نازانین بەچ پارەیەك بیکەن، کە جادەکە ناشیرین دەکات کە دەیهێنینە دەرەوە هەر قەپانەکە خۆی پلێت و ئەو شتانەی کە پێویستی پێیەتی بە شێوەیەکی بەردەوام صیانەی دەوێت، کە ئەوەش لە بودجەی پرۆژەکانی تر دەبات، بۆیە ئەو 1000 دینارەی کەوەردەگیرێت بۆ یەك سەیارە هیچ ناکات، بەڵام لە 75٪ی دەچێتە صندوقێکەوە تایبەت دەبێت بە صیانەو پێداویستیەکانی ئەو قەپانە، لە 25٪ەکەی تری تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەی وەك موکافەئە بدرێت بە عاملین لە مرووڕو لەئەوانەی کە لەوێ ئیش دەکەن، بۆچی چونکە ئێمە زۆرجار دەبینین کەئەگەر موکافەئە نەبێت هەست دەکەیت کە هەمیشە مەبدەئی موکافەئەو عیقاب پێش دەخات، ئەگەر ئەو بزانێت ئەو ڕەسمەی کەوەری دەگرێت بەشەویش قەپانەکە داناخات، ئێمە لەزۆربەی کاتەکان دەبینین کە قەپان داخراون و سەیارەش

ڕێ دەکات و مەفرەزەی مرووریش لەوێ نیە کە بیخاتە سەر قەپانەکە بۆیە ئەو مەبدەئی موکافەئەیە وادەکات کەشەوو ڕۆژ قەپانەکان فەعال بن، بە مروورو کارمەندە مەدەنیەکانی سەر بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەشەوە هەوڵ بدەن کە هەموو سەیارەیەك بهێننە سەر قەپانەکەو هیچ سەیارەیەك تێنەپەڕێت، تایبەت بەوەی کە بۆ صیانەی ڕێگاوبان بەکار بێت، ئەوە لە عقوباتەکەدا باس کراوە، کە دەڵێت ئەگەر هاتوو عقوباتەکان کەوەری دەگرین کە لەوانەیە بگاتە 150 هەزار دینار ئەو پارەیە دەچێتە صندوقێکەوە لە 75٪ی تەنها بۆ صیانەی ڕێگاوبان سەرف دەکرێت، لە 25٪ی دەبێت بە موکافەئە، بۆ عاملین، وەك جاران نابێت ئێستا ئەو 10 هەزارەی کەوەردەگیرێت دەبێتەوە بە ئیراد دەچێتەوە ناو ئیراداتی عامەوە وەهیچ سودێکی نیە بۆ صیانەی ڕێگاوبانەکان و قەپانەکانی پێبکرێت، ئەوەی کەلەوەو پێش پیادەکراوە بەس ئێستا موعالەجە کراوە لەهەردوو بڕگەکەدا کەدێینە سەری، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش هیچ ڕوونکردنەوەتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕوونکردنەوەی کەجەنابی وەزیر دای، ئێمە هیچ قسەیەکمان لەسەری نیە، بەنیسبەت ئەو غەرامەی کەباسی کرد لەماددەکانی دواتردا باسی لەسەر کراوە، کە بەچ نیسبەتێك تەوزیع بکرێت بۆ صیانەی ڕێگاکان و بۆ دابەشکردنی بۆیە هیچ قسەمان لەسەری نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (11):

يعاقب بغرامة لاتقل عن (250000) مئتان وخمسين الف دينار ولاتزيد على (500000) خمسمائة الف دينار كل من:

اولاً: الحق ضرراً بالطرق العامة من شانه عرقلة السير والمرور وتشكيل خطورة على مستعمل الطريق.

ثانياً: اهمل التنبيه نهاراً او التنوير ليلاً بالنسبة لاعمال الحفر او المواد المطروحة على الطرق العامة.

**ثالثاً: استخدام (الطرق العامة)لغير الاغراض المخصصة لها او نقل حمولة يتسبب على سقوطها خطراً على الطريق، دون اتخاذ الاحتياطات اللازمة لحماية مستخدمي الطريق**

**رابعاً: خالف قواعد استخدام الطرق السريعة المعلنة من قبل دوائر المختصة.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكايە بە كوردیەكەش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی شەشەم**

**سزاكان**

**ماددەی (11):**

**بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێت و (500000) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت هەر كەسێك:**

**یەكەم: زیانێكی ئەوتۆ بە رێگا گشتیەكان بگەیەنێت ببێتە مایەی گرتنی هاتوچۆو ببێتە مایەی مەترسی لەسەر بەكارهێنەری رێگایەكە.**

**دووەم: ئاگادار كردنەوە بەرۆژو روونـاك كردنەوە بەشەو بخاتە پشت گوێ لەو جێگایانەدا كە كاری هەڵكەندنی تێدا دەكرێت، یان لەسەر رێگە گشتیەكان ماددە گەلێك دانرابن.**

**سێیەم: بەكارهێنانی رێگە گشتیەكان بۆ غەیری ئەو مەبەستانەی كە بۆیان دانراون، یان بۆ گواستنەوەی ئەو بارانەی كە ئەگەر بكەون مەترسی لە رێگاكەدا دەخەنەوە، پێشبینی پێویستی بۆ پاراستنی بەكارهێنەرانی رێگەكە نەبوو بێت.**

**چوارەم: سەرپێچی لە رێساكانی بەكارهێنانی رێگا خێرایەكان كرد بێت، كە لەلایەن دایەرە تایبەتمەندەكانەوە راگەیەنراون.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**ڕای لیژنەی هاوبەش تكایە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە تەئیدی ماددەكە دەكەین، هیچ مولاحەزەیەكمان لەسەری نیە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات؟، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بكەن، ( ناسك تۆفیق، بەیان احمد، ژیان عمر، قادر احمد، ئەمیر گۆگە، قادر حسن، محمد شارەزووری، شێرزاد حافز، پێشەوا توفیق) ناسك خان، فەرموو.**

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من مادام لە بەشی سزاكاندایین تەواو پشتگیری قسەكانی كاك سالار دەكەم، كە هەر غەرامە لەوانەیە كیفایەت نەبێت، بەڵام ئیشكالم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە بڕگەی دووەم وچوارەم هەست دەكەم غەرامەی مروورین، ئەمانە عائیدی دائیرەی مروور نین بۆ تێكەڵ كراوە، بەس لە سەرپێچی ڕێگا خێراكانـدا، لەگەڵ ئیشارەت داگیرساندن بەشەوو بەرۆژ ئەو پرسیارەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەیان خان، فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕەئیا من غەرامە ب تنێ كێمە، یەعنی ئەڤ غەراما دانای كێمە، ئـەز دبێـژم 500 هـەزار بـۆ 750 هـەزار باشە ئەڤە، دگەل هندێدا تەبعەن بشتەڤانیا بۆچونا كاك سالاری دكەم، كـو فعلـەن غەرامـە ب تنـێ نـەبیتن، ڤێتن حەپسیش دگەل دابیتن، من دیراسەتا هندەك یاسایێت ولاّتان كرد، فیعلەن دگەل غەرامەی حەپسیش هەی، ڤێتن ئەولەویەتامە ئەڤە بـیتن، سـەر سامانا خـەلكێ مـە، سـەر ژیانـا خـەلكێ مـە، یـەعنی گرنگیـا ب دەرەجە ئێك بیتن، پاشی تشتێ دیكە دیڤـدا دێـتن، ل بـەر هنـدێ ئـەز تەئكیـد ل ڤێـرێ دكەمـەوە، چونكی ڕۆژانە قوربانییێت د ڕێكامە دێت، ئەڤ ڕێژا هەمی ب ڕاستی ڕۆژ ب ڕۆژ بەرەو زێـدەتر دێـتن، ل بـەر هنـدێ گەلەكا ئەم تەئكیدێ گەل غەرامەی دكەین، دگەل حەپسـێ ژی، خـالا دیـترێ د گەلـەك ولاّتـا بـاج ژی هـەی، باجا ڕێكێ هەی، ئیحتیمالە مەبلەغەكی كێم ژی بیتن، بەس مەسلەحەت دابیت بـۆ سیانە كرنـێ، هەروەسا بۆ باشتر كرنا ڕێكێتمە، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ژیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك سالار دەكەم، چونكە ئەمـە ژیـانی خەڵكە، ئێمـەش تەجروبـەمان لەگەڵ غەرامەی مالیدا هەیە، یەعنی زۆر هاووڵاتی سڵی لێ ناكاتـەوە، پێویسـتە سـزای مـرووری دابنـدرێت بـەپێی یەكجارو دووجار كە یەكەمجار سـزاكە چۆنە، ئەگـەر دووبـارەی كـردووە سـزاكە چۆنی لـێ دێـت، تـا زیـاتر خزمەتی هاووڵاتیان بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر احمد، فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش لەسەر ئاستی غەرامەكە لە 250 هەزار بۆ 500 هەزار قسەم هەیە، كە پێم وایە كەمە، چونكە ئەوەی تێبینی دەكرێت غەرامە نەك لە ولاتی ئێمە لە ولاتانی دونیاش یەكێكە لە هۆكارەكانی سەپاندنی یاسا، بۆیە پێم وایە كە دەبێت حەدی ئەدنا 500 هەزار بێت بۆ سەرەوە بۆ غەرامەكانی تر، وە پێشنیار دەكەم ئەو غەرامەیە بچێتە صندوقی ئاوەدانكردنەوەو چاككردنەوە ڕێگاو بانەكان لەسەر میلاكی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بێت، ئێمە هەموو ئەم یاسایانە دەردەكەین بۆ خزمەتی هاووڵاتیانە، حكومەت غەرامەی هاووڵاتی دەكات، بەڵام ئەگەر وەزارەت لە ڕێگاو بانێكدا لەسەر كەمتەرخەمی كە بووە هۆی گیان لەدەستدانی هاووڵاتیەك كێ بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ؟ بۆ نموونە من لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لەسەر ڕێگایەك كە هەڵدەكەندرێت بۆ چاككردن هیچ ئیشارەتێكی لێ نەبوو، بەسەردا هاتم سەیارەیەك كەوتبووە چاڵەكەوە، كێ بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵدەگرێت؟، بۆیە پێم وایە لەم یاسایەدا سزایەكیش بۆ وەزارەت و بۆ ئەو دەزگا پەیوەندیدارانە هەبێت كە لەسەر ئاستی كەمتەرخەمییان هاووڵاتیان تووشی مەترسی دەكەن، سوپاس.

**بەر بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ئەمیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گۆگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ڤی خاڵی ئەگەر ئەم تەماشا بكەین، ئەڤ ڕێكێت نوكە چێ بن، ب ڕاستی تشتەكێ ڕاستە ڤێرێ غەرامە هەیە، بەس ئایا تەتبیقا ڤێ غەرامەی كێ تەتبیقا دكەت، نوكە چەند ڕێكێت تو سەح كەیێ، ئەڤێ دێنە جێبەجێ كرن، یەك ژوان هیچ خالەكێ مروری تێدا نایێنە جێبەجێ كرن، موجەرەد وەختێ ڕێكێ چێكرن، چەند ئیشارەتەكێ ئێك ئیشارەت كا دادەنێت، یان دانانێت، ئەڤە بیت ئەگەرێ كو دەهان حادیسە چێ دبن، نوكە بۆ نموونە، ئەڤ ڕێكا زاخۆ دێتە چێ كرن، ڕێكا گەلیێ زاخۆیە، خیلالێ شەش ڕۆژا پێنج حادیسە لەو ڕێگەیە چێ دبی، لەو سێ جهێ چێ دبی، ئەو ژیش ئەگەرێ حادیسە مروری، ئەگەرێ نەپێ گری، باشە چ دیف چونا ڤێ تشتێ كرن، ژبەر هندێ باشە ئەگەر خالەكێ دیكە بێتە زێدە كرن، (تتولى الجهات الادارية في المنطقة الاشراف على تنفيذ هذه الفقرة) یەعنی تەمامێ دگەل گۆتنێدا هەیە، بەس ئایا جێبەجێ كرنا هەیە؟، نەخێر نینە، گەلەك جارا وەزارەت، ئەو وەزارەت ڤی كارێ ڕابن، وەكی برادەرێ بەرێ بەحس كری، ئەو وەزارەتا ب خۆ ڕابن شارعەكێ دكەن، بەس هیچ ئیشارەتەكێ مروری نا دانێن، باشە ئەڤ خالا گەلەك گەلەك ب جدی بێتە وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا قسەکانی من کران بەس بۆ تەئکید ئەو غەرامە ماددیەی کە دانراوە من بەش بەحاڵی خۆم بەکافی نازانم، بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لەبەردەم سەرپێچی کاران، چونکە لەحاڵەتی وەهادا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، کابرایەك جادە حەفر دەکات، شوفێرێك دێت وەردەگەڕێت لەوانەیە چەند کەسێك گیان لەدەست بدەن، بۆیە لەپاڵ ئەو غەرامە مالیەی کەدانراوە، عقوبەی تریشی بۆ زیاد بکرێت، نەك هەر لەو ماددەیەدا، بەڵکو لەماددەکانی دواتریش غەرامەی تێدایە بەهەمان شێوە سزای تریش بگرێتەوە، تا زیاتر ڕێگر بێت لەبەردەم سەرپێچی کاران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لەغەرامەکەوە دەست پێدەکەم، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد، کەمی ئەو غەرامەیە وای کردووە کەسەرپێچی زیاد ببێت، بۆیە من پشتگیری کاك قادر دەکەم، ئەو غەرامەیە زیاد بکرێت بۆ یەکجار ئەگەر بوو بە دووجار ئەوە سەحبی ئیجازە یان لەو بابەتانە بکرێت ئەوەی کە نیگەرانی لەلای خەڵکی کوردستان دروست کردووە بەڕاستی ئەم تەنکەرانەیە کە نەوت و موشتەقاتی نەوت دەگوازنەوە بە پلەی یەکەم: دووەم: ئەو بارهەڵگرانەی کە چیمەنتۆ دەگوازنەوە، کە ئەمانە یەکەم: ڕێگاوبانەکان خراپ دەکەن، دووەم: دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە، بۆیە من داوای ئەوە دەکەم کە ئەو غەرامەیە زیاد بکرێت، دێمە سەر خاڵی چوارەم سەرپێچی کردن لە ڕێگا خێراکان، ئەوە دوو لایەنە، لایەنێکیان بۆ سەرپێچی من یەك جادە بە نموونە بهێنمەوە، لە سلێمانی کەدەردەچیت بۆ سەید صادق، لە ڕێگاکان نەنووسراوە تۆ بۆت هەیە تا چەند لێ بخوڕیت، لە هەمان کاتدا لەسەر ڕێگاکان کامێرا دانراوە، بۆیە پێویست دەکات کە ئەوە چارەسەر بکرێت، کە ئاگادارکردنەوە دابنێین لەسەر جادەکان، لەوانەیە یەك تابلۆ هەبێت بەس پێویستی بە زیاتر هەیە، دووەم: پێشنیارم ئەوەیە بۆ توندوتۆڵی ئەو سەیارانەی کە ئەویش بکرێت بەیەکێك لە سزاکان کە نەوت و موشتەقاتی نەوت دەگوازنەوە، ئەگەر هەموومان ڕێگای دەربەندیخانمان دیبێت، بچیتە بەردەم تونێلەکە بەڕاستی ئەڵێی حەربە، تەنکەرێك لەوێ سووتاوە، دانەیەکی تر وەرگەڕاوە، ئەمە توندوتۆڵی و سەلامەتی تێدا نیە ،پشکنینیان بۆ ناکرێت لەڕێگای مروورەوە، یەعنی هەتا وای لێهاتووە خانووەکانی نزیك جادەکە بەڕاستی قیمەت ناکات، ترسی ئەوەی هەیە کە تەنکەرێك خۆی پێدا بکات، بۆیە من داوا دەکەم لەخاڵی چوارەمدا توندوتۆڵی ئاسایش بۆ ئەو سەیارانەی کە نەوت و موشتەقاتی نەوت دەگوازنەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دیارە هەردوو كاك قادر قسەكانی منیان كرد، لەسەر ئەوەی كە ئەو غەرامەیە بەڕاستی زۆر زۆر كەمە، ئێمە بینیمان لەكوردستان چەندین چاڵ هەڵگەندراوە منداڵی تێدا خنكاوە، تۆ بە 500 هەزار ڕزگاری دەكەیت كە منداڵێكی كوشتووە، بەڕاستی ئەوە نازانم چی ناو بنێم، بۆیە منیش تەئیدی ئەوان دەكەم، كە ئەو غەرامەیە زۆر كەمە دەبێت شتێكی تری وای بۆ زیاد بكەین، كە ئیتر شتی وا دووبارە نەبێتەوە، لەخاڵی یەكەم: دەڵێت زیانێكی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتیەكان بگەیەنێت (یان) ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، ببێتە مایەی گرتنی هاتوچۆیان ببێتە مایەی مەترسی لەسەر بەكارهێنەری ڕێگایەكە. ئەگەر بیانووی نەبێت، چونكە هەندێجار سەیارەكەی وەستاوە ناتوانێت بڕوات، چونكە ئیش ناكات، بۆیە ئەو بیانووەی بۆ دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ماددەی یانزە ودوانزە دەمج بكرێت، پێشنیارێكم بۆ لیژنەی هاوبەشە، چونكە هەردووكیان باس لە غەرامە دەكەن، بۆیە دەڵێت صیاغكەكەی دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەكی تر، بۆ نموونە بكرێت بەیەك ماددە، بەم شێوەیە، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت كە كەمتر نەبێت لە 250 هەزار و زیاتریش نەبێت لە 750 هەزار دینار، چونكە هەردوو بابەتەكە تەقریبەن تەواوكەری یەكترین دەكرێت بەم شێوەیە بێت، خاڵێكی تر پرسیارێك ئاراستەی جەنابی وەزیر دەكەم، دانانی ئەو مەبلەغە بەچ پێوەرێك بووە لەلایەن وەزارەتەوە یان ئەوانەی كە ئەو یاسایەیان داڕشتووە، مەسەلەن بۆ نموونە 250 هەزار یان تا 750 هەزار ئەو پێوەرەی كە ڕەچاویان كردووە بۆ ئەو مەبلەغە غەرامەیە چ پێوەرێك بووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كامەران احمد(وەزیری ئاوەدانكردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگام پێ بدەیت لە چوارچێوەی ئەو پرسیارانەی كە كران ئەو ڕوونكردنەوانە بدەم، تایبەت بە غەرامەكە، تێكەڵ نەبێت لەلامان غەرامەكە هی وەزن جیاوازە و هێشتا نە هاتووینەتە سەری، ئەم

غەرامەیە هی بەشێکی ترە لەلادان لەتەجاوز کردن باس لەوەزن ناکات، دووەم: ئەو غەرامانەی کە دەدرێت لەماددەی دواتردا تێیدایە، کە هێشتا نەهاتووینەتە سەری ئەڵێت غەرامەو عقوبەی قورس هەبوو لەهەر یاسایەکی تر، ئەو عقوبەیە جێبەجێ دەکرێت بەمانای ئەوە نیە ئیتر ئێمە ببین بە بەدیلی جێبەجێ کردنی هەموو یاساکانی تر، بەس ئەوە غەرامەیەکە بەرامبەر ئەوەی کە یەکێك لەکاتی رۆشتن بە رێگاکەدا کە دەڵێت ئاگاداری لە شەوو رۆژدا مەبەستمان لایت نیە، بەڵکو یەکێك چاڵێکی هەڵکەندووە بەرۆژ عەلاماتی دانەناوە، بەشەویش بەهەمان شێوە ئەگەر ئەو مقاولە هەتا لەگەڵ ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەڵێندەرایەتی هەبوو ئەمەی نەکرد ئێمە غەرامەی دەکەین، لەسەر ئەوەی کە نیشانەی دانەناوە کە چاڵ هەڵکەندراوە، بۆیە بە دوو ماددەش هاتووە کە هێشتا نەهاتووینەتە سەر ماددەکەی تر، ئەم ماددەیە تایبەتە بەخودی رێگاکە، کە تەجاوز دەکرێتە سەری، ئەوی تریان تایبەتە بە موحەرەماتی رێگاکە، لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەمە تەنها ئەم غەرامەیە، نەخێر یەکێك بەشۆفڵ جادەکەی هەڵکەند تەنها غەرامەکەی ناکرێت، بەڵکو لەماددەی تردا هاتووە، ئەڵێت ئەمە مانعی ئەوە ناکات کە هەموو ئەو زەرەرانەی کەداوێتی لە جادەکە یان موحەرەماتەکان پێی ببژێردرێت، ئەوە تەنها غەرامەیەکە بۆ نموونە یەکێك سیاجی باخەکەی دێنێت دەیخاتە ئەو موحەرەماتەوە، تۆ لەوێدا غەرامەکەی دەکەیت و هەر عقوبەیەکی تریش هەبوو دەیکەیت، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کاك پێشەوا پرسیاری ئەوەی کرد کە ئەو غەرامەیە لەسەر چ ئەساسێك دانراوە؟، فەرموو.

**بەرێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو غەرامەیە کاتی خۆی لە یاسای عێراقیدا هاتووە، پارەیەکی زۆر کەم دانراوە، بەڵام ئەم پارەیە لەگەڵ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە کە دانیشتین ئەو ئیقتراحەمان کرد، کە ئەو پارەیە لەوە کەمتر بوو لەڕاستیدا، لیژنەکە پێشنیاریان کردو ئێمەش تەئیدمان کرد، کە زیاد بکرێت ئەگەر یەك قەوسم بدەیتێ، ئەوەشی تێدایە کە وتمان لەرێگا ئەگەر شتی لێ کەوتە خوارەوە لە برگەی سێدا هەیە، ئەوەش غەرامەی دەکرێت، ئەمە جێگای غەراماتی مرووری ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە، فەرموو.

**بەرێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو ماددەکە تێبینیمان نیە، وەکو تەوزیحی جەنابی وەزیر ئێمە دەمانەوێت تەوزیح لەسەر غەرامەکە بدەین، دیارە تێکەڵیەك هەیە لەلای برادەران، وا دەزانن ئەمە غەرامەی مروورییە، نەخێر ئەمە

غەرامەی ئەو کەسانەیە کە لەسەر ڕێگاکان گرفت دروست دەکەن، زەرەر بە ڕێگاکان دەدەن، نەك ئەوەی کە موخالەفەی مرووری دەکات، ئەوەی کە موخالەفەی مرووری دەکات نە ئیشی ئەم وەزارەتەیە نە هی ئەم یاسایەشە، ئەوە ئیشی وەزارەتی ناوخۆیە، بۆیە ئێمە هیچ تێبینیەکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لەسەر ڕوونکردنەوەکەی جەنابی وەزیر بێت، کەواتە خاڵی چوارەم لێرەدا زیادە، دەڵێت(چوارەم: سەرپێچی لە ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێرایەکان کرد بێت)، ئەگەر وابێت تەجاوز بێت لەسەر موحەڕەمات ئەوە مانای وایە خاڵی چوارەم زیادە، چونکە لێرە بەسەراحەت باسی سەرپێچی دەکات لەرێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێراکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر خاڵی چوارم کە دەڵێت(سەرپێچی لە ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێرایەکان کرد بێت، کە لەلایەن دایەرە تایبەتمەندەکانەوە راگەیەنراون)، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کەدەڵێین (قواعد استخدام الطرق السريعة المعلنة من قبل الدوائر المختصة) یاسای ڕێگاوبان چیە؟، لە پێناسەکاندا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆی، (های وەی) هەیە ئەو ڕێگایانەی کە جادەی تری دێتەوە سەر، وە ڕێگای خێرا کاتێك کە دەڵێین ڕێگای خێرا، ئەوەیە کە سیاجی بۆ دەکرێت، هیچ تەقاتوعێکی نیەو هیچ شوێنێکی تری نایەتەوە سەر، مەبەستی لەوەیە کە دەڵێت ئەگەر وایە ئەوە موخالەفەی ئەو یاسایانە دەکات کە بەیان دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (12):

يعاقب بغرامة لاتقل عن (300000) ثلاثمائة الف دينار ولاتزيد على (750000) سبعمائة وخمسين الف دينار كل من:

**اولاً: تجاوز على محرمات(الطرق العامة)بالحفر او الاستخدام بدون اجازة او البناء المؤقت او الدائم اضافة الى تحميلة نفقات ازالة التجاوز.**

**ثانياً: تسبب في اعاقة المرور على (الطرق العامة) خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات.**

**ثالثاً: نزع علامة مرورية او اكثر او اسيجة الامان او الاسيجة السلكية او عبث بالقناطر والجسور او شوهها او احداث ضرار فيها او غير محلها او اتجاهها.**

**رابعاً: منع او عرقل منتسبي الوزارة او الجهة المتعاقدة معها من تنفيذ واجباتهم.**

**خامساً:**

**1-خالف احكام المادة (8) من هذا القانون.**

**2-خالف احكام التعليمات او البيانات الصادرة بموجب احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە بە كوردیش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز خليل عثمان حمە امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (12):**

**بە غەرامەیەك سزا دەدرێت كەمتر نەبێت لە (300000) سێ سەد هەزار دینارو زیاتر نەبێت لە (750000) حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار هەر كەسێك:**

**یەكەم: بەهەڵكەندن، یان بە بەكارهێنانی بێ ئیجازە، یان بە دروست كردنی بینای رەفتەنی، یان هەمیشەیی پێی درێژ كرد بێتە سەر قەدەغە كراوەكانی (رێگا گشتیەكان) سەرباری ئەو غەرامەیەش ئەرك و مەسرەفی لابردنی ئەو پێ درێژیەی دەكەوێتە سەر.**

**دووەم: بووبێتە هۆی پەكخستنی هاتوچۆ لەسەر (رێگا گشتیەكان) لە دەرەوەی سنووری سەرۆكایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی.**

**سێیەم: نیشانەیەكی هاتوچۆ، یان زیاتری هەڵكێشا بێت، یان پەرژینی ئەمانەتی لادا بێت، یان پەرژینی تەل كردی لادابێت، یان ئاوبارەكانی تێكدا بێت، یان پردەكانی شێواند بێت، یان زیانی پێگەیاند بن، یان جێگەكانی گۆڕی بن، یان ئاراستە كردنی وەرگەڕاند بن.**

**چوارەم: كاركەرانی وەزارەتەكەی، یان لایەنە گرێبەستەكانی لە جێ بەجێ كردنی ئەركەكانی خۆیان قەدەغە كرد بێ، یان هاتوچۆیانی وەگیر هێنا بێت.**

**پێنجەم:**

**1-سەرپێچی لە حوكمەكانی ماددەی (8)ی ئەم یاسایە كرد بێت.**

**2-سەرپێچی لە حوكمەكانی رێنماییەكان، یان لەو بەیاننامانە كرد بێت كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەرچوو بن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر كۆی ماددەكەین و هیچ تێبینیەكمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز كێ تێبینی هەیە، دوو كەس هەیە؟، كاك دلێر و كاك نەریمان، كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لێرەدا تێبینیەكم هەیە بۆ ئەوەی ئەو سەرپێچیە دووبارە نەبێتەوە، نەبیت بە عادەت وخەڵك گوێی نەداتێ، لە سێیەمدا دەڵێت(نیشانەیەكی هاتوچۆ، یان زیاتری هەڵكێشا بێت، یان پەرژینی ئەمانەتی لادا بێت، یان پەرژینی تەل كردی لادابێت، یان ئاوبارەكانی تێكدا بێت، یان پردەكانی شێواند بێت، یان زیانی پێگەیاند بن، یان جێگەكانی گۆڕی بن، یان ئاراستە كردنی وەرگەڕاند بن) ئەی تێچوونی ئەم شتانە كە چاك دەكرێتەوە ئایا بە 300 هەزار یان 400 هەزار چاك دەبێتەوە، كەواتە ئەم غەرامەیە بەشێوەی ڕەمزی نەبێت، پێویستە ئەوەشی تێدا بێت كە تێچوونی ئەو شتانە بكەوێتە ئەستۆی سەرپێچی كەر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 12 بڕگەی یەكەم: (بەهەڵكەندن، یان بە بەكارهێنانی بێ ئیجازە) من پێم باشە ئەو بێ ئیجازەیە ئەگەر مایەوە بكرێت بە بێ مۆڵەت، چونكە وشەیەكی كوردیمان هەیە لەجێگای ئەو یان هەر لابرێت بكرێت بە بەكارهێنانی نا ئاسایی، لەبەر ئەوە هەندێجار خەڵك هەیە بەكاری دەهێنێت و مۆڵەتیشی وەرنەگرتووە، بەڵكو یاسا بەشێوەیەكی گشتی ڕێگای پێداوە، بۆیە نایاسابییەكە باشترە، یان بەدروست كردنی بینای ڕەفتەنی(ڕەفتەنی) بەراستی وشەیەكی ڕەكیكە، كاتی بێت یان (هەمیشەیی) یان (پێدرێژی) كە ئەوەش وشەیەكی جوان نیە پێم وایە ناگونجێت، لەبەر ئەوە باسی بینا دەكەین هەمیشەیی و كاتی، زیادەڕەوی بێت باشترە، لەكۆتایشدا دەڵێت ئەو پێدرێژییە دەكەوێتە سەری، لە پێدرێژی ئەخیر بنووسین ئەو زیادە ڕەوییەی دەكەوێتە ئەستۆ، بڕگەی دووەم، دەڵێت( ببێتە هۆی پەكخستنی هاتوچۆ لەڕێگا گشتیەكان لەدەرەوەی سنووری سەرۆكایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی، ئەمە هەندێجار ئەوە مەبەستی تێدا نیە، كاك شێرزاد لەنموونەیەكدا باسی كرد ڕووداوێكی بەسیت تووشت دەبێت هێشتا مروور

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

**دوو شەممە رێکەوتی 23\4\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)

**دوو شەممە رێكەوتی 2012/4/23**

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2012/4/23 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/4/23 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای ڕێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق.

2-سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (د.عبداللە عبدالرحمن عبداللە) ناسراو بە (ئاشتی هەورامی) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (10) ڕۆژی دانیشتن 2012/4/23.

بەرنامەی کار

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (10)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە، ڕێکەوتی 2012/4/23 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای ڕێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق.

2-سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (د.عبداللە عبدالرحمن عبداللە) ناسراو بە (ئاشتی هەورامی) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق.

ئێستا پێش ئەوەی بێینە سەر بەرنامەی کار، پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و و مونەسیقی پەرلەمان کاك سەعد دەکەین، ناوی ئەو ئەندامانەش دەخوێنینەوە کە لەدانیشتنی پێشوو ئامادە نەبوون.

1- د.ئاراس حسین محمود ئیفاد

2- اسماعیل سعید محمد مجاز

| | |
|---|---|
| 3-برهان رشيد حسن | مجاز |
| 4-پەروین عبدالرحمن عبدالله | غیاب |
| 5-تارا تحسین یاسین | مجاز |
| 6- تارا عبدالرزاق محمد | مجاز |
| 7– جلال علی عبدالله | ئیفاد |
| 8- حازم تحسین سعید | غیاب |
| 9- خورشید احمد سلیم | ئیفاد |
| 10- سمیر سلیم امین | ئیفاد |
| 11- عدنان عثمان محمد | ئیفاد |
| 12- عمر صدیق محمد | ئیفاد |
| 13- عونی کمال سعید | مجاز |
| 14- گەشە دارا جلال | مجاز |
| 15- لیلی امیر عاض | مجاز |
| 16- عمر حمد أمین | غیاب |

ئێستا دێینە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار، داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەین بێن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتیان، ئێستا لیژنەی هاوبەش ماددەی (14) لە پرۆژە یاساکە بە زمانی کوردی و عەرەبی بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (14):

لاتحول الجزاءات المنصوص عليها في هذا الفصل دون حق الوزارة في المطالبة بالتعويض عن الأضرار التي تلحق بها من جراء المخالفات أو التجاوزات المشار إليها في هذا الفصل.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (14):

ئەو سزایانەی کە دەقەکانیان لەم بەشەدا هاتوون، مافی وەزارەتەکە پووچ ناکەنەوە، بەڵکو وەزارەتەکە سەرباری ئەوانەش مافی داوا کردنی قەرەبووی هەیە لەو زیانانەی کە تووشی دەبن لە ئەنجامی سەرپێچی کردن، یان زیادەڕەوی کردن کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێدراوە.

سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئی خۆشتان.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش موتەفیقین لەگەڵ ماددەکە و هیچ ئیزافەیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د.حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):

ئێستا کێ قسەی لەسەر ماددە (14) هەیە؟ جەنابی وەزیر؟، لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی 15.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (15):

اولاً: يغرم سائق او مالك المركبة المخالفة لاوزان الاثقال المحورية بغرامات مالية وكالاتي:

1- (5000) خمسة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد طن واحد من الحمولة الزائدة.

2- (10000) عشرة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد اربعة اطنان من الحمولة الزائدة.

3- (15000) خمسة عشرة الف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام عند تجاوز الحمولة الزائدة اربعة اطنان ولحد ثمانية اطنان من الحمولة الزائدة.

ثانياً: تحجز المركبة المخالفة لأوزان الاثقال المحورية إلى حين تفريغ الحمولة الزائدة ونقلها خارج محطة الوزن على نفقة المخالف إذا زادت الحمولة عما مذكور كحد أعلى من البند الثالث للفقرة (اولاً) من المادة هذه اعلاه.

ثالثاً: تستوفي اجور ارضية مقدارها (20000) عشرون الف دينار عن كل ليلة تبقى فيها المركبة محجوزة في ساحة الحجز ومن تاريخ المخالفة.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بە کوردییەکەش.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15):

یەکەم: لێخور، یان خاوەنی ئەو ئۆتۆمبیلەی کە سەرپێچی لە کێشانەکانی سەنگە میحوەریەکان دەکات بە غەرامەیەکی دارایی سزا دەدرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- لە هەر بارێکی زیادە (5000) پێنج هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆغەرامە دەکرێ تا دەگاتە یەك تەن لەو بارە زیادەیە.

2- لە هەر بارێکی زیادە (10000) دە هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆغرام غەرامە دەکرێ تا چوار تەن لەو بارە زیادەیە.

3- لەهەر بارێکی زیادە (15000) پازدە هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆغرام غەرامە دەکرێت ئەگەر بارە زیادەکەی لە چوار تەن زیاتر بێت، تا دەگاتە هەشت تەن لەو بارە زیادەیە.

دووەم: ئەو ئۆتۆمبیلەی سەرپێچی لە کێشانی قورسایی میحوەریەکان دەکات دەستی بەسەردا دەگیرێت تا ئەو کاتەی بارە زیادەکەی بە تاڵ دەکرێت و دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی وێستگەی کێشانەکەی لەسەر مەسرەفی سەرپێچیکار ئەگەر بارەکەی لەو سنوورە بترازێت کە لە بەندی سێیەمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (14)ی سەرەوەدا هاتووە.

سێیەم: کرێی زەویانە بەبڕی (20000) بیست هەزار دینار لە هەر شەوێك وەردەگیرێت کە ئۆتۆمبیلەکە بە دەست بەسەرداگیراوی لە گۆڕەپانی دەست بەسەردا گرتنەکەدا دەمێنێتەوە ئەوەش لە بەرواری سەرپێچی کردنەکەوە حساب دەکرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موتەفیقین لەگەڵ نەصی ماددەکە، لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ ئیزافەیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ تکایە هەر یەکێك کە ناوی خۆی وت میکرەفۆنەکەی هەڵکات دەنگی بێ، نەژاد عزیز، جلال علی، فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت جەزایەکان، سزایەکان کە پێنج هەزار نووسراوە بە 10 هەزار، بە 15 هەزار، من پێموایە کەم بێت، پێشنیار دەکەم کە بۆ ئەوەی ببێتە بەربەستێك بۆ موخالەفە نەکردن، پێنج هەزارەکە بکرێتە 15 هەزار، 10 هەزارەکە پێشنیار دەکەم بکرێتە 25 هەزار، 15 هەزارەکەش بکرێتە 50 هەزار، سوپاس.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـاره زۆربــەی ڕووداوە دڵتەزێنــەکانی کــە لەســەر جاددەکــان دەبێــت بەشــێکی زۆری، ڕێژەیــەکی زۆری هۆکارەکەی ئەو ئۆتومبێلانەیە کە بارهەڵگرن، بۆیـە مـن نەتیجەی ئـەو هاتوچۆیەش کـە ئێستا ئێمـە لـە سلێمانی یەوە لە ڕێگا گشتییەکان دەیکەین زۆربەی ئەو بارانە لە ڕێگەکان دا کە دەزانـن کێشان هەیـە، یـان لێپرسینەوە هەیە، ئەگەر چەو بێ، ئەگەر لم بێ دەیڕێژن لەسەر جادەکان و بەجێی دەهێڵن لە شوێنێك دا، دوایی کۆی دەکەنەوە، هەقە لەو سزایانە ئەو شتەش دیاری بکرێت، جگە لەوەش ئەو تانکەرانەی کـە نـەوت یان سووتەمەنی بار دەکەن زۆرجار لە ڕێگاکان دەیانبینین لەبەر ئەوەی باری زیادیان پێیە ڕێگەکە دەگـرن، یان تووشی حادیسە دەبن، ئەو دوو حاڵەتە ئەگەر بکرێ لێژنەکە جێگەی بکەنـەوە مـن سوپاسـیان دەکـەم، تەواو.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها بۆ ڕوون کردنەوەیەك، ئێمە کە دەڵێین پێنج هەزار بۆ سـەد کیلـۆ، نـاڵێین بـۆ یـەك تـەن، کەواتـە پێنج هەزارەکە بۆ تەنێك دەکاتە پەنجا هەزار هەتا حەددی طلیق، بـۆ ئـەوانی تریشـی تـاکو حـەددی چـوار تەن، ئەو سێ تەنەی تری (کل)یی تەنێکی سەد هـەزار دەکات، لـە دوای ئەوەشـەوە (کـل)ی تـەنێکی سـەد و پەنجا هەزار دەکات، واتا بە کۆی ئـەوە ئەگـەر یـەکێك هەشـت تـەنی موخالەفـە کردبـێ 950 هـەزار دینـار دەکات، کە کرێی هیچ بار هەڵگرێك ناکاتە ئەوە، بۆیە ئەوە تـەنها بـۆ ڕوون کردنـەوە بـوو، ئـەوی تـری مـن هاوڕام لەگەڵ ڕای لێژنەکە، بۆ دەقی ماددەکە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لێژنەی هاوبەش بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (16):

اولاً: يمنح منتسبي المرور المنسبين للعمل في محطة الوزن صلاحية فرض الغرامة وحجز المركبة ذات الحمولة الزائدة وفق احكام المادة (15) من هذا القانون وتكون قراراتهم بهذا الشأن باتة.

ثانياً: تعتمد قراءة مقياس الوزن دليل اثبات لغرض فرض العقوبة بحق المخالف.

ثالثاً: في حالة عدم دفع الغرامة المنصوص عليها في المادة (15) من هذا القانون خلال (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ المخالفة يعاقب سائق او مالك المركبة المخالفة بالحبس مدة لا تقل عن (3) ثلاثة اشهر ولا تزيد على ستة اشهر.

رابعاً: يعاقب سائق السيارة او مالكها الذي يتهرب من عملية الوزن بغرامة لاتقل عن (250000) مئتان وخمسون الف دينار ولاتزيد على (400000) أربعمائة الف دينار مع عدم الاخلال باحكام البند اولا من المادة (15) من هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

به كوردییەكەش.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (16):

یەكەم: كارمەندانی هاتوچۆ ئەوانەیان كە تەرخان كراون بۆ ئیش كردن لە وێستگەی كێشانەكە دەسەڵاتی سەپاندنی غەرامە و دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلێكی زیادە باریان پێ دەدرێت بەپێی حوكمەكانی ماددەی (14)ی ئەم یاسایە، بڕیارەكانیشیان لەم رووەوە بنبڕ دەبێت.

دووەم: خوێندنەوەی پێوانەی كێشەكە واتا (سەنگەكە) پەیڕەو دەكرێت كە بەڵگەی چەسپاوە بۆ مەبەستی سەپاندنی سزایەكە بەسەر سەرپێچی كارەكەدا.

سێیەم: لە حاڵەتێكدا ئەگەر ئەو غەرامەیەی لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایەدا دەقەكەی هاتووە، لە ماوەی (15) رۆژدا لە بەرواری سەرپێچیەكەوە نەدرێت، ئەوا لێخور، یان خاوەنی ئۆتۆمبیلە سەرپێچی كارەكە سزا دەدرێت بە حەپس كردن بۆ ماوەیەك لە (3) سێ مانگ كەمتر نەبێ و لە شەش مانگیش زیاتر نەبێت.

چوارەم: لێخوڕی ئۆتۆمبیلەكە، یان خاوەنەكەی ئەگەر لە كرداری كێشانەكە خۆی بشارێتەوە، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێ و لە (400000) لە چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بەبێ لادان لە حوكمەكانی بەندی یەكەم لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لێژنەی هاوبەش تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەكمان لەسەر نەصی ماددەكە نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەندامانی پەرلەمان كێ ڕەئی لەسەر ئەو مادده هەیە؟ تەنها كاك د.أحمد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز أحمد إبراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (16) بڕگەی یەکەم کە باس لەوە دەکات کە کارمەندانی هاتوچۆ بە پێی حوکمی ماددەی (14)، تەبعەن ئەوە باشە لەبەر ئەوەی کە بە پێی حوکمی ماددەی (14) غەرامەکە دیاری دەکات، بەڵام دەڵێ بڕیارەکانیان لەم ڕووەوە بنبڕ دەبێ، ئایا ئەگەر یەکێك لە شوفێرەکان هەست بە تەزەلوم بکات؟ کە ئەو لەوێ بڕیارەکەی بنبڕ دەبێ، بەڵام جیهەتێك نیە کە پەنای بۆ ببا بۆ ئەوەی ئەگەر خوانەخواستە بە پی ی ئەو بڕگەی ئەو ماددەیە حوکمی نەدابوو یان بڕیارەکەشی بنبڕە، کێی تر هەیە کە تەمییزی بکات؟ یان پەنای بۆ بباتەوە؟ ئەوە یەك، سەبارەت بە بڕگەی سێهەمیش کە لە حاڵەتێك دا ئەگەر ئەو غەرامەیەی لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هاتووە لە ماوەی 15 ڕۆژدا، لە بەرواری سەرپێچییەکەوە نەدرێت ئەوە لێخور یان هەرچەندە من پێم باشە کە شوفێر بەکار بێت، چونکە لە هەرێمی کوردستان لە یاساکانی هاتوچۆش دا شوفێر بەکار دەهێندرێ لە باتی لێخور، ئەوە لێخور یان خاوەنی ئوتومبێلەکە لە سەرپێچیکارەکە سزا دەدرێت بە حەپس کردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ کەمتر نەبێت، لە شەش مانگیش زیاتر نەبێت، من پێم باشە لێرەدا کە لە دوای لە ماوەی 15 ڕۆژدا لە بەرواری سەرپێچییەوە، بە بێ هۆکارێکی پاساودەر، ئەگەر هۆکارێکی پاساودەر هەبوو، بۆ نموونە ئەو شوفێرە نەخۆش بوو، یان تووشی ڕووداوێك هات، یان نەیتوانی لە ماوەی 15 ڕۆژدا پارەکەی بدات، بۆچی ئەو سزای حەپسەی بەسەردا بسەپێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك تێبینی نێوان کوردییەکە و عەرەبییەکە ئەگەر عەرەبییەکە وەرگیرێ، چونکە لە کوردییەکە ناوی دوو مادده هات بە (14) بەس بە (15)یە خۆی لێرە، من هیچ تێبینییەکی ترم نیە، هاوڕام لەگەڵ ڕای لێژنەکە بۆ دەقی ماددەکە وەکو خۆی، ئەگەر ڕوونکردنەوە بدەم بۆ، وەڵام بۆ ئەو حاڵەتە، بە نیسبەت کە دەڵێین (وتكون قراراتهم بهذا الشأن باتة)، یەعنی خۆ لە هەموو قەرارێکی تردا کە دەدرێ زیددی یەکێك، بۆی هەیە جارێکی تر ئیستیئناف بکاتەوە، یەعنی ئەوە تەحصیل حاصلە، غەرامەکەش ئەگەر بێت و بە پێی ئەحکامی ماددەکە نەبێ، مەعنای هەر خۆی باتڵە، یەعنی ئەگەر ئەو کەسە شکات بکات، غەرامەکە بە پێی ئەحکامی ماددەکە نەبووبێ مانای حوکمەکە باتڵ دەبێ، تایبەت بە حیجزەکە، دەتوانین ئەوەی بۆ زیاد بکەین، ئەگەر ڕای لێژنەکە بەو شێوەیە بێت کە ئەگەر عوزرێکی مەشروع هەبێت ئیستیسنا دەکرێت لەو ماوەیە، یان ماوەکە کەمتر بکرێتەوە لە یەك مانگەوە بۆ سێ مانگ حەددی ئەدنای نەبێت، مانگێك حەددی ئەدنای بێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، دیارە لە دانیشتنی پێشوو بڕیارمان دا کە عەرەبییەكە ئەساسە، هەر بۆ وەبیر هێنانەوە، لێژنەی هاوبەش فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (17):

اذا ثبت قيام احد اعضاء اللجنة المشرفة على تشغيل محطات و وزن المركبات الواردة في الفقرة (2) من المادة العاشرة من هذا القانون التلاعب باوزان مركبات الحمل يعاقب وفق المادة (307) من قانون العقوبات رقم (111) لسنة 1969.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كوردییەكەشی.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (17):

ئەگەر سەلما كە یەكێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی كردنی وەگەڕخستنی وێستگەی كێشانی ئۆتۆمبیلەكان كە لە بڕگەی (2)ی ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە دەستكاریی كێشی لۆریەكانی كردەوە، ئەوە سزا دەدرێت بەپێی ماددەی (307) لە یاسای ژمارە (111)ی ساڵی 1969.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان نیە و لەگەڵ دەقی ماددەكە داین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ سەردار رشید، شێرزاد حافز، بەڕێز كاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیاره ماددەی یەکەم ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی دەست بەسەر داگرتنی ئوتومبێلەکەی پێ دراوە، هیچ بەرپرسیارێتییەکی ناکەوێتە سەر، لەو زیانانەی کە تووشی بارەکە دەبێت، ئەگەر مەبەست لەسەرپێچی بێت، بەڕاستی شۆفێرەکە سەرپێچی کردووە، نەك بازرگانەکە، یەعنی بازرگانەکە هیچ سەرپێچییەکی نەکردووە، بۆچی سزای سەرپێچیکار کە شۆفێرە دەدرێ بەسەر بازرگانەکە، یاخود دەڵێ/ هیچ بەرپرسیارێتییەك لە خراپ بوون و تەلەف بوون ناکەوێتە ئەستۆی، حەقە بەڕاستی حکومەت مشوری ئەوە بخوا، بۆچی.......

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

نوفتەی نیزامی کاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە ئەوە ماددەی (18)یە کە هاوکارم کاك سەردار باسی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ، بەڕێز کاك شێرزاد، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە کە دەڵێ لە بڕگەی (2)ی ماددەی نۆیەم من وا هاتە گوێم کە عەرەبییەکە بخوێنێ بە ماددەی (العاشرة) بخوێنێ، بەڵام لێرە ماددەی (9)یە، جا ئەوە هینێك لە بەینی ئەو کوردی و عەرەبییەدایە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر...........................

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ماموستا عمر عبدالعزیز، فەرموو ئەگەر ڕەئی خۆی بدات.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام عەرەبییەکە ئەصلە، ئەم صیاغەیە لە ڕووی عەرەبییەوە نوقصانییەکی تیایە، یەعنی دەبێ تەعدیلی بکەین، (اذا ثبت قیام احد اعضاء اللجنة المشرفة على تشغيل)، ئەوە تەبعەن جوابی ئەو شەرتە لە ئەخیرەوە (التلاعب)ە، یان دەبێ بڵێین/ (إذا ثبت قيام أحد أعضاء اللجنة المشرفة على تشغيل) ئەوە (بالتلاعب) ئەوە برایان چاکی بکەن، کاک عمر و ئەوان، یان باشتر وایە بڵێین (اذا ثبت أن أحد اعضاء اللجنة المشرفة على) ئەوە (قام بالتلاعب)، (وإلا) لە ڕووی دارشتنەوە نوقصانە بەو شێوەیە، یان دەبێ بڵێین (بالتلاعب) یان دەبێ بڵێین (إذا قام أحد بالتلاعب)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز لێژنەی هاوبەش، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەیەی کە کاک عمر عبدالعزیز دای، ڕاستە، پێویستە بکرێتە (من هذا القانون بالتلاعب بأوزان مركبات الحمل)، بەڵێ ئەوە مولاحەزەکەی بە هەند وەرگیرا.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (18):

اولاً: لا تتحمل الجهة المخولة بحجز المركبة اية مسؤولية عن الاضرار التي تلحق بالاموال المحملة القابلة للتلف.

ثانياً: تطبق احكام قانون التصرف بالمركبات المحجوزة والمتروكة رقم (8) لسنة 1987 على المركبات المخالفة التي تترك في ساحات محطات الوزن.

ثالثاً: تتولى الوزارة بيع الاموال التي يتركها المخالفون الزائدة على الاوزان المقررة بالمزايدة العلنية استثناء من احكام التشريعات النافذة وفق قواعد تضعها الوزارة.

رابعاً: تسجل بدلات البيع المنصوص عليها في البند (ثالثاً) من هذه المادة والغرامات المنصوص عليها في هذا القانون ايرادا للوزارة.

خامساً:

تقسم حصيلة النسبة المنصوص عليها في البند (رابعاً) من هذه المادة على الوجه الاتي:

1- (75٪) خمس وسبعون بالمائة منها تودع في حسابات الوزارة وتخصص لصيانة الطرق.

2- (25٪) خمس وعشرون بالمائة منها حوافز للعاملين في محطات الاوزان ولمنتسبي الوزارة.

سادساً: يصدر وزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع وزير الداخلية تعليمات للحوافز المنصوص عليها في الفقرة (2) من البند (خامساً) من هذه المادة تتضمن اسس توزيعها وتحديد المشمولين بها وحالات الحرمان منه.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كوردییەكەش.

ماددەی (18):

یەكەم: ئەو لایەنانەی كە دەسەڵاتی دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلەكەی پێدراوە هیچ بەرپرسیاریەكی ناكەوێتە سەر لەو زیانانەی كە تووشی كوتاڵە بار كراوەكە دەبن و لەوانەیە خراپ ببن.

دووەم: حوكمەكانی یاسای دەستكاری كردنی ئۆتۆمبیلە دەست بەسەرداگیراو و جێهێڵراوەكانی ژمارە (8)ی ساڵی 1987ی لەسەر ئەو ئۆتۆمبیلە سەرپێچیكارانەدا دەسەپێنرێت كە لە گۆڕەپانی وێستگەكانی كێشاندا جێ دەهێڵدرێن.

سێیەم: ئەو كوتالآنەی كە لە كێشی بڕیاردراو زیادەن و سەرپێچیكارەكان بە جێیان دەهێڵن، وەزارەتەكە بە موزایەدەی ئاشكرا دەیانفرۆشێت بەپێی رێسا گەلێك كە وەزارەتەكە دایدەنێت بەدەر لە حوكمەكانی یاسا بەركارەكان.

چوارەم: پارەی فرۆشتنەكە كە دەقەكەی لە بەندی سێیەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لەگەڵ ئەو غەرامانەی كە دەقەكانیان لەم یاسایەدا هاتوون بە دەرامەتی وەزارەتەكە تۆمار دەكرێن.

پێنجەم: دەستكەوتی ئەو رێژەیەی كە دەقەكەی لە بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەكرێت:

1- (75٪) حەفتاو پێنج لە سەدی دەخرێتە حساباتی وەزارەتەكەوە بۆ پاراستنی رێگاكان دادەنرێت.

2- (25٪) بیست و پێنج لە سەدی وەك دەستخۆشانە و دنەدان دەدرێت بە كارمەندانی وێستگەی كێشانەكان و كارمەندانی وەزارەتەكە.

شەشەم: وەزیری ئاوەدانی و نیشتەجێ كردن بە هاوەدنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ رێنمایی دنەدان دەردەچوێنن، كە دەقەكەی لە برگەی (ب)ی بەندی پێنجەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، كە بنەماكانی دابەشكردن و دیاری كردنی ئەوانەی كە دەیانگرێتەوە حاڵەتەكانی بێ بەش بووانیشی تێدا هەیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمه له لێژنەی هاوبەش دوای گفتوگۆ و هەروەها به ئامادەبوونی جەنابی وەزیر که گفتوگۆمـان لەگـەڵ دا کرد لەسەر بڕگەی سێی ئەم ماددەیه، که تایبەته بەوەی که وەزارەت هەڵدەستێ به فرۆشتنی ئەو شتومەکه زیادانەی که له وەزن لادەدات، له وەزنەکه زیاده، به گوێرەی، بـه ئیستیسنا لـەو تەشـریعاتانەی کـه هەیـه، ئێمه له لێژنه کۆك بووین لەسەر ئەوەی و به ئامادەبوونی جەنابی وەزیریش کـه ئـەو بڕگـه سـێهەمه بـەم شێوەیەی خوارەوه لێ بکەین:

(تبلغ الوزاره سائق أو مالك المركبه برفع الاموال و المـواد الزائـده خـلال مـده عشـره أيـام مـن تـأريخ تبلـغ و بعكسها للوزاره بيع تلك الاموال و المواد وفقاً للقانون و تسجيل بـدل بيعهـا بإسـم مالـك تلـك الامـواد و المـوال كأمانه)، بـەڕێز جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان، ئێمـه بۆیـه کۆکبـووین لەسـەر ئـەو ماددەیـەی کـه ئاوهـا ئـەم بڕگەیـەی ئـا بـەم شـێوەیه بـێ، لەبـەر ئـەوەی ئـەو مەوادانـەی کـه لـه وەزن زیـادن موخـالیف نـین، بـەڵام موخالەفەی وەزنن، له وەزنەکان زیادن، ماڵی خەڵکن، وەزارەت ناکرێ هەروا دەست بکات بـه فرۆشـتنی ئـەم ماڵانه، ئەم شتومەکه زیادانه، بەڵکه دەبێ ئاگاداری ساحێبەکانیان بکرێ ئەو کـات بفرۆشـرێ، پارەکانیشـیان به سیفەی ئەمانه بۆ دابنرێ، هەر کات بۆ خۆیان موراجەعەیان کرد یان ئەگەر نەیانکرد، به گوێرەی یاسا له کـاتی خـۆی دا ئـەو پارەیـه بـراو وەرگـیرا، وەرنـەگیرا تەسـجیل دەکـرێ بـه ئـیراد بـۆ خەزینـەی دەوڵـەت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیـه لەسـەر ئـەو مـادده؟ ئـەم بەڕێزانـه: کـاك جـەلال علـی، کـاك سەردار رشید، کاك قادر أحمد، لانه خان قسەیان هەیه لەسەر ئەو مادده، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەکەی مـن لەسـەر کەلیمەیەکـه، ماددەی (18) کـه دەڵـێ/ (لاتتحمـل الجهـة المخولـة بحجـز المركبـة) دەگاته سەر (و تلحق بالأموال) (بالأموال) نەبێ (بالمواد) بێ باشتره، چونکه له هەموو حاڵەتەکان دا مـەوادە، ئەموال نیه، لێرەش دا له حاڵەکانی تر ئەو ئەموالـه بگۆڕێ بـه مـەواد باشـتره، مـەنتیقی تـره، سـوپاس، لـه خاڵەکانی تریش دا.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببووره من پێشتر به هەڵه هاتبوومه سەر ئەم ماددەیە، ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی دەست بەسەردا گرتنی ئۆتومبێلەکەی پێ دراوە، هیچ بەرپرسیارێتییەکی ناکەوێتە سەر لەو زیانەی کە تووشی ئەو شتومەکانە دەبێ، یەعنی خۆی شۆفێرەکە بەڕاستی سەرپێچی دەکات، حەقە غەرامە لە شوفێر وەرگیرێت، بۆ ئەوەی باری زیادە بار نەکات، دووهەمین/ یەعنی بۆچی جێگایەك دابین ناكرێ بۆ ئەو شتومەکانە؟ ناكرێ ئەو شتومەکانە بڵێی/ تەلەف دەبن، بەڵام ئێمە هیچ بەرپرسیارێتییەك ناكەوێتە ئەستۆمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز کاك قادر أحمد، فەرموو.

**بەڕێز قادر أحمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر تەرجومە کوردییەکەی لە یەك، دوو شوێن مولاحەزەم هەیە، ماددەی (18) یەکەم و سێیەمی دەڵێ پێدراو هیچ بەرپرسیارێتییەکی ناکەوێتە سەر لەو زیانەی کە تووشی کوتاڵە بارکراوەکە دەبێت، لە لەهجاتی عاممی ئێمە کوتاڵ بە بازاڕی قوماش فرۆشی دەگوترێ، بە بڕوای من دەبێ بکرێتە باری بار هەڵگرەکە، بار نەك کوتاڵ، لە سێیەمیش ئەو کوتاڵانەی کە لە کێشی بڕیاردراو زیادن، بە بڕوای من هینە یەعنی مەعلوماتێکی تەرجومەیەکی غەڵەتە، لە ماددەی، لە حەوافزەکەش دنەدان نووسراوە، بە بڕوای من دیسان ئەویش بکرێتە هاندان، دەستخۆشانە و هاندان، نەك دنەدان، هەست دەکەم دنەدان تۆزێ سلبی یە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز لانە خان، فەرموو.

**بەڕێز لانە چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (18) تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی یەکەم، دەڵێ/ (التحمل الجهة المخولة بحجز المركبة أية مسؤولية عن الأضرار التي تلحق بالأموال المحملة القابلة للتلف)، یەعنی............لێرەدا لەڕووی ئیداری کە موخالەفەیەك دەکەیت، لەبەرامبەردا عقوبەیەك دەدرێیت، یەعنی بەنیسبەت ئەو بارهەڵگرەی کە باری زیادەی هەڵگرتووە، غەرامەی ئەوەی دەکرێت کەوەزنی زیادی هەڵگرتووە، بەس لەهەمان کاتیشدا دەڵێت ئەو لایەنە هیچ پەیوەندی نیە بەو زەرەرەی کە بەو مەوادە دەگات بەبۆنەی تەلەف بوونیەوە،یەعنی ئەو مەوادەی کە عەرز دەبێت بۆ تەلەف، جاری واهەیە ئەو مەوادە ماوەیەك دادەندرێت تا خاوەن بارهەڵگرەکە غەرامە دەکرێت ودەیدات، ئەوکاتە لەوانەیە مەوادەکە بەهۆی راگرتنی لەبەر هەتاو تێك بچێت، یان تەرکیبەکەی بگۆڕدرێت، ئەوە لێرەدا ئەم مەوادە داخڵی هەرێم دەبێت، بۆیە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن، بۆیە داواکارم کە جەنابی وەزیر ئەوەم بۆ ڕوون بکاتەوە، لێرەدا لەڕووی ئیداری کەتۆ موخالەفەیەك دەکەیت، یەك عقوبە دەدرێیت، بەس لەهەمان کاتدا مەوادەکەی تووشی تەلەف دەبێت و

داخڵی نـاو بازاڕەکانمـان دەکرێـت، ئـەوە بەنیسـبەت فەقـەرەی یەکـەمی مـاددەی 18، بەنیسـبەت فەقـەرەی پێنجەم، کە ئەو نیسبانە بەڕەئی من پێشنیار دەکەم، لەباتی ئەوەی لە 75٪ بێت بکرێت بە 60٪ تـا 40٪، لەبـەر ئـەوەی کـە وەزارەت خـۆی حصـەی هەیـە لـە موازەنـە، لێرەداشـدا کـە پێشـنیار کـراوە لـە 25٪ لـەو پارەیەی کە وەك غەرامە وەردەگیرێت دابەش بکرێت بەسەر عاملەکان کەوەك حافزێکی مالی بـدرێت، لێـرە بەمن با لە 40٪ بێت نەك لە 25٪، بۆ ئەوەی مەجالی ڕەشوە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ڕوونکردنەوەیەك دەدەم، ئەوەی کە لێرە باسی دەکەین، لەسەر ئەموالەکە، ئەموال بێت یان مەواد بێت، کە دەڵێین ئەموال بێت، لەوانەیە مەواد تەعبیرێکی ڕاست تر بێت، ئێمە کەرەستەکان چەو ولی تێدایە، خواردەمەنی تێدایە، نەوتی تێدایە، جاری وا هەیە محەویلەیەکی گەورە دێت لەسەر وەزنێك، کە ئەڵێین ئەموال هەموو شتێك کەبار کرابێت، ئەگەر مەوادیش ڕاست تر بێت ئەوە لیژنە دەزانن، بۆیە کەوا دەڵێین تا هەموو شتێك بگرێتەوە، نەك دوایی یەکێکیان نەگرێتەوە، ئەوەی کە تایبەتە بەو شتانەی کە تەلەف دەبن، ئێمە لەوەزنەکەدا دەڵێین ئەگەر هاتوو حمولەکە لە 8 تەن تێپەڕی، هەرگیز لەموادی خۆراکی و ئەو شتانە، کە کرێکەیان کرێیەکی ئاساییە کە 600 هەزارە یان 700 هەزارە، قەت لە 8 تەن تێناپەڕێت، چونکە تۆ پارەکەی زۆر زیاتر لەوە لێ دەسەنیت، بەڵام هەنێجار مەوادی تر هەیە وەکو محەویلەو وەکو هەندێ شتی تر کەقورسن، ئەوانە زەرەری زۆر گەورە دەگەیەنن بەجادەکە، جاری وا هەیە 40 تەنی زیاتر بارکردووە، تۆ 8 تەنی غەرامە دەکەیت، بۆیە ئەگەر ڕەدعێك نەبێت حجزی بکەیت، چونکە کرێکەی ئەو 6 تا 7 هەزار دۆلارە، کە ئەو محەویلە گەورەی بارکردووە، ئەگەر ڕەدعەکە نەبێت و حجزی نەکەیت ئەوە بارەکە باردەکات وگوێشی پێنادات، سەبارەت بەوەی کە شوێن هەبێت بۆ هەڵگرتنی ئەو شتانە، ئەوە کارێکی زۆر قورسە لەهیچ شوێنێك ئەوە نیە، چونکە تۆ ئەگەر مەوادی خۆراکی هەبێت دەبێت سەلاجەی بۆ دابنێیت و تەحەمولی مەسئولیەتی ساردییەکەی بکەیت، ئەمە ستاف دەوێت، ئەگەر مەوادی سووتەمەنی بێت دەبێت خەزاناتی بۆ دابنێیت، لەبەر ئەوە خەزن کردنی ئەو شتانەو دابین کردنی شوێن بۆی شتێکی عەمەلی نیە، ئەمە بۆ ڕەدعە زیاتر، ئەگینا بۆ ئەوە نیە کە موادی خۆراکی دابیگیرێت، سەبارەت بەوەی کە غەرامەکە لەگەڵ دارایش قسەمان کرد، نیسبەتی لە 25٪ زیاتر دابنێیت بۆ ئەوەی وەکو حەوافز بدرێت بە عاملەکان ئەوە دەبێت بەپارەیەکی زۆر زۆر، جیاوازییەکی زۆر دروست دەبێت لەنێوان ئەو کەسانەی کەلە وێستگەکانی قەپان ئیش دەکەن، بەتایبەتی بۆ پۆلیسی هاتووچۆ، لەگەڵ ئەوانی کەلە شوێنەکانی ترن، ئەوکات هەموو پۆلیسەکان حەزدەکەن بێنە ئەو شوێنانەی کە قەپانی لێیە، کە ئەوەش ناتەنسیقیەك دروست دەکات، بەڕاستی بۆیە 75٪ دانراوە چونکە زیادەی بارەکان دەبێتە هۆی

خراپ بوونی ڕێگاكان، ئەو پارەی كەساڵانە دادەندرێت بۆ صیانە شتێكی ترە، كە بەهۆی زیادە ڕۆیی كێشەكانەوەیە، تایبەت بەو تەعدیلەی كە لەلایەن لیژنەكەوە باسكرا، منیش هاوڕام لەگەڵیان و لەگەڵ ئەوانیش بووم كە ئەو تەعدیلە گرنگە بكرێت بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تكایە بۆ ماددەیەكی تر، فەرموون.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل السابع**

**احكام عامة وختامية**

المادة (19):

اولاً: تستحصل الوزارة من المستفيدين تكاليف اقامة القناطر والجسور والمنشأت المشيدة من قبلها بناء على طلبهم.

ثانياً: تستحصل الوحدة الادارية من المتجاوز تكاليف رفع التجاوز الحاصل على محرمات الطرق العامة حسب القوائم المعدة من قبلها بموجب قانون تحصيل الديون الحكومية المرقم بـ(56) لسنة 1977 وتعديلاته.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

تكایە بە كوردیش بیخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی حەوتەم**

**حوكمەكانی گشتی و كۆتاییەكان**

ماددەی (19):

یەكەم: وەزارەتەكە پارەی تێچووی دامەزراندنی ئەو ئاوبارەو پردو دامەزراوانەی كە خۆی ئەنجامیانی داوە لە سوودمەندەكان وەری دەگرێتەوە لەسەر داوای خۆیان.

دووەم: یەكەی ئیداری پارەی تێچووی لابردنی ئەو پێ درێژكاریەی كە لەسەر قەدەغەكراوەكانی ڕێگا گشتیەكان كراوە لە پێ درێژكارەكانی وەردەگرێتەوە بەپێی ئەو لیستانەی كە لەلایەن خۆیەوە ئامادە كراون بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حكومەت ژمارە (56)ی ساڵی 1977و هەموار كراوەكانی.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نیە لەسەر دەقی ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەس دەیەوێت قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکات، تەنها دکتۆ احمد و ئاهەنگ عارف، دکتۆر احمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: سەبارەت بە ناونیشانی فەصڵەکە، بەڕاستی بەشی حەوتەم حوکم گەلی گشتی و کۆتاییەکان، خۆی گەلی لەکوردیدا لەجیاتی جمع بەکار دێت، ئەگەر ئێمە بڵێین حوکم گەلی ئەوە (یەکانی) ناوێت لە کۆتاییەکەیدا، چونکە هەردووکیان دەبن بە جمع، بۆیە ڕاستیەکەی ئەمەیە( حوکمە گشتی و کۆتاییەکان) ئەمە راست ترە، دووەم: سەبارەت بە برگەی یەکەم، وەزارەتەکە پارەی تێچووی دامەزراندنی ئەو ئاوبارەو پردو دامەزراوانەی کە خۆی ئەنجامیانی داوە لە سوودمەندەکان وەری دەگرێتەوە لەسەر داوای خۆیان. ئایا مەبەست لەسەر داوای خۆیان، دروست کردنی ئەو پردو ئاوبارانەیە یان لەسەر داوای خۆیان وەرگرتنەوەی ئەو پارەیە لێیان، چونکە زۆرجار بەناوی دروست کردنی پردو ئاوبارەوە پارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کەهاتوچۆ لەو شوێنانە دەکەن وەردەگیرێت، ڕەنگە کە چەندجاری تریش کەهاتووچۆ بەو شوێنانەدا دەکەنەوە دیسان هەر لێیان وەردەگیرێتەوە، ئایا ئەمە گەر حکومەت دروستی دەکات بۆ ئەو پارەیان لێ وەردەگیرێتەوە، بۆیە لێرەدا پێویست بە ڕوونکردنەوە هەیە، کە ئایا وەرگرتنەوەی پارەکەی لەسەر داوای خۆیان یان دروست کردنەکە لەسەر داوای ئەوان بووەو دوایی پارەکەیان لێ وەردەگیرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، بەڕێز ئاهەنگ عارف، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم لەجەنابی وەزیر هەیە، لەسەر ئەو ماددەیە، برگەی یەکەمی، خۆتان باش دەزانن هەرێمی کوردستان تجارەتێکی زۆری سنوورەکانی لەسەرە، شتێك هەیە لەیاسای هندی، ناوی ( بۆرد زە رۆت)ە واتە ڕێگاو بانی سنوورەکان، ئایا ئەو فەقەرەی ئەوە دەگرێتەوە ئەو پرد و ڕێگایانەی کە بە پێویست دەزاندرێت لە سنوورەکان بکرێت بۆ پەیڕەوی بازرگانی؟، ئایا ئەو داواکارییە بەس بۆ داخلیە یان بۆ خارجیش دەبێت؟، مەسەلەن پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیایە، ئێرانە، لەگەڵ هەموو عێراقە، لەگەڵ سنوورەکانی

خۆیەتی کە ئەوە پێویستە ئێمە لەم یاسایە شتێکمان هەبێت ناوی(بۆرد زە رۆت) بێت کە ئەوە لەهەمووددونیا هەیە، ئەو یاسایە کەدادەندرێت پلانیشی بۆ دادەندرێت و بودجەشی سنووردار نیە، چونکە کە دەکرێت دەبێت بەڕاوێژکاری لەگەڵ دەوڵەتی دراوسێ بکرێت لەناو کوردستانیش پێم گرنگە کە ئەوە بکرێت، چونکە ئەو شتەی کە دادەندرێت لەسەر داوای دەوڵەتیش کەزۆرجار دەکرێت کە ڕێگاو بان چاك بکرێتەوە، چونکە پرد و جادەکانی خارجی عادەتەن پەیڕەوی بازرگانیشی لێ دەکرێت، ئەو شتە هەیە لەلای ئێمە، ئەگەر نیشە داواکارم لەجەنابی کەشکم نیە لە کەفائەتی وەزارەت و تیمەکانی، زۆر باش ئەو موشکیلەیە دەزانن، ئایا ئەوە دەکرێت لەداهاتوو ئیلحاقێکی پێ بکرێت، کە ئەوە یاسای بۆ دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە بڕگەی یەکەمی ماددەی 19، کە دەڵێت(المشیدة من قبلها بناء علی طلبهم.) ئەمە بەپێی ئەوەی ئێمە لەڕووی زمانەوانیەوە لێی تێگەشتبین دەگەڕێتەوە بۆ (المشیدة، بناءً علی طلبهم.) یەعنی ئەوانە دەگرێتەوە کە دروست دەکرێت لەسەر داواکاری خەڵکی تری سوودمەند، نەك لەبەر بەرژەوەندی گشتی و لەچوارچێوەی چالاکیەکانی یاسای وەزارەتدا، کە ئێمە ڕێگای گشتی دروست دەکەین، یان قەنتەرەیەك دروست دەکەین، ئەوە بەپێی یاسای وەزارەت یەکێکە لە مەهامەکانی خۆی، ئەرکی سەرشانیەتی وەکو مەسڵەحەتی گشتی، بەڵام بۆ نموونە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، کە کارگەیەکی چیمەنتۆ دەکرێت لەجێگایەکی دیاریکراودا، داوا دەکەن کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وەکو چوارچێوەی چالاکیەکەی خۆی ڕێگایەك دروست بکات بۆ ئەو شوێنە کە دەبێت سەلامەتی مروور وهەموو زەوابت و پێوەرەکانی ڕێگاو بانی تێدا بێت لە قەناتر و لەجسور وئەو شتانەی تێدا بێت، ئەمە داواکاری کێیە؟، جیهەتێکی ترە، وەزارەت دەتوانێت ئەو پارەیە وەربگرێتەوە، ئەمە لە ئەحکامی خیتامیدا باس کراوە، کە داوای لێدەکرێت لەلایەن لایەنێکی ترەوە تەنفیزی بکات، ئەگەر ئەوە نەبێت ناتوانێت ئەو پارەیە وەربگرێتەوە دەبێت لەسەر پارەی تەخصیصاتی خۆی بیکات، کە ناکەوێتە چوارچێوەی چالاکیەکانی بۆ بەرژەوەندی گشتی، تایبەت بەوەی کە ئاهەنگ خان باسی کرد، ئەوە بێگومان کە دەکەوێتە (بۆردەر زە رۆت) ناوچە سنوورییەکانەوە، ئەوە لەماستەر پلانەکەدا ئاماژەی پێکراوە بۆ مەنافیزە سنووریەکان هەمووی ڕێگای جگە لە های وەی، ئۆتۆبانیشی بۆ دەکرێت، بەپێی ماستەر پلانەکە، ئەوە ئەکەوێتە زمنی یەکێك لە چالاکیەکانی وەزارەتەوە، بۆ بەرژەوەندی گشتی، چونکە دەبێتە مەنفەزێکی بازرگانی کە دەشکێتەوە بە بەرژەوەندی گشتی، بۆیە ئێستا ڕێگای مەنفەزە سنووریەکان وەکو حاجی ئۆمەران وپێنجوێن وپەروێز خانیش بوو بە مەنفەزێکی سەرەکی،

ئەركی حكومەتەو ئەو مەهامەش دەسپێرێت بەو وەزارەتەی كە تایبەتمەندە، ئەوەیش وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەیە، تایبەت بەماددەكەش من هیچ تێبینیەكم نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەیەكی تر تكایە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (20):

على الوزارة ومن يمثلها من المقاولين او الشركات تامين استمرار جريان المياه والانهر والجداول والمبازل التي تعترض مشاريع الطرق العامة والجسور، وكذلك تامين طرق بديلة للطرق الموجودة التي تعترض مشاريعها الجديدة اثناء مراحل تنفيذ المشاريع.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

تكایە كوردییەكەش بخوێننەوە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (20):

پێویستە لەسەر وەزارەتەكەو ئەو بەڵێندەر یان كۆمپانیانەی كە نوێنەرایەتی دەكەن بەردەوام بوونی ڕۆیشتنی ئاو و ڕووبارو جۆگەو خوێ دەڵێن كە دەكەونە ڕێگای پرۆژەگەلی ڕێگە گشتیەكان و پردەكانە مسۆگەر بكەن، هەروەها ڕێگای بەریخراویش بۆ ئەو ڕێگایانەی كە هەن دەكەونە ڕێگای پرۆژە تازەكانیان لە قۆناغەكانی جێ بەجێ كردنی ئەو پرۆژانەیاندا مسۆگەر بكەن.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ڕای لیژنەی هاوبەش تكایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەندامانی پەرلەمان كەس دەیەوێت قسەی لەسەر بكات، باشە كەس نیە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هیچ تێبینیەکم نیە هاوڕام لەگەڵ دەقی ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (21):

لمنتسبي الوزارة دخول العقارات الخاصة باستنثاء الدور السكنية والمباني لتهيئة اعمال المسح بعد اشعار مالكيها وتحديد مسارات الطرق العامة والجسور لاغراض تنفيذ مشاريعها.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (21):

کارمەندانی وەزارەتەکە بۆیان هەیە بچنە ناو عەقارە تایبەتەکانەوە دوای ئاگادار کردنەوەی خاوەنەکانیان، بەدەر لە خانووەکانی نیشتەجێ بوون و بینایەکان، بۆ ئامادە کردنی کاری پێوان و دیار کردنی رەوتی رێگە گشتیەکان و پردەکان، بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانیان.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەندامانی بەڕێز دەتانەوێ قسەی لەسەر بکەن؟، کەس نیە باشە جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز كامەران احمد (وەزیری ئاوەدانكردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هیچ تێبینیەكم نیە هاوڕام لەگەڵ دەقی ماددەكە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تكایە بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (22):

اولاً: تختص الوزارة حصرا بتنفيذ الطرق السريعة والرئيسة والثانوية والتقاطعات والانفاق الواقعة خارج حدود البلديات وتنفيذ الجسور.

ثانياً: لدوائر الدولة الاخرى او المواطنين تنفيذ الطرق المحلية او الريفية او السياحة او الخاصة والمعابر بموافقة الوزارة واشرافها على ان يكون تحديد محرمات هذه الطرق من اختصاص الوزارة حصراً.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

تكایە بەكوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (22):

یەكەم: تەنیا ئیشی وەزارەتەكەیە ڕێگای خێراو سەرەكی و لاوەكی و یەكتربڕو تونێل و پردەكانی دەرەوەی سنووری شارەوانیەكان دابمەزرێنێت.

دووەم: دایەرەكانی دیكەی دەوڵەت، یان هاووڵاتیان بۆیان هەیە ڕێگا مەحەلیەكان، یان ڕێگا گوندەكان، یان ڕێگانی گەشتوگوزار، یان ڕێگا تایبەتەكان و مەعبەرەكان، بە ڕەزامەندی و سەرپەرشتی وەزارەتەكە جێ بەجێ بكەن، بە مەرجێ دیار كردنی قەدەغە كراوەكانی ئەم ڕێگایانە، تەنیاو تەنیا ئیشی وەزارەتەكە بێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیەكمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەندامانی بەڕێز كەس دەیەوێت قسەی لەسەر بكات؟، ئەم دوو ئەندامە دەیانەوێت قسەی لەسەر بكەن، دكتۆر بەشیر و سیوەیل خان، دكتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا لە فەقەرەی یەكەم باس لەوە دەكات كە تەنها ئیشی وەزارەتەكەیە كە ڕێگای خێراو سەرەكی و لاوەكی ویەكترېڕ و تونێل و پردەكانی دەرەوەی سنووری شارەوانیەكان دابمەزرێنێت، ئێمە دەزانین لەزۆر لە وڵاتەكان ڕێگای ئۆتۆبان هەیە، ئەم ڕێگایانە مەرج نیە لەلایەن دەوڵەتەوە یان وەزارەتەوە دروست بكرێن، یان ئەگەر هاتو كۆمپانیایەكی دەرەكی هات بۆ كوردستان و وتی من ڕێگایەكی ئۆتۆبان دروست دەكەم كە هەموو شارەكانی كوردستان بەیەكەوە ببەستێتەوە، ئەمە لەو فەقەرەیەدا ڕێگای پێ نادرێت، چونكە دەڵێت تەنها ئیشی وەزارەتەكەیە، من پێم وایە ئەمە بكرێتە تەنها ئیشی وەزارەتەكەیە ئەم كارە بكات یان مۆڵەت بدات بە كۆمپانیایەكی تر كە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت ئەم كارە بكات، لەخاڵی دووەم: دایەرەكانی دیكەی دەوڵەت یان هاووڵاتیان بۆیان هەیە ڕێگا مەحەلییەكان یان ڕێگاكانی گوندەكان و گەشتوگوزار بەتایبەتی مەعبەرەكان ئەمانە ئەنجام بدەن، من پێم وایە كە ئەمەش بەپێی ڕێنماییەكان بێت، نەك وەزارەتێك یان دائیرەیەكی مەحەلی بۆی هەبێت ڕێگایەك لەگوندێك بۆ گوندێك یان شوێنێكی گەشتوگوزار جێبەجێ بكات، بۆیە ئەمەی بۆ ئیزافە بكرێت، بەپێی ڕێنماییەكان وە بەرەزامەندنی و سەرپەرشتی وەزارەتەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، بەڕێز سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە، تەنها یەك تێبینیم هەیە، لە اولاً: لە سەتری دووەم نووسراوە، (خارج حدود البلديات وتنفيذ الجسور) ئەگەر بكرێت بە (وانشاء تنفيذ الجسور) من ئەوەم پێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كامەران احمد(وەزیری ئاوەدانكردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە ئێمە دەڵێین (تختص الوزارة حصرا بتنفيذ الطرق السريعة والرئيسة والثانوية) مەبەستمان لەوەیە، كە ئەم وەزارەتە موختەصە بە شێوەی تەنفیز كردنەكەی، جا تەنفیز كردنەكەی ئیما لەسەر ئەوەیە كە

بودجەی خۆی بۆ تەخصیص دەكات، یان لەچوارچێوەی یاساكانی تری پەیوەندیدار دەبێت بۆ نموونە وەبەرهێنان، كاتێ كە دەڵێین (الطرق السريعة) ئەوە دەگرێتەوە لێرەدا، بەدڵنیاییەوە ئەوە لەهەموو وڵاتانیشدا ئەگەر تەنفیزی بكات ئەوە بەپارەیە، پارە لەخەڵك وەردەگرێت، بەڵام ئێمە هێشتا نەگەشتووینەتە ئەو قۆناغە، ئەوە لە چوارچێوەی وەبەرهێنانداا دەتوانێت لەچوارچێوەی ماستەرپلانەكەمان ئیشارەتی پێ دراوە، تایبەت بەوەی كە دەڵێین(لدوائر الدولة الاخرى او المواطنين) كاتێ كە تۆ بۆ نموونە پرۆژەیەكی صیاحی دەبێت، ئێمە دەڵێین وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە موختەصە بە هەموو ئەو رێگایانەی كە لەدەرەوەی سنووری شارەوانیەكانە، واتە لەناو سنووری شارەوانیەكان وەزارەتێكی تر تایبەت مەند دەبێت، كە ئەویش وەزارەتی شارەوانیە، بەس لەدەرەوەی سنووری شارەوانیەكان هەندێجار رێگامان هەیە بۆ مەشروعێكی سیاحی یان بۆ مەشروعێكی تر لایەنێكی تر تەنفیزی دەكات، پێویست دەكات لەلایەن وەزارەتی ئێمەوە پێوەرەكان و رێنماییەكانی بۆ دابندرێت، چونكە لە ئەخیردا صیانە ئەو رێگایە دەكەوێتە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، بەپێی یاساكە لەچوارچێوەی چالاكیەكانی، پشتگیری لەدەقی ماددەكە دەكەم وەكو خۆی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تكایە بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (23):

اولاً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة ابعاد المركبات المختلفة، وكذلك السرع القصوى والدنيا لها على الطرق العامة وحسب نوع كل طريق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

ثانياً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة قواعد استخدام الطرق السريعة ببيان ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

تكایە بەكوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (23):

یەكەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بەهاوەدەنگی لەگەڵ وەزارەتەكەدا دووریەكانی (ابعاد) ئۆتۆمبیلە جۆربەجۆرەكان دیار دەكات، هەروەها زۆرترین خێرایی و كەمترین خێرایشیان لەسەر رێگا گشتیەكان بەپێی جۆری هەر رێگەیەك، بە بەیاننامەیەك دیار دەكات و لە رۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەكرێتەوە.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا بە بەیاننامەیەك ڕێساکان بەکارهێنانی ڕێگا خێراکان دیار دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بلاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەم ماددەیەش نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەندامانی بەڕێز کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن(مامۆستا عومەر و کاك فازڵ بەشارەتی) مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکی زمانەوانی بەسیتە، نەك تەنها هەر ئاوا تێپەڕێت، ئەو وشەی (السرع) ئەوە (السرعة) یە سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی 23 باسی ئەوە دەکات کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە شێوەی گەیاندن وسورعەتی سەیارە جۆر بەجۆرەکان دیاری دەکات، هەرچەند لەماددەکانی تر بەس باسی سەیارە بارهەڵگرەکان دەکات، بە بڕوای من ئەوەی کە گرفتی زۆر گەورە دروست دەکات، مەسەلەی دیاری نەکردنی گەیشتنی سەیارەیە لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، ئەوەشی کە دەبینین زۆربەی ڕووداوەکان لەنێوان دوو جۆر سەیارە دروست دەبێت، سەیارەی نەفەر هەڵگر بەتایبەتی تەکسی کوردستان کە بە ئارەزووی خۆیان لێدەخوڕن نە حساب بۆ نەفەرەکان دەکان کە لەسەیارەکەیاندایە، لەگەڵ سەیارەی بارهەڵگر، بۆیە من پێشنیار دەکەم، هەر لەم ماددەیەدا باسی خەفەر دەکات، بەڕاستی ئەوەی کە گرفتی دروست کردووە کە خەفەری هاتوچۆ بەتایبەتی لەشەواندا نیە، هەمووومان بەڕێگاکاندا هاتوچۆ دەکەین کە خەفەر نیە، لە شەواندا، دیاری کردنی ڕێگا بۆ شوفێرەکان ئەوەی کە بەچەند بگاتە ئەو جێگایە، بەڕاستی ئەمە زیاتر کێشەی دروست کردووە، زۆر کاتیش بەحەقیقەت غەدر لە سەیارە بارهەڵگرەکان دەکرێت، لەبەر ئەوەی لەلایەن ڕێگاو بان و هاتووچۆوە هێڵی سەیارە بارهەڵگرەکان دیاری نەکراوە، جاری وا هەیە سەیارەیەکی بارهەڵگر بەگەورەترین بارەوە سەیارەیەکی تەکسی یان نەفەر هەڵگر

**دەچێتە بەردەمی بۆ خۆی لە بەرەو ژوورکەیەك ئەوەستێت و قەتیس دەبێت، بۆیە بەحەقیقەت ئەمە زۆر گرنگە کە پۆلیسی هاتوچۆ بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەدا حەد و حدودێك بۆ ئەو دوو سێ لایەنە دابنێن، خەفەری هاتوچۆ، گەیشتنی سەیارە، دیاری کردنی هێڵی سەیارەی بارهەڵگر لە ڕێگاکاندا، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز کامەران احمد( وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تایبەت بەوەی کە لەڕووی زمانەوانیەوە (وکذلك السرع القصوی) منیش پێم وایە ئەوە ڕاستە ئەوەی کاك عومەر، بۆیە هاوڕام لەگەڵی، من دەمەوێت لێرەدا یەك ڕوونکردنەوە بدەم، ئێمە کاتێ کە دەڵێین لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ تەحدیدی چی بکەین، تەحدیدی ئەوانە دەکەن کە سورعەکەی و بوعدەکەی لەگەڵ وەزارەت، بۆچی؟، ئێمە بەڕاستی ناچین لەجێگای وەزارەتی ناوخۆ ئیش بکەین، کە بچین ژمارەی پۆلیسی هاتووچۆ کەم بێت یان زیاد بێت یان بەشەوانە ئیش بکات، ئێمە جێگای ئەوانە ناگرینەوە، بەڵام ئێمە کاتێك کە دێین تەصمیمی ڕێگا دەکەین، دوو پێوەر هەیە، بۆ نموونە خۆی کۆمەڵێك پێوەر هەیە کە ئیعتیمادی دەکەینە سەر، بەس دوو پێوەر هەیە کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی ناوخۆوە، یەکەمیان: ئەبعادی بارهەڵگرەکە بۆ ئەوەی بزانین جادەکان چەند پان بێت بەینەکانی، ئەوی تریان: سورعەتەکەی، هەردووکی داخڵ دەبێت، لەو مەعایرانەدا کە تەئسیر ئەکاتە سەر تەصمیمی ڕێگاو بانی خێراو دەرەوەو هەمووی، بۆیە ئێمە پێویستیمان پێیەتی پێش ئەوەی تەصمیمەکە بکەین، تەنسیق لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بکەین، بۆ ئەوەی کە ئەو پێوەرانە داخڵ بکەین ولە نەتائیجدا تەصمیمێکی فەنیمان دەست بکەوێت، بۆیە تەنها باسی هونەرییەکەی دەکەین، حەزم کرد ئەو تەوزیحە بۆ جەنابتان بدەم، ماددەکە وەکو خۆی من پشتگیری لێ دەکەم، هاوڕام لەگەڵ لیژنەش، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**لیژنەی هاوبەش فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە تێبینیەکەی کاك عومەر وەردەگرین لەڕووی زمانەوانیەوە بۆ ڕاست کردنەوەی عیبارەتەکە، هەروەها لە تەبعیشدا إبعاد هاتووە کە دەبێتە أبعاد واتە بەم شێوەی خوارەوەی لێ دێت(المادة (23):**

**اولاً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة أبعاد المركبات المختلفة، وكذلك السرعة القصوى والدنيا لها على الطرق العامة وحسب نوع كل طريق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**ثانياً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة قواعد استخدام الطرق السريعة ببيان ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**تکایە لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (24):**

**يستمر العمل بالبيانات الصادرة عن مديرية المرور العامة بما لا يتعارض واحكام هذا القانون الى حين صدور مايحل محلها او يلغيها.**

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (24):**

**کار بەو بەیاننامانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆوە دەردەچووێندرێن بەردەوام دەبێت، کە هاودژ نەبن بە حوکمەکانی ئەم یاسایە، تا ئەو کاتەی یاسایەکی تر دەردەچێت و جێگای دەگرێتەوە، یان پووچەڵی دەکاتەوە.**

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**تکایە ڕای لیژنەی هاوبەش.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ماددەکە نیە، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، کەس نیە، جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هیچ تێبینیەکم لەسەر دەقی ماددەکە نیە، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**تکایە لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی دواتر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (25):**

**لوزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع الوزارة الداخلية والوزارة المالية والاقتصاد اصدار تعليمات لسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**جەنابی سەرۆكی پەرلەمان بە نیسبەتی ئەم ماددەیەوە ئێمە لە لیژنەی موشتەرەك كۆكین لەسەر ئەوەی (مع الوزاره الداخليه والوزاره الماليه والاقتصاد) بكرێتە (مع وزارتى الداخليه والوزاره الماليه و الاقتصاد) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**المادة (25):**

**لوزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع الوزارتى الداخلية المالية والاقتصاد اصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیەكەی فەرموو.**

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 25:**

**وەزیری ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ بوون و وەزیری دارایی و ئابووری بە هاودەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ دا بۆیان هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسانكردنی جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.**

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ئاهەنگ خان، سیوەیل خان، كاك صباح، كاك احمد، ئاهەنگ خان فەرموو.**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوە، من لە ماددەی 25 لەگەڵ شتێكم كە ئیقتراح بكەن (لوزير الاعمار والاسكان بالتنسيق مع وزارة الداخلية والمالية والاقتصاد و وزارة العمل والشؤون الاجتماعية) ئەگەر تەماشای ستانداردی دونیای بكەین، ئێمە شتێك هەیە كە پۆست ستانەدردی پێ دەڵێن، یانیش (ئیشێنسیەڵ ستاندەر)، یەعنی ئەو ستاندەرانەی كە موهیمە لە كرێكاری وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بەدی بكرێت، چونكە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە كە پۆستەكان بە سایەقەكانیەوە و بە كرێكارەكانیەوە ئیشێكی زۆر قورس دەكەن، لەگەڵ مەكائینی زۆر زۆر گەورە و لە جێی زۆر قورس ئیش دەكەن، ئەوانە بە عومرێكی موەحەدەد دەبێ ستانداردەكیان بۆ دابندرێت كە قانونی عەمەل ئەوەی لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە ئیش دەكات دەبێ لە**

عـومرێکی موەحـەدەد بـێ مواسـەفاتی موعەیـەن بێـت کـە بـە نیسـبەتی هەیئـەت و شـێوەیان، ئـەوە بـەدی دەکرێت لە قانونی هیندی، لە قانونی هندی هەتا عومریش پێوەر دادەنـدرێت، پـانی شـانی کرێکارەکـان لـە 17 بۆ 18 و بۆ 28 ئەوانە دەتوانن ئیش بکەن لەسەر مەکائینی قورس چونکە پاشی ئـەو عمـرەی پاشـی سی ساڵی، ئەگەر بێتو بەردەوام بێت ئەو کرێکارە لە چل ساڵی دا پەکی دەکەوێ و تووشی فەقەرات دەبێـت، بۆیـە (ئیسێنشـیەل) سـتاندەرات و پۆسـتە ئـەوە زۆر زۆر موهیمـە، بـەڕێز وەزیـری ئاوەدانکردنـەوەش ئـەو موشکیلەیەی وابـزانم بـاش دەزانێـت کـە لـە گـەڵ وەزارەتـی عەمـەل، ئەوانـە لەگـەڵ کاروبـاری کۆمەڵایـەتی سـتانداریکی موعـەین فیزیکـەڵ سـتاندەردی پـێ دەڵـێن کـە دەربخـەن بـۆ ئـەوەی کرێکارەکـانی وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوە مواسـەفاتێکی تایبـەت بـە ئـیش کردنیـان هـەبێ بـۆ ئـەوەی خۆشـیان ئەزیـەت نـەخۆن و وەزارەتەکەش کەفائەتی هەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئەو ماددەیە عەرەبیەکەی ئەگـەر بکرێـت بنووسـرێت (لـوزیر الاعمـار والاسـکان بالتنسـیق مـع وزارتـی الداخلیـە والمالیـە والاقتصـاد) ئەگـەر نـەکرێت دووبـارە وەزارەت بنووسـرێتەوە، ئـەوە یـەك، لـە کوردیەکەی ڕاستە ئیعتماد لەسەر کوردیەکەی ناکەین، بەڵام لە کوردیەکەی نووسراوە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، لە عەرەبیەکەش نووسراوە وەزارەتی مالیە و ئیقتساد، واتە ئەوە ڕێك بخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێشنیار دەکەم ناوی هیچ وەزارەتێك نەیەتن، بڵێ (بالتنسیق مع الوزارات المعنیە) سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تێبینیەکم نیە لەسەر ماددەکە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە ئەمە لە حوکمە کۆتاییەکان و کۆتایی یاسایەکەش نزیك بووینەوە، لە مـاوەی گفتوگۆ کردنـی ئـەم پـرۆژە یاسـایە لەلایـەن زۆرێـك لـە ئەنـدامانی پەرلەمان باس لە خراپی ڕێگاوبانەکان کرا، کە ئێمە ڕۆژانە بە داخەوە شایەدی زۆر ڕووداوی مەترسـیدار و دڵتەزێنین، هاووڵاتیان زۆر دەبنە قوربانی بەهۆی خراپی ڕێگاوبانەکانەوە، بـە هـۆی ئـەوەی کـە ڕێگاکانمـان

فراوان نینە و یەك سایدن، ئەگەر دەكرێ لێرە بە حوكمی ئەوەی كە ئێمە باس لە ڕێگا گشتیەكان دەكەین، ماددەیەك زیاد بكرێت كە ئیلزامی وەزارەت و لە پلانی داهاتووی خۆی دابنێ بۆ ئەوەی كە لە بودجەی گشتیش دا جێی بۆ بكرێتەوە، كە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە پابەند بێت بە دوو ساید كردنی هەموو ئەو ڕێگا گشتیانەی كە لە نێوان شارو شارۆچكەكان و ڕێگا سنووریەكانن، چونكە ئەوە بەڕاستی پێموایە داخوازیەكی هەموو هاووڵاتیانە و نازانم ئەگەر جێگای هەیە لێرە لەم یاسایەدا بە ماددەیەك ئیزافە بكرێت بۆ ئەوەی وەزارەت لە پلانی خۆی دابنێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێزحسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز كامەران احمد (وەزیری ئاوەدانكردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێ گومان تایبەت بەوەی كە پاراستنی كرێكاران و هەموو كارمەند و فەنیەكان كە لە ڕێگاوبانەكان دا ئیش دەكەن هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كە لەلایەن ئاهەنگ خانەوە باس كرا، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی قانونی عەمەل و سەلامەتی كرێكاران و ئەوانەدا جێی بۆتەوە، بەس كاتێ كە باس لە ڕێگاكان دەكەین ئێمە دەڵێین كێ تەعلیمات بۆ ئەمە دەردەكات، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەهدافی قانونەكە وئەو فەسڵ و ئەحكامانە، ئەو ماددانەی كە تیایە هاتووە، ئەهدافی قانونەكە بریتیە لە پێنج هەدەف كە لە ئەوەڵەوە دیاری كراوە و فەسڵەكانی تریشی باسی غەرامات دەكات، كە ئەمانە پەیوەندارە بە كێوە؟ جیهەتی تەنفیزی كە پۆلیسی هاتوچۆ هەیە واتە لە وەزارەتی ناوخۆ دا چونكە ئەوانن تەنفیزی غەرامەكە دەكەن و دەچێتە سندوقێكەوە، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە كە تایبەتە بە ڕێگاوبانەكانەوە وەزارەتی داراییش كە لەڕووی داراییەوە هەرچی شتێكە غەرامات و مەسائیلی مالیە تیا هەبێ ئەوا ئەوانی تیا دەبێ، ئەگەر بڵێین وەزاراتی مەعنی بەڕاستی زۆر زۆر بلاّو دەبێتەوە ناتوانین ئیشی تیا بكەین، تایبەت بەوەی كە باسكرا بە دوو ساید كردنەكە، ئەگەر جەنابت ئیجازەم بدەیتێ یەك ڕوونكردنەوەی بەسیت بدەم، ئێمە ماستەرپلانی ڕێگاوبانی هەموو تۆڕی ڕێگاوبانەكانی كوردستانمان تەواو كردووە تا ساڵی 2030 و بودجەكەمان لەبەردەست دایە بە یەك سپێس مۆتۆروێیەكانەوە، با بڵێین ڕێگا سەریعەكانیەوە، تەنها بە دوو ساید كردنی نێوان شار و شارۆچكەكان كە پێویستە بكرێت، سێ ملیار و نیوی دەوێ هەر بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزتان ئەوە پەیوەندار نیە ئێمەوە، ئەگەر ئەو سێ ملیار و نیوە ئێستا لە بودجەی كوردستاندا هەبێ و كە بودجەش هاتە پەرلەمانەوە ئەو سێ ملیار و نیوەكە دابین بكرێت بە دڵنیایەوە لە داهاتوویەكی زۆر نزیك دا دەتوانرێ ئەو كارە بكرێت، زۆر سوپاس و هاوڕام لەگەڵ دەقی ماددەكە.

**بەڕێزحسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی 26 شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (26): لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی کاك خليل فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 26 : کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ماددەکە نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، منیش هیچ تێبینیەکم نیە لەسەر ئەو ماددەیە و، زۆر سوپاس لەگەڵ دەقی ماددەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی 27 شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (27): ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی کاك خليل فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ مولاحەزەیکمان نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەبینم ئەو برگەیە چەند مەجموعەیەك غەراماتی مالی تێدا هەیە، بۆ ئەوەی کە یاسایەکە باشتر جێی خۆی بگرێت و نەبێتە موفاجەئەیەك بۆ هەموو ئەوانەی تووشی سەرپێچی بوونە لە ڕێی ئەم یاسایەوە، من پێم باشە لە پاش مانگێك مودەیەکی زەمەنی دابندرێت بەوەی کەخەڵکەکە ئاگادار بێتن و پاش مانگێك لە وەقائیع کە بڵاو دەبێتەوە ئەوجا بچێتە باری جێ بەجێ کردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکم نیە لەسەر دەقی ماددەکە و هاوڕام لەگەڵیان، ئەوەی کە باسیش دەکرێت کەلەسەر پاش مانگێك نازانم ئەوە ڕای لیژنەی هاوبەش ویاساییە کە زیاتر دەتوانن وەڵامی ئەوە بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە تەنفیز دەکرێت لەڕۆژی بڵاوبونەوەی هێشتا دەرنەچووە و نەبووەتە یاسا کە دەرکرا کە ئەو کاتە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە و بڕگە و ماددەکانیشی جێ بەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**لغرض تحديد مسؤوليات الوزارة باشرافها على تنفيذ الطرق العامة خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات ولغرض شمول مشاريع الجسور والتقاطعات بالقانون ولمنع التجاوز على الطرق العامة والطرق**

السريعة ومحرماتها وكذلك تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم هذه الطرق ولتوحيد اجراءات الاستملاك وتنظيم استخدام محرمات الطرق العامة وطرق المرور السريع وللتغيير الحاصل في هيكلية الدوائر المنفذة للطرق العامة ولتوحيد القواعد القانونية ذات العلاقة شرع هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی کاك فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## هۆکارە پێویستەکان

بە مەبەستی دیار کردنی بەرپرسیارێتی وەزارەت لەسەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی ڕێگا گشتیەکان لە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی و دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی لەپێناوی ئەوەشدا کە پرۆژەکانی پردو یەکتربڕەکان بکەونە ژێر رکێفی یاساوەو لە رێی قەدەغە کردنی پێ درێژی لەسەر رێگا گشتی و رێگا خێراکان و قەدەغە کراوەکانیان، هەروەها لەپێناو دیار کردنی قورساییە میحوەریەکانی ئۆتۆمبیلەکان کە ئەم رێگایانە بەکار دەهێنن و بۆ یەکخستنی رێگاکانی بە موڵك کردن و رێکخستنی بەکارهێنانی قەدەغە کراوەکانی رێگا گشتیەکان و ڕێگا خێراکان لەبەر ئەو گۆڕانکاریانەش کە لە پەیکەری ئەو دایەرانە دا پەیدا بووە کە ڕێگا گشتیەکان دەکەونەوە و جێ بەجێ یان دەکەن لە بۆ یەکخستنی ڕێسا یاساییە پەیوەندارەکان ئەم یاسایە شەرعێندرا.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نیە تەنها ئەوە نەبێ عەرەبیەکەی دەکرێتە ئەساس بە نیسبەت ئەسبابی موجبەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان؟ ئاهەنگ خان، کاك عبدالسلام، کاك بشیر، د.احمد، کاك قادر، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە، لێرە لە ئەسبابی موجبە شتێکی باشی دەڵێ (هیكلية الدوائر المنفذة للتغير الحاصل فى هيكلية الدوائر المنفذة) کەواتە هەیکەلیەتی دەوائیری مونەفەزە کرێکاریش دەگرێتەوە، من شتێکی تریش بۆ بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە زیاد دەکەم، ئەویش گرینزۆنە، گرین ئین ستراکچەرە،

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 77

سالی/ 2012 – بەرگی حەفتا و حەوت

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2012

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/4/30 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/5/7 ل 75

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/5/8 ل 149

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/5/9 ل 175

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/5/14 ل 225

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/5/15 ل 267

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2012/5/16 ل 339

ببووره، پێموایه ئەو تەبریدە کە ئیش دەکات هاژە هاژێکی زۆرە تەئیسیر دەکاتە سەر کۆی گوێ گرتنەکە بەڕاستی، ئەوە هۆکاری سەرەکییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دیارە خۆتان دەزانن ماوەیەکی باش موناقەشەی ئەو پرۆژەیەمان کردو دەرفەتێکی باشیشماندا بە لیژنەی هاوبەش، گوتمان بۆ ئەوەی داڕشتنی بۆ بکەنەوە، دواکەوتنەکەی دانیشتنی ئەمڕۆمان هەر لە ئەنجامی ئەوە بوو کە پێویستیان بە کاتی تر بوو، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ پێدا بچنەوەو ئەو کەموکورتیەی لە داڕشتنەکە هەبوو تەواوی بکەن، ئێستاش داوایان لێ دەکەین خاڵ بەخاڵ دەست پێ بکەن، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش لە دوای هەردوو دانیشتنی یەك لە دوای یەکی تایبەت بە یاسای رێگا گشتیەکان و وەرگرتنی دیدو بۆچوون و ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەندامە بەڕێزەکان پێشکەشیان کرد، کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجامدا لە $4/29$، بۆ ئەوەی ئەو دیدو بۆچوونانە بە هەند وەربگیرێت و لەناو یاساکە ئەگەر پێویست بوو گۆڕانکاری بکرێت، بۆیە ئێمە راپۆرتێکی هاوبەشمان نووسیەوە، پێمان باشە راپۆرتەکە عەرزی ئێوەی بەڕێز بکەین، بەلاّم پێش ئەوەی دەست بکەین بە خوێندنەوەی راپۆرتەکە، ئەو رەئیانەی کە وەرگیراوە لێرە بە ئیتیفاقی هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە کردوومانەتە راپۆرتێك، راپۆرتەکانیش دابەش کراوە، ئەگەر جەنابت بفەرموویت راپۆرتەکە بخوێنینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر ئەو راپۆرتە وەختی خۆی خوێندراوەتەوە، ئێستا بەس بۆ دەنگدانە، ئەگەر دەنگدانیش بێت دەبێت مادده بە مادده بخوێندرێتەوە، چونکە موناقەشەی تەواوی لەسەر کراوە، دەبێت مادده بە مادده دەنگی لەسەر بدرێت، بۆ جارێکی تر بخوێنینەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر پرۆژە یاساکە هاتووە هەر لە عینوانەکەیەوە بەسەریدا هاتووە، ئێستا ئەسڵی پرۆژەکەو گۆڕانکارییەکان پێشکەش دەکەین.

**قانون الطرق العامة لاقليم كوردستان – العراق**

وفقاً للصلاحية الممنوحة لنا في البند (اولاً) من المادة العاشرة من قانون رئاسة اقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2005 المعدل وبناء على ماشرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في الدورة ( ) الجلسة ( ) المنعقدة في / /2011 قررنا اصدار:

ئـەو گۆڕانكارییـەی بەسـەر ئـەم بەشـەدا هـاتووە مەجلیسـی وەتـەنی كـراوە بـە پەرلـەمانی كوردسـتان بـەم شێوەیەی خوارەوە:

(وفقاً للصلاحية الممنوحة لنا في البند (اولاً) من المادة العاشرة مـن قـانون رئاسـة اقلـيم كوردسـتان – العـراق رقـم (1) لسـنة 2005 المعـدل وبنـاء علـى ماشـرعه برلـمان كوردسـتان – العـراق في الـدورة ( ) الجلسـة ( ) المنعقدة في / /2011 قررنا اصدار)، گۆڕانكاریەكە تەنیا لێرە پەرلەمانی كوردستان ئیزافە كراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئاسانكاری جەلسەكەو ئاسان كردنی دەنگدان، پێویسـت ناكـات نەصـەكەی پێشـوو بخوێنـدرێتـەوەو نەصـە هەموار كراوەكە، بەڵكو هەر یەكسەر یاساكە بەهەموار كراوی بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە دەنگی لەسـەر بدەین، ئەگەر هەر كەسێك پێویستی بە روون كردنەوەیەك بـوو، ئـەوەتا لەبەردەسـتماندایە، ئـەوە راپۆرتـە هاوبەشەكە هەیە، ئەگەر ئێمە سەیری راپۆرتە هاوبەشەكە بكەین و سەیری نوسخە ئەسـڵیەكە بكـەین هـی یاساكە دەزانین گۆڕانكارییەكە لەكوێ كراوە، لەبەر ئەوە ئەوان پێویسـت ناكـات نەصـە كۆنەكـە بخوێننـەوە، بەڵكو یەكسەر نەصە تازەكە بە هەموار كراوی بخوێندرێتەوە، ئێمە دەنگی لەسەر دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو دیباجەی كە كاك عومەر خوێندیـەوە دیباجـە تـابعی سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردسـتانە، عیلاقـەی بـە پەرلەمان نییە، واتا موجیب نییە ئێمە لێرە بیخوێنینەوە، ئەو دیباجەیە دەبێت دیباجەی پەرلـەمان بێـت بەو شێوەیەی لە قەوانینەكانی تر دەرچـووە بـەو شـێوەیە بنووسـرێت، نـەك بـەو شـێوەی كـە كـاك عومـەر خوێندیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەخێرهاتنی بەڕێز كاك كامەران دەكەین بەخێر بێت سەرچاومان، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەم صیاغەی كە ئێستا پێشكەش بە ئێوەی بـەڕێز دەكرێـت ئەمـە دوای ئەوەیـە كـە عـەرزم كـردن هـەردوو لیژنـەی هاوبـەش كۆبوونـەوەیان كـرد لەسـەر ئـەو رەئـی و دیـدو بۆچـوونانەی ئێـوەی بـەڕێز لـە هـەردوو

دانيشتنى پێشووترى پەرلەمان بەستى لەسەر ياساى ڕێگا گشتيەكان، بە نەتيجەى ئەو گفتوگۆيانەى بەڕێزتان و ئەو مولاحەزاتانە، ئەم صياغەيەى كە ئێستا لەبەر دەستماندايەو لەبەردەستتاندايە پێشكەش دەكرێت، ئەمە صياغەى كۆتاييە، لەبەر ئەوە ئێستا پێشكەشتانى دەكەين.

**قانون الطرق العامة لاقليم كوردستان – العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

المادة (1):

يقصد بالتعابير الاتية لاغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاءها:

اولاً: الوزارة: وزارة الاعمار والاسكان في اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً: الطريق العام: الممر المبلط او غير المبلط المخصص لمرور المركبات ويشمل ذلك محرم الطريق، وتحدد انواع الطرق العامة من سريعة ورئيسة وثانوية وغيرها ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

ثالثاً: طريق المرور السريع: الطريق العام المصمم والمشيد بصورة خاصة لمرور المركبات الذي لا يخدم الممتلكات المتاخمة له (مسيج) وتكون مجالات مرور المركبات فيه منفصلة ولا يتقاطع مع اي طريق او سكة قطار او اي مسار اخر او ممر مشاة في مستوى واحد، والذي يكون مصمماً ومعلناً عنه كطريق سريع.

رابعاً: الجسر: منشأ من الخرسانة المسلحة او الحديد او كليهما يزيد فضاءه على (6) ستة امتار وقد يتكون من عدة فضاءات لنقل المرور بانواعه او الخدمات او كليهما عبر مجرى مائي او فتحة ويشمل مفهوم الجسر، الجسور العائمة المصممة والمنفذة بأية طريقة كانت وتعرفها الوزارة على انها جسور ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

خامساً: التقاطع: هو شبكة من الطرق المترابطة والمتقاطعة مع بعضها على مستوى واحد او اكثر يوفر انسياب المرور بين طريقين او كثر.

سادساً: النفق: طريق يمر تحت طريق اخر او سكة حديد او نهر او خليج او قناة او جبل او مرتفع مصمم ومشيد ومعلن عنه انه نفق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

سابعاً: القنطرة: مجرى مغلق ينقل الخدمات او الماء في قناة طبيعية او مجرى مائي طبيعي او اصطناعي من احد جانبي الطريق الى الجانب الاخر ولا يشمل ذلك الجسر.

ثامناً: المحرم: يشمل المحرم كل من:

1- طريق او جسر او قنطرة او تقاطع او نفق.

2- الاراضي المجاورة للطريق الممتدة مسافتها ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية.

تاسعاً: الاثقال المحورية: هو ثقل المركبة مضافاً اليه وزن الحمولة المنقولة المسلط على كل محور من محاور المركبة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

**تكايه بە کوردیەکەش.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەنها گۆڕانکارییەك لەم ماددەیەدا کراوە هەڵەیەکی زمانەوانی هەبووە لە ماددەی یەك برگەی نۆ کە (الاثقال المحورية) بووە، خۆی (الاشغال المحورية) نووسراوە، ئێمە کردوومانە بە (الاثقال المحورية) راستیەکەی ئەوەیە.**

## یاسای رێگا گشتییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

**ماددەی (1):**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە:**

**یەکەم: وەزارەت: وەزارەتی ئاوەنکردنەوەو نیشتەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**دووەم: رێگای گشتی: ئەو رێگا قیرتاو کراوە، یان قیرتاو نەکراوەیە کە بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل تەرخان کراوە، کە قەدەغەکراوەکانی رێگایەکەش دەگرێتەوە، جۆرەکانی رێگا گشتییەکانیش بەخێراو سەرەکی و لابەلاکان و رێگاکانی لەو جۆرە بابەتانەشەوە بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن و لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاو دەکرێتەوە.**

**سێیەم: رێگای هاتوچۆی خێرا: ئەو رێگا گشتیەیە کە بە تایبەت بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل دانراوەو دامەزراوەو خزمەت بە موڵکەکانی هاوشان و نزیکی خۆی ناکات، واتا (شوورەدارە)و هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی تێدا جیا کراوەتەوەو لەگەڵ هیچ رێگایەکی تر، یان هێڵی شەمەندەفەر، یان ئاراستەیەکی تر، یان رێگای پیادەدا لە هەمان ئاستدا یەکتر نابڕن و وەك رێگایەکی خێرا دامەزراوەو راگەیەنراوە.**

**چوارەم: پرد: بە کۆنکرێت، یان بە ئاسن، یان بە هەردووکیان دامەزراوەو پانتاییەکەشی لە (6) مەتر زیاترە، بەسەر ئاوەڕۆیەکەوە، یان لەسەر فەتحەیەك دادەمەزرێت، لەوانەشە لە چەندین پانتایی پێك هاتبێت بۆ هاتوچۆی جۆربەجۆر، یان بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزاری، یان هەردووکیان، چەمکی پرد ئەو پردە سەر ئاوەکەوتووانەش دەگرێتەوە کە بە هەر جۆرێك دارێژرابن و وەژێر کار خرابن، وەزارەتیش بە پرد پێناسەیان دەکات بە بەیاننامەیەك کە لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاویان دەکاتەوە.**

**پێنجەم: یەکتربڕ: بریتییە لە تۆڕێك رێگای پێکەوە بەستراو و یەکتربڕ لەسەر هەمان ئاست، یان زیاتر، کە رێگای هاتوچۆ لەنێوان دوو رێگا، یان زیاتردا فەراهەم دەکات.**

**شەشەم: تونێل: رێگایەکە بە ژێر رێگایەکی تری وەك هێڵی شەمەندەرفەر، یان رووبار، یان کەنداو، یان کەناڵ، یان چیا، یان بەرزاییدا دەڕوات، ئەم رێگایە دامەزراوەو بە بەیاننامەیەك کە لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاو دەکرێتەوە بە تونێل پێناسە کراوەو راگەیەنراوە.**

**حەوتەم: ئاوبارە (القنطرة): ئاوبارەیەكی داخراوەو خزمەتگوزاری، یان ئاو بـە كـەناڵێكی سروشـتی، یـان بـە ئاوەڕۆیەكی سروشتی، یان دەستكرد لەلایەكی ڕێگاكەوە بۆ لایەكەی تری دەگوازێتەوەو پرد ناگرێتەوە.**

**هەشتەم: قەدەغەكراو، ئەمانە دەگرێتەوە:**

**1- ڕێگا، یان پرد، یان ئاوبارە، یان یەكتربڕ، یان تونێل.**

**2- زەویەكانی هاوشان ڕێگایەكە دەگرێتەوە كە وەزارەت بە بەیاننامەیەك درێژی و پانییان دیار دەكات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەكرێتەوە.**

**نۆیـەم: قورسـاییە میحوەریـەكان: بریتیـە لـە كێشی ئۆتۆمبیلەكـە لەگـەڵ ئـەو بـارەی كـە هـەڵیگرتووە، كـە قورسایی دەخەنە سەر هەر میحوەرێك لە میحوەرەكانی ئۆتۆمبیلەكە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی كە لیژنەی هاوبـەش بـە كـوردی و عـەرەبی خوێندیانـەوە، كـێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەی دووەم.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم دوای گفتوگۆی ئەم بەڕێزانە ئیزافەی كەلیمەی صەلاحیەی خرایە سـەرو فەقـەرەی حـەوتی بۆ ئیزافە كرا لەسەر رەئی هەردوو لیژنەو برادەران، بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ هات:**

**الفصل الثاني**

**اهداف القانون ونطاق سريانه**

**المادة (2):**

**يهدف هذا القانون الى ما يأتي:**

**اولاً: الحفاظ على سلامة الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق وصيانتها ومنع التجاوز عليها.**

**ثانياً: تحديد محرمات الطرق العامة الجسور والتقاطعات والانفاق وتنظيم استعمالها.**

**ثالثاً: تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطرق العامة وسرعتها وابعادها.**

**رابعاً: تسهيل اجراءات وضع اليـد علـى الاراضي الـتي تمـر بهـا الطـرق العامـة والجسور والتقاطعـات والانفـاق واستملاكها وتنظيم اجراءات تقدير توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات وكيفية التعويض عنها.**

**خامساً: تنظيم ومنح اجازة بناء المنشأت التي تخدم الطرق العامة وتحديد ابعادها عن تلك الطرق.**

**سادساً: منح الموافقة على المشاريع الاخرى خارج حدود صلاحية رئاسة البلديات ومديرية البلديات.**

**سابعاً: تنظيم ومنح اجازات وضع ونصب وسائل الدعاية والاعلانات على الطرق العامة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە بەكوردیەكەشی.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**ئامانجەكانی ئەم یاسایەو مەودای حوكمەكانی**

**ماددەی (2):**

**ئامانجی ئەم یاسایە، ئەمانەی خوارەوەیە:**

**یەكەم: پاراستنی سەلامەتیی ڕێگا گشتیەكان و پردو یەكتربڕو تونێلەكان و هێشتنەوەیان و نەهێشتنی زیادەڕۆیی لەسەریان.**

**دووەم: دیار كردنی قەدەغەكراوەكانی ڕێگا گشتیەكان و پردو یەكتربڕو تونێلەكان و ڕێكخستنی بەكارهێنانیان.**

**سێیەم: دیار كردنی قورسایی بارو بارگەكان و خێرایی مەودای ئەو ئۆتۆمبیلانەی كە ڕێگا گشتیەكان بەكاردەهێنن.**

**چوارەم: ئاسان كردنی ڕێكارەكانی دەستبەسەر داگرتنی ئەو زەویانەی كە ڕێگا گشتیەكان و پردو یەكتربڕو تونێلیان پێدا دەڕوات، هەروەها بە موڵكردنی ئەو زەویانەو ڕێكخستنی ڕێكاری خەملاّندنی بەشەكانی تری وەك دامەزراوو چێنراو و زەرعەت و چۆنیەتی قەرەبوو كردنەوەیان.**

**پێنجەم: ڕێكخستن و ئیجازە پێدانی بنیادنانی ئەو دامەزراوانەی كە خزمەت بە ڕێگا گشتیەكان دەكەن و دیار كردنی دوورابیان لەو ڕێگایانەوە.**

**شەشەم: موافەقەت كردنی لەسەر پرۆژەكانی تری دەرەوەی دەسەلاّتی سەرۆكایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی.**

**حەوتەم: ڕێكخستن و پێدانی مۆڵەتی دانان و داكوتانی هۆیەكانی پروپاگەندەو بلاّو كردنەوەی لە ڕێگا گشتیەكان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی كە لیژنەی هاوبەش بە كوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەی سێیەم.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە هەروەكو ئەسڵی پرۆژەكە مایەوە بەبێ گۆڕانكاری:**

**المادة (3):**

**تسري احكام هذا القانون على:**

اولاً: الطرق العامة الكائنة خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات، والقناطر والمعابر والانفاق والتقاطعات التي تقع ضمن محرماتها والمنشأت والساحات التي تخدم هذه الطرق.

ثانياً: الجسور على اختلاف انواعها الواقعة داخل حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات وخارجها والمعرفة بعائديتها الى الوزارة ويشمل ذلك الجزء المجسر منها فقط دون المقتربات.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكايە بە كوردیەكەش.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (3):

حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

یەكەم: ئەو رێگا گشتیانەی دەكەونە دەرەوەی سنووری سەرۆكایەتی شارەوانیەكان و بەڕێوەبەرایەتیەكانی شارەوانی، هەروەها ئەو ئاوبارەو پەڕینەوەو تونێل و یەكتربڕانەش كە دەكەونە چوارچێوەی قەدەغەكراوەكانیان و ئەو دامەزراوو گۆڕەپانانەش كە خزمەت بەو رێگایانە دەبەخشن.

دووەم: هەموو جۆرە پردێك كە دەكەونە سنووری سەرۆكایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەكانی شارەوانی و دەرەوەشیان كە وەها پێناسەكراون سەر بە وەزارەت بن، ئەوەش تەنها بەشە سەرگیراوەكانی پردەكە دەگرێتەوە، نەك بەشە نیوە چڵەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی كە لیژنەی هاوبەش بە كوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**الاستملاك والتقدير**

المادة (4):

اولاً: تقوم الوزارة بطلب وضع اشارة عدم التصرف بالاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون في السجلات العقارية لمدة لاتزيد عن سنة واحدة من تاريخ وضع الاشارة.

ثانياً: للوزارة وضع اليد على الاراضي المنصوص عليها في البند اولاً من هذه المادة الواقعة خارج حدود رئاسة البلديات بعد تقدير قيمة توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات من قبل لجنة تشكل برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل الوزارة وممثل التسجيل العقاري وممثل الزراعة وممثل عن اتحاد الفلاحين

وممثل وزارة المالية وممثل مديرية عقارات الدولة في المحافظة في الوحدة الادارية وصاحب او من يمثله، وللجنة الاستعانة بخبير او اكثر للغرض المذكور.

ثالثاً: تتبع للجنة المنصوص عليها في البند ثانيا من هذه المادة اسس التقدير المنصوص عليها في قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981 وتعديلاته.

رابعاً: للوزارة ولكل ذي علاقة بتوابع الارض المقدرة وفق احكام البند ثانيا من هذه المادة الاعتراض على محضر التقدير خلال مدة (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ التبليغ به لدى محكمة البداءة المختصة بموقع العقار، وتنظر المحكمة بالاعتراض خلال (15) خمسة عشر يوماً ويكون قرارها خاضعاً للطعن فيه لدى رئاسة محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية.

بەنیسبەت ئەم ماددەیە، ئێمە لە ئەسڵی پرۆژەکە (في الحالات المستعجلة) کە چەند ئەندام پەرلەمانێك داوایان کرد بوو لابراوە (جمعيات الفلاحية) بوو بە (اتحاد الفلاحين)، کەلیمەی ریئاسەمان زیاد کرد بۆ مەحکەمەی ئیستئناف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوردیەکەش.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی سێیەم
## بە مڵك کردن و خەملآندن

ماددەی (4):

یەکەم: وەزارەت داوا دەکات کە تێبینی قەدەغەیە دەستکاری ئەو زەوییانە بکرێت کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە سجلەکانی عەقاریدا دابنرێت بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت لە بەرواری دانانی تێبینیەکەوە.

دووەم: وەزارەت بۆی هەیە دەست بەسەر ئەو زەویانەدا بگرێت، کە لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقەکانیان هاتووەو دەکەونە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، ئەو دەست بەسەر داگرتنەش دوای خەملآندنی بەهای دامەزراو و چێنراو و زەرعەتانە دەکرێت، کە پەیوەندیان بەو زەویانەوە هەیە، خەملآندنەکەش لەلایەن لیژنەیەکەوە دەکرێت، کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکە ئیداریەکەو ئەندامێتی نوێنەری وەزارەت و نوێنەری تۆماری عەقاری و نوێنەری کشتوکاڵ و نوێنەرێکی یەکێتی وەرزێران و نوێنەری وەزارەتی دارایی و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی عەقاراتی دەوڵەت لە پارێزگاکە لە یەکە ئیداریەکەو پەیوەندیدارەکە، یان لە نوێنەرەکەی پێك دێت، لیژنەکە بۆی هەیە بۆ ئەو مەبەستە سوود لە شارەزایەك، یان زیاتر وەربگرێت.

سێیەم: ئەو لیژنەیەی کە دەقەکەی لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بنەماکانی ئەو خەملاندنە پێڕەو دەکات کە دەقەکەی لە یاسای بە موڵك کردنی ژمارە (12)ی ساڵی 1981و هەموارکراودا هاتووە.
چوارەم: وەزارەت و هەر کەسێکیش کە پەیوەندی هەبێت بە پاشکۆکانی ئەو زەویەوە، کە بەپێی حوکمەکانی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە خەملێندراوە بۆیان هەیە لە ماوەی (15) رۆژدا لە بەرواری پێ راگەیاندنەوە لەبەردەمی دادگای سەرەتایی تایبەتمەند بە جێگای عەقارەکە نارەزایی لە رەشنووسی خەملاندنەکە دەربڕن، دادگاکەش لە ماوەی (15) رۆژدا سەیری نارەزاییەکە دەکات و بڕیارەکەشی دەکەوێتە ژێر رکێفی تانە لێدانەوە لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر لەسەر هەر ماددەیەك تێبینیەکی هەبوو دەست بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی تێبینیەکەی رەچاو بکەین، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددانەی کە خوێندراوەتەوە هەمووی من پشتگیری لە دەقەکەی دەکەم تاکو ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر تێبینی چیت هەیە؟

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کە زەویەك لە شارەوانی دەچێتە سنووری شارەوانی هی جوتیارێکە بە رێژەی لە 3٪ کە عەقدی هەیە تەعویز دەکرێتەوە، ئێستا هەمان زەوی کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەیکاتە جادە تەعویزی زراعەتەکەی دەدرێتەوە، ئەمە زوڵمە لە جوتیار دەکرێت، هەمان زەویە لە هەمان شوێن یەکیان وەزارەتی شارەوانی ئیشی پێیەتی، یەکیان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئیشی پێیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەی کە کاك قادر باسی لەسەر دەکات، ئەوە لە یاسای تایبەتمەندەکانی خۆی باسی لەسەر کراوە لەسەر حەقی تەسەروف و لەسەر موڵکی زراعی، لەسەر ئەو کەسانەی کە عەقدیان هەیە، هەر کەسێك، هەر لایەنێك، هەر نەوعێك لەو جۆرانە نیسبەتی خۆی بۆ تەحدید کراوەو یاسای تایبەتی تەحەکومی پێوە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبەش بە کوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (5) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج دوای وەرگرتنی دوو مولاحەزە لە ئەندامانی پەرلەمان و جەنابی سکرتێری پەرلەمان بە ئیزافە کردنی ئەو دوو مولاحەزەیە، ئێستا بەو دوو مولاحەزەیەوە ئەو ماددەیەتان پێشکەش دەکەین، مولاحەزەکان یەکێکیان عیبارەتە لەوەی ئیزافە کردنی عیبارەی (مالم یكن قد تم اخذ الربع القانوني من قبل لاي سبب كان) لە ئەخیری فەقەرەی سێ، هەروەها گۆڕانی کەلیمەی (الدولة) بۆ (الاقليم) لە فەقەرەی شەش لە هەمان ماددە، بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژراوەتەوە:

المادة (5):

اولاً: تتولى الوزارة المباشرة باستملاك الاراضي المنصوص عليها في المادة (4) من هذا القانون خلال (180) مئة وثمانين يوماً من تاريخ وضع اليد عليها وفق احكام قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981 وتعديلاته وتقدر القيمة بتاريخ وضع اشارة عدم التصرف او بتاريخ طلب الاستملاك ايهما افضل للمستملك منه.

ثانياً: في حالة تعذر الحصول على عناوين اصحاب العلاقة بالاراضي وتوابعها فيتم الاعلان عن ارقام القطع في المقاطعات المشمولة بالاستملاك في صحيفة يومية واحدة على الاقل مرتين ويمهل اصحاب العلاقة مدة (90) تسعين يوماً اذا كانوا موجودين داخل الاقليم و(180) مئة وثمانين يوماً للموجودين خارج الاقليم للمراجعة وتثبيت حقوقهم وتعتبر قطع الاراضي مستملكة بانقضاء المدة المذكورة.

ثالثاً: يؤخذ بدون بدل الربع القانوني المنصوص عليه في قانون الاستملاك وفق الاحكام المنصوص عليها فيه، ويسري هذا الحكم على جميع الاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون بصرف النظر عن جنسها وصنفها وموقعها والتشريع الذي تملك بموجبه مالم يكن قد تم اخذ الربع القانوني من قبل لاي سبب كان.

رابعاً: تسجل اراضي محرمات الطرق العامة المستملكة باسم وزارة المالية وتخصص للوزارة وتعدل السجلات العقارية للاراضي التي تم استملاكها قبل نفاذ هذا القانون تبعا لذلك.

خامساً: في حالة انتفاء حاجة الوزارة الى اية مساحة من الاراضي المنصوص عليها في البند رابعاً من هذه المادة تؤول ملكيتها الى رئاسة البلديات او مديرية البلديات المختصة ان كانت واقعة ضمن حدودها بدون بدل وترفع اليد عنها وتؤول الى وزارة المالية ان كانت واقعة خارج تلك الحدود.

سادساً: تنوب الوزارة عن دوائر الاقليم الرسمية في الاشراف على الاراضي المشمولة باحكام هذا القانون ورفع التجاوز عنها بالتنسيق مع الوحدات الادارية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە بە کوردیەکەشی.**

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (5):**

**یەکەم: وەزارەت لە ماوەی (180) سەدو هەشتا ڕۆژدا لەبەرواری دەست بەسەر داگرتنی زەویەکان بەپێی حوکمەکانی یاسای موڵکدار کردن ژمارە (12)ی ساڵی (1981)و هەموارەکانی دەست دەکات بە موڵکدار کردنی ئەو زەویانەی کە دەقەکانیان لە مادده (4)ی ئەم یاسایەدا هاتوون، بەهایەکەش لە بەرواری دانانی تێبینی قەدەغە کردنی دەستکارییەکەوە دەخەملێنرێت، یان لە بەرواری دەست بەسەر داگرتنەکەوە، یان لەبەرواری داوای بە موڵك کردنەکەوە، یان کامیان باشتر بێت بۆ ئەو کەسەی کە زەویەکەی لێ دەسەنرێت.**

**دووەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر بە زەحمەت ناونیشانی خاوەن پەیوەندی بە زەویەکان و پاشکۆکانی زەویەکانەوە وەربگیردرێت، ئەوسا ژمارەی پارچەکانی ئەو زەویانەی کە بە موڵك کردن دەیانگرێتەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا لانی کەم دووجار بلاّو دەکرێتەوەو مۆڵەتی (90) ڕۆژیش بە پەیوەندیدارەکان دەدرێت، ئەگەر لەناو هەرێمدا بن، ئەگەریش لە دەرەوەی هەرێم بن، ئەوا مۆڵەتی (180) سەدو هەشتا ڕۆژیان پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی سەر بدەن و مافەکانی خۆیان بچەسپێنن، دەنا ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەر بچێت و نەیەن ئەوا پارچە زەویەکانیان بە موڵك کراو دادەنرێت.**

**سێیەم: بەبێ بەرامبەر (بەخۆرایی) ئەو چوار یەکە یاساییەی کە دەقەکەی لە یاسای موڵکدار کردندا هاتووە وەردەگیردرێت و بەپێی ئەو حوکمانەی کە دەقەکانیان لەسەری هاتووە، ئەم حوکمەش هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە جۆرو پۆل و جێگاو ئەو یاسایەش کە موڵکداریەکەی پێ کراوە، بە مەرجێ چواریەکی یاسایی پێشتر وەرنەگیرا بێت لەبەر هەر هۆیەك بێت.**

**چوارەم: زەویە قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان کە بە موڵك کراون، بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆمار دەکرێن و تایبەت دەبن بەو وەزارەتە، سجلەکانی عەقاریی ئەو زەویانەش هەموار دەکرێن کە بەر لە کار پێکردنی ئەم یاسایە بە موڵك کردنیان تەواو بووە.**

**پێنجەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر وەزارەت پێویستی بەهەر رووبەرە زەوییەك نەما کە دەقەکەی لە بەندی (چوارەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەوا موڵکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیەکان، یان بۆ بەڕێوەرارێتیە تایبەتمەندەکانی شارەوانی، بەبێ بەرامبەر ئەگەر کەوتبووە چوارچێوەی سنوورەکەیەوە، دەست نیشانی لەسەر لادەبرێت و دەدرێتەوە بە وەزارەتی دارایی، ئەگەر کەوتبووە دەرەوەی ئەو سنوورانە.**

شەشەم: وەزارەت لەجیاتی دایەرە فەرمیەکانی هەرێم، سەرپەرشتی ئەو زەویانە دەکات کە دەکەونە ژێر ركێفی حوكمەكانی ئەم یاسایەوەو بەهاودەنگیش لەگەڵ یەكە ئیداریەكاندا زیادەڕۆییان لەسەر لا دەبات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی كە لیژنەی هاوبەش بە كوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەش هیچ مولاحەزەیەكی لەسەر نەبوو، هەر وەكو خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

المادة (6):

اولاً: للوزارة عند الاقتضاء وضع اليد على اي ارض او بستان او اي جزء منها بصورة مؤقتة لاغراض تنفيذ مشاريع الطرق العام والجسور لمدة لاتتجاوز مدة انجاز المشروع ببدل ايجار بعد تبليغ مالكها بذلك مدة لاتقل عن (30) ثلاثين يوماً.

ثانياً: تقوم اللجنة المنصوص عليها في البند ثانيا من المادة (4) من هذا القانون بتحديد بدل الايجار السنوي او الشهري للعقار المقرر وضع اليد عليه بصورة مؤقتة مع تنظيم محضر يثبت فيه الوضع الراهن بها مع توابعه.

ثالثاً: على الوزارة اعادة العقار الذي تم وضع اليد عليه الى مالكه بعد انجاز المشروع وفق الحالة المثبتة بمحضر وضع اليد عليه، وتعويض مالكه عن الاضرار التي لحقت بالعقار بعد تقديرها من اللجنة ذاتها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تكایە بە كوردیەكەشی.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6):

یەكەم: لەكاتی پێویستدا دەستەكە دەست بەسەر هەر زەویەك، یان باخێك، یان هەر پارچەیەكدا دەگرێت بەشێوەیەكی كاتی باخێك، یان هەر پارچەیەكیدا دەگرێت، بەشێوەیەكی كاتی بە مەبەستی جێ بەجێ كردنی پرۆژە گەلی ڕێگای گشتی و پرد، بۆ ماوەیەك كە لە ماوەی تەواو كردنی پرۆژەكە نەترازێت، بۆ ئەوەش كرێ دەدات بە خاوەنەكەی و بەر لە (30) سی ڕۆژ ئاگاداری دەكات.

دووەم: ئەو لیژنەیەی كە لە بەندی (دووەم)ی ماددەی (4)ی ئەم یاسایەدا دەقەكەی هاتووە، كرێی ساڵانە، یان كرێی مانگانەی ئەو عەقارە دیاری دەكات، كە بڕیار دراوە بەشێوەیەكی كاتی دەستی بەسەردا بگیردرێت و ڕەشنووسێكیشی لەگەڵدا ڕێك دەخات، باری كاتەكەو دۆخی پاشكۆكانی تێدا دەچەسپێنێت.

سێیەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکە ئەو عەقارەی دەستی بەسەردا گیراوە بگەڕێنێـەوە بۆ خاوەنەکـەی دوای تەواو کردنی پرۆژەکە، هەر وەکو ئەو حاڵەتەی کە لـە رەشنووسـی دەسـت بەسـەردا گرتنەکـەدا جـێگیر کـرا بوو، پێویستە هەمان لیژنە زەرەرو زیانی عەقارەکە بخەمڵێنێت بە قەرەبوو بیداتەوە بە خاوەنەکەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبـەش بـە کـوردی و عـەرەبی خوێندیانـەوە، کـێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی حەوت هیچ مولاحەزەیەکمان نییە وەکو لیژنەی هاوبەش:

**الفصل الرابع**

**محرمات الطرق العامة والجسور**

المادة (7):

يحدد ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية ما يأتي:

اولاً: محرمات الطرق العامة السريعة والرئيسة والثانوية والريفية وغيرها عدا الاجزاء المارة منها ضمن رئاسة البلديات ومديرية البلديات فيخضع تحديدها للتصاميم الاساسية لكل منها.

ثانياً: محرمات الجسور التي لايجوز فيها نصب معامل الغربلة او تأسيس المقالع او اجزاء تحويرات في مسار النهر بما يؤدي الى الحاق الضرر بدعامات الجسر او مقترباته.

ثالثاً: محرمات التقاطعات والانفاق والمعابر ان وجدت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و پردەکان**

ماددەی (7):

ئەمانەی خوارەوە بە بەیاننامەیەك دیـاری دەکـرێن و وەزارەت دەریـان دەچـوێنێ و لـە رۆژنامـەی فەرمیـدا بلاّو دەکرێتەوە:

یەکەم: قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان، چ خێرا، چ نا سەرەکی، چ دەشتەکی و ڕێگای لەو جۆرە بابەتانە دیار بکرێن (تەنها ئەو بەشانەیان نەبێت کە بە چوارچێوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانیدا تێدەپەڕن، چونکە ئەمانە هەر یەکەیان بەپێی ڕشتەی بنەرەتی خۆیان دیار دەکرێن).

دووەم: قەدەغەکراوەکانی ئەو پردانە دیار بکرێت، کە ناشێ کارگەی لە بێژنگدانیان تێدا دابنرێت، یان کارگەی بەرد هەڵکەندیان تێدا دابمەزرێت، یان گۆڕانکاریەکی وەها لە ئاراستەی ڕووبارەکەدا بکرێت، کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە پایەکانی پردەکە، یان بە جێگە نزیکەکانی.

سێیەم: قەدەغەکراوەکانی ڕێگا یەکتربڕەکان و تونێل و مەعبەرەکان، ئەگەر هەبوون، دیار بکرێن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کوردیەکە وشەی سەرەکی تیا نەبوو، سەرەکی و نا سەرەکییە، بەس نا سەرەکیەکەی خوێندەوە لە ڕەشنووسەکەشدا نییە، بۆ ئەوەی ئیزافە بکرێت، یەعنی تەرجەمەی (الرئیسە) نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبەش عەرەبی خوێندیەوە، دوایی تەرجومەی دەکەین بۆ کوردیەکەی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گفتوگۆی ئەو بەڕێزانەو ڕاو پێشنیارەکانیان و کۆبوونەوەی هەردوو لیژنە ئیزافەی فەقەرەیەك بە ژمارە دوو کرا بۆ فەقەرەی حەوت لە ماددەی هەشت بەو شێوەیەی خوارەوە:

(2- ابرام العقود مع الشركات المختصة لوضع ونصب وسائل الدعاية والاعلان ضمن محرمات الطرق العامة وفق الضوابط والشروط الخاصة بالوزارة)، دواتر ئەو ڕەقەمانە لە دوو، سێ دەبێتە سێ و چوار، هەروەها ئیزافەی عیبارەی (طمر ضحي) بۆ دوای کەلیمەی (محدثات) لە فەقەرەی دەیەم لە هەمان مادده کراوە بە ڕەزامەندی جەنابی وەزیرو داواکاری ئەندامانی پەرلەمان، بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

المادة (8):

اولاً: لايجوز البناء او الغرس او الزرع او شق الانهر او الجداول او المبازل او انشاء محطات الوقود او مد الاسلاك او تثبيت وسائل الدعاية والاعلان او اجراء اي تصرف اخر ضمن حدود المحرمات من اية جهة كانت الا بموافقة تحريرية من الوزارة.

ثانياً: لا يجوز الحفر على جانبي الطرق الخارجية الرئيسة ضمن المساحات المحصورة بين خطين موازيين لخط الوسط باقل من مسافة (75) خمسة وسبعين متر يساراً او يميناً بالنسبة للطريق ذي الممر الواحد و(100) مائة متر بالنسبة لطريق ذي الممرين الا بموافقة الوزارة وفق شروط وضوابط يتم وضعها من قبلها.

ثالثاً: لا يجوز لاية جهة اقامة جسر او قنطرة او معبر او اية منشأة اخرى ضمن محرمات (الطرق العامة) الا بموافقة الوزارة وحسب التصميم الذي تقرره وبشرط تأمين طريق بديل مؤقت ملائم للمرور خلال فترة العمل مزود بجميع العلامات التي تؤمن سلامة المرور.

رابعاً: ترفع المحدثات المشيدة ضمن محرمات الطرق العامة قبل نفاذ هذا القانون العائدة لدوائر الدولة الرسمية بدون بدل اذا كان لوجودها تأثير سلبي على الطرق العامة من الناحية الفنية او على سلامة المرور بها ويكون رفعها على نفقة الجهة المعنية وبالتنسيق بينها وبين الوزارة.

خامساً: ترفع المحدثات العائدة لغير الجهات المنصوص عليها في البند رابعاً من هذه المادة المشيدة باجازة اصولية او موافقة احدى الجهات الرسمية اذا كانت محدثة قبل تنفيذ الطريق او تحديد محرماته بعد التعويض عنها اذا كانت تؤثر سلبا على الطريق من الناحية الفنية وعلى سلامة المرور به، ويراعى في التعويض ما يأتي:

1- يتم التعويض عن المحدثات فقط.

2- يقدر التعويض بتاريخ منح الاجازة او بتاريخ صدور الموافقة او الاذن باقامة المنشأت او بتاريخ رفعها ايهما افضل للمواطن والا فيحدد بما يعادل بدل المثل وقت اجراء الكشف والتقدير الا اذا وجد اتفاق خلاف ذلك.

3- يقدر مبلغ التعويض من قبل لجنة برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل عن كل من الوزارة و وزارة المالية ودائرة التسجيل العقاري في الوحدة الادارية ودائرة عقارات الدولة من ذوي الخبرة.

4- للوزارة ولصاحب العلاقة الاعتراض على مبلغ التعويض لدى محكمة البداءة المختصة بموقع المحدث خلال (30) ثلاثين يوماً من تاريخ صدور قرار التعويض ويكون قرار المحكمة خاضعاً للطعن فيه تمييزاً امام محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية.

5- يصرف التعويض عما يلحق به من مصاريف واجور بواسطة المحكمة المختصة بموقع المشروع ومن تخصيصات الوزارة لهذا الغرض ويجري صرفه الى مستحقيه وفق القانون.

سادساً: ترفع المحدثات التي انشئت تجاوزاً بعد تنفيذ الطريق او تحديد محرماته طبقا للقانون ويتم الرفع من قبل الوحدة الادارية التي يقع المحدث ضمن رقعتها الجغرافية على نفقة المتجاوز خلال (90) تسعين يوماً من تاريخ تبليغه بذلك التجاوز.

سابعاً: للوزارة الموافقة على ما يأتي:

1- استغلال جزء من محرم الطريق العام لاقامة المنشأت السياحية او خدمات الطريق او للاغراض الزراعية الموسمية او الزراعة التي من شانها حماية الطريق وتحسين البيئة او مد خطوط القابلوات او اعمدة الكهرباء او مشاريع الماء او المشاريع الحكومية الاخرى شريطة ان لا تتعارض مع المتطلبات الفنية للطريق او سلامة المرور فيه.

2- ابرام العقود مع الشركات المختصة لوضع ونصب وسائل الدعاية والاعلانات ضمن محرمات الطرق العامة وفق الضوابط والشروط الخاصة بالوزارة.

3- ابقاء البساتين الموجودة ضمن محرم الطريق اذا كان بقاءها لا يؤثر على النواحي الفنية وسلامة المرور بالطريق على ان يتم تسييجها بشكل نظامي على نفقة اصحابها.

4- الابقاء على المحدثات والابنية الواقعة ضمن محرم الطريق بالنسبة للطرق المنفذة قبل نفاذ هذا القانون بشرط عدم تعارض بقائها مع المستلزمات الفنية للطريق والسلامة المرورية وكما يأتي:

أ- اجزاء الابنية التي لا تتجاوز (10) عشرة امتار عمقاً اذا كان في ازالتها ضرر على عموم البناية.

ب- اعمدة الكهرباء والهاتف والقابلوات المحورية وخطوط سكك الحديد والقنوات والمنشأت الكائنة خلفها.

ج- الابنية والمنشأت العائدة لدوائر الاقليم ودور العبادة والمقابر.

ثامناً: تستثنى من احكام البند سادساً من هذه المادة المنشأت والمشاريع الانتاجية بصرف النظر عن عائديتها وتبقى لحين انقضاء عمرها الانتاجي بشرط عدم اضافة خطوط انتاجية جديدة لها ويتم رفعها بعد انقضاء عمرها الانتاجي على نفقة الجهة التي تعود اليها المحدث بدون اي تعويضات.

تاسعاً: تحدث الابنية والمنشأت والمرافق الاخرى اللازمة لخدمات الطرق العامة باجازة من الوزارة بالتنسيق مع المحافظة المعنية، وبموجب التصاميم التي تعدها او تصممها وبالكيفية التي تقدرها في المواقع التي تعينها داخل او خارج محرمات تلك الطرق وعلى الوزارة اصدار التعليمات الخاصة بذلك.

عاشراً: لا يجوز اقامة اية ابنية او منشأت او محدثات او طمر صحي ينجم عن استعمالها خطر او ازعاج او تأثير على بيئة الطريق ومستخدميه بسبب ما ينبعث منها من ادخنة او ابخرة او غازات او اتربة او روائح مضرة او ما يماثل ذلك الا في المواقع التي تبعد ما لايقل عن (500) خمسمائة متر عن محرم حدود طرق المرور السريع والطرق الرئيسة ويسمح ببناء دار سكن لاصحاب القطع الزراعية وفق القانون على ان يبعد السياج الخارجي للدار بما لايقل عن (25) خمسة وعشرين متراً عن حدود محرم الطريق وان لا يتم الربط الى الطريق مباشرة وانما الى طرق الخدمة الموازية للطرق المحلية السريعة او الى الطرق المحلية الموجودة في المنطقة.

حادي عشر: تستثنى الطرق الريفية والزراعية من احكام البند عاشراً من هذه المادة عدا المشاريع الزراعية وحقول الدواجن والمفاقس او ما يماثلها فلا يسمح باقامتها الا في المواقع التي تبعد بمسافة لا تقل عن (500) خمسمائة متر عن حدود محرم الطريق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە بە کوردیەکەشی.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (8):**

**یەکەم: ناشێ لە چوارچێوەی سنووری قەدەغەکراوەکاندا لە هیچ لایەکیاندا بینا دروست بکرێت، یان بچێندرێت، یان زەرعەتی لێ بکرێت، یان رووباری تێدا لێ بدرێت، یان جۆگەی تێدا رابکێشرێت، یان خۆیدەڵینی تێدا هەڵکەندرێت، یان وێستگەی سووتەمەنی تێدا دابمەزرێت، یان تەلی لێ رایەڵ بکرێت، یان ئامرازی پڕۆپاگەندەو راگەیاندنی لێ بچەسپێت، یان هەر کارێکی تر لەو چوارچێوەیەدا ئەنجام بدرێت، مەگەر وەزارەت بە نووسین رەزامەندیی لەسەر دابێت.**

**دووەم: ناشێ ئەم دیوو ئەو دیوی رێگە دەرەکیە سەرەکیەکان لەچوارچێوەی ئەو رووبەرەدا هەڵبکەندرێن، کە دەکەوێتە نێوان دوو هێڵی هاوتەریب بە هێڵی ناوەڕاست لە مەودای (75) حەفتاو پێنج مەتری راست و چەپی رێگای یەك سایدەوە دوور نەبێت و (100) مەتریش لە رێگای دوو سایدەوە دوور نەبێت، مەگەر لەسەر رەزامەندی وەزارەت و بەپێی مەرج و بەندو بەستێك کە وەزارەت خۆی دایدەنێت.**

**سێیەم: هیچ لایەنێك ناشێ پردێك، یان ئاوبارەیەك، یان مەعبەرێك، یان هەر دامەزراوێکی دی لە چوارچێوەی (رێگا گشتیەکان)دا دروست بکات، بە موافەقەتی وەزارەت نەبێت و بەپێی ئەو رشتەیە نەبێت، کە وەزارەتەکە بڕیاری لەسەر دەدات، بەو مەرجەش کە رێگەیەکی کاتی گونجاو لەماوەی ئیشەکەدا، بۆ هاتوچۆ دابین بکات، هەموو نیشانەکانی سەلامەتی هاتوچۆی تێدا فەراهەم بێت.**

**چوارەم: پێش بەکارخستنی ئەم یاسایە، ئەو تازە دامەزراوانەی کە سەر بە دایەرە فەرمیەکانی دەوڵەتن بەبێ بەرامبەر لە جێگا قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکان لادەبرێن، ئەگەر لە رێگا هونەریەوە کاریگەریەکی خراپ بکەنە سەر رێگا گشتیەکان، یان کاریگەریەکی خراپیان بۆ سەلامەتی هاتوچۆ هەبێت، ئەو لابردنەش لە کیسەی لایەنە پەیوەندیدارەکەو بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا ئەنجام دەدرێت.**

**پێنجەم: ئەو تازە دامەزراوانەی کە سەر بە غەیری ئەو لایەنانەن کە لە دەقی بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون و بە ئیجازەی ئوسولی دامەزراون، یان بە رەزامەندی لایەنێکی فەرمی دامەزراون، ئەوانە لادەبرێن، ئەگەر بەر لە جێ بەجێ کردنی رێگایەکە دامەزرابن، یان دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی دوای قەرەبووەکەی، ئەگەر کاریگەریەکی خراپی لە رووی هونەریەوە کرد بێتە سەر رێگایەکەو سەر سەلامەتی هاتوچۆ، لە قەرەبوو کردنەوەکەشدا ئەمانەی خوارەوە رەچاو دەکرێن:**

**1- تەنیا قەرەبووی تازە دامەزراوەکان دەکرێت.**

**2- قەرەبووەکە لە بەرواری پێدانی ئیجازەکەیەوە، یان لە بەرواری دەرچوونی رەزامەندیەکەوە، یان لە بەرواری پێدانی ئیزنی دامەزراندنی دامەزراوەکانەوە، یان لە بەرواری لادانی دامەزراوەکانەوە، کامیان بۆ**

هاووڵاتیەکە باشتر بوو، لەو بەروارەوە دەخەملێنرێت، دەنا لەکاتی پشکنین و خەملاندنەکەوە کرێی هاوشێوە چەند بوو بێت وەکو خۆی دیاری دەکرێت، مەگەر رێکەوتنێکی پێچەوانەی ئەوە هەبوو بێت.

3- بڕی قەرەبووەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی ئیداری و ئەندامێتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەت و وەزارەتی دارایی و دایەرەی تۆماری عەقاری یەکە ئیداریەکەو یەك لە خاوەن ئەزموونەکانی عەقارەکانی دەوڵەتەوە دەخەملێنرێت.

4- چ وەزارەتەکەو، چ لایەنە پەیوەندیدارەکە بۆیان هەیە نارەزایی لە بڕی قەرەبووەکە لەبەردەم دادگای سەرەتایی تایبەت بە جێگای دامەزراوەکە لە ماوەی (30) رۆژدا لە بەرواری دەرچوونی بڕیاری قەرەبووەکەوە دەربڕن، بڕیاری دادگایەکەش بە سیفەتی پێداچوونەوە دەکەوێتە ژێر رکێفی تانە لێدانەوە لەبەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەدا.

5- قەرەبووەکەو خەرج و مەسرەف و کرێکانی لە رێی ئەو دادگایەوە دەدرێت، کە تایبەت بە جێگەی پرۆژەکە، لەو پارەیەش دەدرێت کە وەزارەتەکە بۆ ئەو مەبەستە دایناوە، پارەکەش بەپێی یاسا بە خاوەن مافەکان دەدرێت.

شەشەم: ئەو تازە دامەزراوانەی کە بە زیادەڕۆیی دامەزراون، دوای جێ بەجێ کردنی رێگایەکە، یان دوای دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی، بەپێی یاسا لا دەبرێن، لابردنەکەش لەلایەن ئەو یەکە ئیدارەیەوە دەکرێت کە تازە دامەزراوەکە دەکەوێتە ناو پارچە جوگرافیاییەکەی و لەسەر حیسابی زیادەڕۆ و کارەکەش دەکرێت، ئەویش لە ماوەی (90) نەوەد رۆژدا لە بەرواری پێ راگەیاندنی زیادەڕۆییەکەی.

حەوتەم: وەزارەتەکە بۆی هەیە رەزامەندی لەسەر ئەمانەی خوارەوە بدات:

1- بەکارهێنانی بەشێك لە قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکە بۆ دامەزراندنی دامەزراوە گەلی گەشتوگوزار، یان خزمەتگوزاری رێگایەکە، یان بۆ چاندن و زراعەتی وەرزی، یان بۆ زراعەتی ئەو شتانەی کە رێگایەکە بپارێزن و ژینگەکەش چاکتر بکەن، یان بۆ راکێشانی قابلۆ، یان بۆ دانانی کۆڵەکەی کارەبا، یان بۆ پرۆژەگەلی ئاو، یان بۆ پرۆژەگەلی دیکەی حکومەت، بەمەرجێك لەگەڵ پێداویستە هونەریەکانی رێگەکەدا هاو دژ نەبێت و زیان بە سەلامەتی هاتوچۆی نەگەیەنێت.

2- هێشتنەوەی ئەو باخانەی دەکەونە سەر قەدەغە کراوەکانی رێگایەکە، ئەگەر مانەوەیان کار نەکاتە سەر لایەنی هونەری و سەلامەتی هاتوچۆی سەر رێگایەکە، بە مەرجێك پەرژین بکرێن بەشێوەیەکی رێکوپێك لەسەر حیسابی خاوەنەکانیان.

3- هێشتنەوەی تازە دامەزراوەکان لە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانی رێگەکەدا، لەو رێگایانەدا کە بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە جێ بەجێ کراون بە مەرجێ مانەوەیان هاودژ نەبێت، لەگەڵ پێداویستیە هونەریەکانی رێگایەکەو سەلامەتی هاتوچۆی سەر رێگایەکە، بەم جۆرەی خوارەوە:

أ- هێشتنەوەی پارچەکانی ئەو بینایانەی کە لە (10) دە مەتر قووڵتر نین، ئەگەر لابردنیان زیان بە هەموو بینایەکە بگەیەنێت.

ب- كۆڵەكەكانی كارەباو تەلەفۆن، قابلۆكانی میحوەری هێڵی شەمەندەفەرو كەناڵەكان و دامەزراوەكانی پشتەوەی.

ج- بیناو دامەزراوەكانی دایەرەكانی دەوڵەت و خانەكانی پەرستن و گۆڕستانەكان.

هەشتەم: دامەزراو و پرۆژەگەلی رەنێوهێن بەرهەمهێنەرەكان (الانتاجیة) مولّكی هەر كەسێك و لایەنێك بن، لە حوكمەكانی بەندی شەشەمی ئەم ماددەیە دەبوردرێن و دەمێننەوە تا تەمەنی رەنێوهێنانیان بەسەر دەچێ، بە مەرجێ هێڵی رەنێو هێنانی تازەیان بۆ زیاد نەكرێت، ئەوانە دوای بەسەرچوونی تەمەنی وەبەرهێنانیان لا دەبرێن، لەسەر حسابی ئەو لایەنەی كە خاوەنیانەو هیچ قەرەبوویەكیشیان ناكەوێت.

نۆیەم: بینایەو دامەزراو و خزمەتگوزاری دیكەی پێویست بۆ خزمەتكردنی رێگا گشتیەكان بە ئیجازەی وەزارەت و بە هاودەنگی پارێزگای پەیوەندیدار دادەمەزرێن بەپێی ئەو رشتەیەی كە پارێزگاكە دایدەنێ و بەو چۆنێتیەی كە خۆی دەیەوێت، لەو جێگایانەدا كە خۆی لە چوارچێوەی دەرەوە، یان ناوەوەی قەدەغەكراوەكەدا دیاری دەكات، پێویستیشە لەسەر وەزارەت كە رێنمایی تایبەتی بۆ دەربچوێنێت.

دەیەم: ناشێ هیچ بینایە، یان دامەزراو، یان هیچ تازە دامەزراوێك دابمەزرێت كە بەكارهێنانیان مەترسی، یان بێزار كردن، یان كاریگەریەكی خراپی بۆ سەر ژینگەی رێگاكە، یان بۆ سەر بەكارهێنەرەكانی بەهۆی دووكەڵ، یان هەڵم، یان غاز، یان تۆز، یان بۆنی زیانبەخش، یان (طمر صحي)، یان شتی لەو جۆرە بابەتانەیان لێ بكەوێتەوە، تەنیا لەو جێگایانەدا نەبێت كە لە كەمی (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە قەدەغە كراوی سنووری رێگای هاتوچۆی خێراو رێگا سەرەكیەكان، رێگاش دەدرێت بە خاوەنی پارچە كشتوكاڵیەكان كە خانوویەكی نیشتەجێ بوون بۆ خۆیان دروست بكەن بەپێی یاسا، بە مەرجێ پەرژینی دەرەوەی خانووەكە لە كەمی (25) بیست و پێنج مەتر دوور بێت لە سنووری حەرام كراوی رێگەكەوەو یەكسەر بە رێگە گشتیەكەوە نەبەسترێت، بەڵكو بە رێگەكانی خزمەتگوزاریەوە ببەسترێت، كە لەگەڵ رێگا خێراكەدا هاوتەریبن، یان بەو رێگایانەوە ببەسترێت كە لە ناوچەكەدا هەن.

یازدەیەم: رێگای گوندەكان و رێگا كشتوكاڵیەكان لە حوكمەكانی بەندی دەیەمی ئەم ماددەیە دەبوردرێن، پرۆژە زراعی و كێڵگەكانی پەلەوەرو تروكانی هێلكەو هاوشێوەكانیان نەبێت كە رێگە بە دامەزراندیان نادرێت، ئەگەر لەو جێگایانەدا نەبێت كە ماوەی كەمتر نەبێت لە (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە سنووری قەدەغەكراوەكانی رێگایەكەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی كە لیژنەی هاوبەش بە كوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەسڵی پێنجەم، ماددەی نۆیەم، ئێمە وەکو لیژنە بەس (طرق العام) بوو کردوومانە بە (طرق العامة)، کە لە ئەسڵی پرۆژەکە هەر غەڵەتێکی زمانەوانی بوو، هەروەها (دوائر الدولة) بگۆڕێت بە (الحکومة الاتحادیة)، بەنیسبەت ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان، ڕەئیەك هاتبوو کە ئیستیسنائات لابرێت، هەروەها لە ئیستیسنائاتیش تەحدیدی بکەین (المرکبات الحاملة للمواد التموینیة والوفود الاتیة من الحکومة المرکزیة والتي هي ضمن حصة الاقلیم)، ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر وەکو وەزارەت پێمان باشە بەس عامەکە بگۆڕێت و دەوڵەت بکرێت بە حکومەتی ئیتیحادی، هیچ گۆڕانکارییەکی لەسەر نەکرێت، بەم شێوەیە:

الفصل الخامس

اوزان الاثقال المحوریة للمرکبات

المادة (9):

تحدد الاثقال المحوریة للمرکبات التي تستخدم الطرق العامة ببیان تصدره الوزارة وینشر في الجریدة الرسمیة وللوزارة استثناء بعض المرکبات الاختصاصیة العائدة لدوائر الحکومة الاتحادیة وکذلك مرکبات القوات المسلحة وقوی الاسایش الداخلي والمرکبات المستخدمة في حالات خاصة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەشی.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم

سەنگی قورساییە میحوەریەکانی ئۆتۆمبیلەکان

ماددەی (9):

قورساییە میحوەریەکانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکار دەهێنن بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن کە وەزارەتەکە دەریدەچوێنێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە، وەزارەتەکە بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی سەر بە دایەرەکانی حکومەتی فیدراڵی و ئۆتۆمبیلەکانی هێزی چەکدارو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئۆتۆمبیلەکانی بەکارهێنراو لە باری تایبەتدا، لەو کێشانە (وزن) ببورێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئێمە دەڵێین ئیستیسنا بکرێت لە دەوائیری دەوڵەت، واتا ئیقلیم و حکومەتی ئیتیحادی دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەو ئۆتۆمبیلانەی لەناو حکومەتی هەرێم دێن ناتوانین ئیستیسنایان بکەین، بۆ

**نموونە محاویلەیەکی گەورە هەڵدەگرێت، یان جسرێك ناتوانێت، دەبێت ئیستیسنای بکەین لەو کاتەدا، بۆیە دەوڵەکە راستترەو هەردووکیشیان بێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بیخوێنەوە سەر لەنوێ، فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**اوزان الاثقال المحورية للمركبات**

**المادة (9):**

**تحدد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطرق العامة ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية وللوزارة استثناء بعض المركبات الاختصاصية العائدة لدوائر الدولة وكذلك مركبات القوات المسلحة وقوى الاسايش الداخلي والمركبات المستخدمة في حالات خاصة.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**سەنگی قورساییە میحوەریەکانی ئۆتۆمبیلەکان**

**ماددەی (9):**

**قورساییە میحوەریەکانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە رێگا گشتیەکان بەکار دەهێنن بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن کە وەزارەتەکە دەریدەچوێنێ و لە رۆژنامەی فەرمی بلاّو دەکرێتەوە، وەزارەتەکە بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی سەر بە دایەرەکانی دەوڵەت و ئۆتۆمبیلەکانی هێزی چەکدارو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئۆتۆمبیلەکانی بەکارهێنراو لە باری تایبەتدا، لەو کێشانە (وزن) ببورێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو صیاغەیەی کە لیژنەی هاوبەش بە کوردی و عەرەبی خوێندیانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دەیەم لە ئەسڵی پرۆژەکە بریتیە لە چوار بڕگە، بەلاّم دواتر لەسەر داواکاری جەنابی وەزیر بڕگەیەکی بۆ ئیزافە کراوە، هەردوو لیژنەش بە پەسندیان زانی ئەو بڕگەیە ئیزافە بکەن، واتا ماددەی دەیەم دەبێتە پێنج بڕگە، ئەو بڕگە ئیزافیەش بەم شێوەی خوارەوەیە:**

(اضافة فقرة بتسلسل (خامساً) الى المادة العاشرة كالاتي:

خامساً:

1-يستوفي مبلغ قدرها (1000) الف دينار كأجور مقابل عملية الوزن لكل مركبة في محطات الاوزان.

2- تسجيل اجور المستوفي في الفقرة (ا/ خامساً) من هذه المادة ايراداً للوزارة.

3- تقسيم حصيلة الايراد المنصوص عليها في الفقرة (2/ خامساً) اعلاه من هذه المادة على وجه الاتي:

أ-(75٪) خمسة وسبعون بالمائة منها تودع في حساب الوزارة والتخصص لصيانة وادامة محطات الاوزان وتوفير المواد والمستلزمات الضرورية والمواد الاحتياطية لهذه المحطات.

ب- (25٪) خمسة وعشرون بالمائة منها حوافز للعاملين الشاغلين ومن ضمنها................

منتسبي مديرية المرور العامة في محطات الأوزان.

ج- في حالة إناطة مهام إدارة و تشغيل محطات الوزن التابعة الوزارة إلى القطاع الخاص وفق التعليمات الخاصة الواردة في الفقرة ثالثاً من هذه المادة، يتم تغطية النفقات التشغيلية من الموارد المستحصلة في الفقرة (1) خامساً من هذه المادة وفق التعليمات التي تصدرها الوزارة مع مراعاة القوانين و التعليمات الصادرة بهذا الخصوص.

د- للوزير إصدار التعليمات اللازمة بهذا الصدد.

به واتا ئەصلی ماددەكە بەم شێوەی خوارەوەی لێ دێت:

المادة (10):

اولاً: تتولى الوزارة بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية تحديد مواقع محطات وزن المركبات وعلى الوزارة تأمين الابنية والساحات الملائمة لها مع توفير اجهزة الوزن وصيانتها.

ثانياً: تتولى مديرية المرور العامة والوزارة تسلم وادارة وتشغيل محطات الوزن ويتم فرض العقوبات على المخالفين بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية وفق احكام هذا القانون.

ثالثاً: للوزارة الحق باناطة تولي مهام ادارة وتشغيل محطات الوزن التابعة لها الى القطاع الخاص وفق تعليمات تصدرها الوزارة بهذا الشأن في ضوء احكام هذا القانون.

رابعاً: تخضع جميع محطات الوزن التي تشغل من قبل القطاع الخاص للتعليمات والضوابط التي تصدر من قبل الوزارة في هذا الشأن على ان لايتعارض مع احكام هذا القانون.

خامساً:

1- تستوفى مبلغ قدرة ألف دينار كأجور مقابل عملية الوزن لكل مركبة في محطات الأوزان.

2- تسجل أجور المستوفي في الفقرة (1) خامساً من هذه المادة إيراداً للوزارة.

3- تقسم حصيلة الإيراد المنصوص عليها في الفقرة (2) خامساً أعلاه وفق هذه المادة على الوجه الآتي:

أ- 75٪ منها تودع في حساب الوزارة و تخصص للصيانة و إدامة محطات الأوزان و توفير المواد و المستلزمات الضرورية و المواد الإحتياطية لهذه المحطات.

ب- 25٪ منها حوافز للعاملين الشاغلين و من ضمنها منتسبي مديرية المرور العامة في محطات الأوزان.

ج- في حالة إناطة مهام إدارة و تشغيل محطات الوزن التابعة للوزارة في القطاع الخاص وفق التعليمات الخاصة الواردة في الفقرة ثالثاً من هذه المادة يتم تغطية النفقات التشغيلية من الموارد المستحصلة في الفقرة (1) خامساً من هذه المادة وفق التعليمات التي تصدرها الوزارة مع مراعاة القوانين و التعليمات الصادرة بهذا الخصوص.

د- للوزير إصدار التعليمات اللازمة بهذا الصدد.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (10):

يەكەم: وەزارەتەكە بەهاودەنگی لەگەڵ پێكهاتەكانی وەزارەتی ناوخۆدا ديار كردنی جێگاكانی وێستگەی كێشانی ئۆتۆمبيلەكان دەخاتە ئەستۆی خۆی، پێويستە لەسەر وەزارەتەكە بينايە گەلێك و گۆڕەپانی لە باريان بۆ دابين بكات لەگەڵ فەراهەم كردنی جيهازی كێشان و پاراستنيان.

دووەم: بەڕێوەبەرايەتی گشتی هاتوچۆ و وەزارەت، وەرگرتن و هەڵسووڕاندن و ئيدارەی وێستگەكانی كێشان دەخەنە ئەستۆی خۆيان و سەپاندنی سزاش بە هاودەنگی لەگەڵ پێكهاتەكانی وەزارەتی ناوخۆ بەپێی حوكمەكانی ئەم ياسايە بەسەر سەرپێچيكاراندا دەسەپێنرێت.

سێيەم: وەزارەت مافی ئەوەی هەيە ئەرك و فەرمانی ئيدارە و بەكارخستنی وێستگەكانی كێشان، كە ئيشی خۆيەتی هەواڵە بكات بۆ كەرتی تايبەت بەپێی ڕێنمايی گەلێك كە وەزارەتەكە خۆی دەری دەچوێنێت بۆ ئەم مەبەستە لەبەر ڕۆشنايی حوكمەكانی ئەم ياسايەدا.

چوارەم: هەموو وێستگەكانی كێشان كە دەكەونە دەست كەرتی تايبەت، دەكەونە ژێر ركێفی ئەو ڕێنمايی و بەندو بەستنەوە كە وەزارەت دەريان دەچوێنێت بۆ ئەم مەبەستە، بە مەرجێ لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايەدا هاودژ نەبێ.

پێنجەم:

1- گوژمەيەك وەردەگيرێت كە بڕەكەی هەزار دينارە وەك كرێی كێشانە كردن بۆ هەر بارهەڵگرێك لە ويستگەكانی كێشان.

2- تۆماركردنی كرێی وەرگيراو لە بڕگەی (1)ی پێنجەمی ئە ماددەيەدا بە داهاتی وەزارەت دادەندرێت.

3- دابەش كردنی كۆی داهاتی كە لە بڕگەی (2)ی پێنجەمی ئەم ماددەيەدا هاتووە، بەم شێوەيەی خوارەوە:

أ- 75٪ی لە حيسابی وەزارەت دادەنرێت و تەرخان دەكرێت بۆ چاككردنەوەی ويستگەكانی كێشان و پێويستييەكانی كەل و پەلی يەدەگی ئەو ويستگانە.

ب- 25%ی بۆ هاندانی کرێکاران و کار پێکەرانی ویستگەکان لە نێوانیان دا کارمەندانی بەرێوەبەرایەتی هاتۆچۆش بگرێتەوە لە ویستگەکانی کێشان.

ج- لە حاڵەتی پێدانی ئەرکی بەرێوەبردن و کارپێکردنی ویستگەکانی کێشانی سەر بە وەزارەت بە کەرتی تایبەت بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەت کە لە بڕگەی (3)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە تێچووی کارپێکردنی ئەو کەل و پەلە بەدەست هاتووانەی لە بڕگەی (1)ی پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، بە پێی ڕێنماییەك کە وەزارەت دەری دەکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە لەو بوارەوە دەرچووە.

د- پێویستە وەزیر ڕێنمایی پێویست لەو بارەیەوە دەربکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیەی کە بە دوایین داڕشتنی لێژنەی هاوبەش بە کوردی و عەرەبی خوێندرانەوە، تکایە کێ لەگەڵدایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، وەڵلا تکاتان لێ دەکەین جارێکی تریش دوو، سێ جار باسمان کردییە ئەو خوشك و برا پەرلەمانتارانەی کە دەڕۆنە دەرەوە بۆ ئیسراحەت حەق وایە زوو بێنەوە، چونکە دوایی کە ژمارەکە کەم بوو نیصابی قانونی تەواو نەبوو، ناتوانین تەصویتی لەسەر بکەین، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (11) دوو ڕەئی هەیە، ڕەئی هەردوو لێژنەی هاوبەش لەگەڵ وەزارەت ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنیتەوە، هەندێ ئەندام پەرلەمان ڕەئیان وابوو کە غەرامەکە، سزادانەکە زیاد بکرێت لە 500 هەزارەوە بۆ 750 هەزار.

**الفصل السادس**

**العقوبات**

المادة (11):

يعاقب بغرامة لاتقل عن (250000) مائتان وخمسين الف دينار ولاتزيد على (500000) خمسمائة الف دينار كل من:

اولاً: الحق ضرراً بالطرق العامة من شانه عرقلة السير والمرور وتشكيل خطورة على مستعمل الطريق.

ثانياً: اهمل التنبيه نهاراً او التنوير ليلاً بالنسبة لاعمال الحفر او المواد المطروحة على الطرق العامة.

ثالثاً: استخدام (الطرق العامة) بالحفر او الاستخدام بدون اجازة او البناء المؤقت او الدائم اضافة الى تحميله نفقات ازالة التجاوز.

رابعاً: خالف قواعد إستخدام الطرق السريعة المعلنة من قبل الدوائر المختصة.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی شەشەم**

**سزاکان**

وەکو وترا دوو ڕا هەیە، ڕایەك ڕای لیژنەی هاوبەش و ڕای وەزارەتە کە وەك خۆی بمێنێتەوە، ڕایەکەی تریش غەرامەکە زیاد بکرێ، لە 250 تا 500 هەزار، بکرێ بە 500 هەزار تا 750 هەزار دینار.

ماددەی (11):

بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و (500000) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك:

یەکەم: زیانێکی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتیەکان بگەیەنێت ببێتە مایەی گرتنی هاتوچۆو ببێتە مایەی مەترسی لەسەر بەکارهێنەری ڕێگایەکە.

دووەم: ئاگادار کردنەوە بەرۆژو ڕووناك کردنەوە بەشەو بخاتە پشت گوێ لەو جێگایانەدا کە کاری هەڵکەندنی تێدا دەکرێت، یان لەسەر ڕێگە گشتیەکان ماددە گەلێك دانرابن.

سێیەم: بەکارهێنانی ڕێگە گشتیەکان بۆ غەیری ئەو مەبەستانەی کە بۆیان دانراون، یان بۆ گواستنەوەی ئەو بارانەی کە ئەگەر بکەون مەترسی لە ڕێگاکەدا دەخەنەوە، پێشبینی پێویستی بۆ پاراستنی بەکارهێنانی ڕێگاکە نەبوو بێت.

چوارەم: سەرپێچی لە ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێراکان کردبێت، کە لەلایەن دایەرە تایبەتمەندەکانەوە ڕاگەیەنراون.

سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دارشتنەوەی ئەم ماددەیە لەسەر موافەقەتی لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر بووە، تکایە کێ لەگەڵدایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس بوو، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا پێویست بوو پێش ئەوەی ماددەکە بخوێنێتەوە دوو ڕەئیەکە بخرێتە دەنگەوە، چونکە دوو ڕەئی هەبووە، ئێ نەیاننووسیوە، مادام نووسیویانە دەبوایە دوو ڕەئیەکە بخرێتە دەنگەوە کامەی دەنگی هێنا ئەو صیاغەیان بخوێندبایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر خۆشیان موتەفیق نەبوون، یەك کەس بوون یان دوو کەس بوون، ئەگەر دووش بێ خۆی دوو کەس دەبێ سێ کەس بخرێتە دەنگەوە، بە سێ کەس بخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام نووسیویانە دەبوایە بیانخستایە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە لەبەر ئەوەی هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار ئیختیصاصین، بە تایبەتی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە، لەگەڵ وەزارەت دا، بێگومان ئەوە بە دیراسەت کراوە، هەروا مەبلەغەکان دانەنراوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ڕایەکی دووەمیش هەبێ، کەسێکیش بێ یان دوو کەس، هەر ئەو کاتە لە ناو پەرلەمان دا بە بێ دیراسە کردن پێی وابووە زیاد بکرێت باشە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە ئیعتیبار بۆ لیژنەی پەیوەندیدار کە ئیختیصاصی خۆیەتی و چەندین دانیشتنیان کردووە و بۆ وەزارەت هەر ئەو ڕایە بێ، تازە دەنگیشی لەسەر درا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێرزاد، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە گوێرەی پەیڕەو سێ کەس، سێ ئەندام ئەگەر ڕەئیەکیان هەبوو دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، بەڕاستی من لەگەڵ سۆزان خان نیم بۆ ئەو قسەیە، ڕاستە لیژنە ئیختیصاصی خۆیەتی، بەڵام سێ ئەندام پەرلەمان لێرە کە من و هەردوو کاک قادر لەسەر ئەوە باسی ئەوەمان کرد کە ئەو سزایە زیاد بکرێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش خۆیان هەندێك دەڵێن یەك، هەندێك دەڵێن دوو، لیژنەی هاوبەش خۆشیان موتەفیق نین لەسەر چەند کەس ئەو ڕایەی پێشکەش کردووە کاتی خۆی، فەرموو کاک عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا کاك قادر باسی لەوە کرد کە غەرامەکە زیاد بکرێ، ئەندام پەرلەمانێکیش باسی لەوە کرد کە تەنیا غەرامە کافی نیە، بەڵکو حەبسیشی لەگەڵ دا بێ، بەڵام دوایی جەنابی وەزیر موافیق بوو لەسەر ئەوەی کە غەرامەکە وەکو خۆی، وەکو پرۆژەکە بمێنێتەوە، ئێمەش لە لیژنە دواتر کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە

غەرامەکە هەر وەك خۆی، چونکە ئەو غەرامەیە ڕەبتی بەو کەسانەوەیە کە زەرەر لە ڕێگاکان دەدەن، بە 250 هەزار بۆ 500 هەزار ئیکتیفای پێ هێنا، وەزیر موافەقەتی لەسەر کرد کاتی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د.أحمد.

**بەڕێز د.أحمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم بێجگە لەو دوو ڕەئیە، ڕەئیەکی تریش کە هەبوو ئێمە باسمان کرد وابزانم جەنابی وەزیریش پشتیوانی لێ کرد، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم (سەرپێچی لە ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێراکان کردبێت)، ئەوە یەکسان کردنی ئەم خاڵە لەگەڵ خاڵەکانی تر کە کارەکە قورسترە، بۆ نمونە/ زیانێکی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتییەکان بگەیەنێت ببێتە مایەی ڕێگەگرتنی هاتوچۆ، ببێتە مایەی مەترسی لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێگاکە، یان لێرە سزاکە یەکسان کراوە بۆ هەر چوار بڕگەکە، ئەو حاڵەتە ئێمە باسمان کرد لەوێ، جەنابی وەزیریش پشتیوانی لێ کرد، وتی/ ئەگەر بکرێ غەرامەکەی، سزاکەی تەخفیف بکرێ، چۆن سەرپێچی لە ڕێساکانی بە کارهێنانی ڕێگا خێراییەکان دەکرێ؟ بۆ نموونە یەکەم جاری بێ، یان نەیزانیبێت یەکسان بکرێ لەگەڵ ئەوەی کە زیانێکی بە ڕێگا گشتییەکان گەیاندووە، کە مەترسی لەسەر ڕێگاکان دروست کردووە، بەڵام ئەوە نەخراوەتە ناو ڕەئیەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس کاك خلیل ڕەئی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەکەی کاك شێرزاد کە دەڵێ/ زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان تەئیدی ئەوەیان کردووە کە غەرامەکە زیاد بکرێ، ئەوە بۆ ماددەی (13) بوو ئەوەی کاك شێرزاد باسی دەکات، چونکە لەوێش غەرامەیەك هەیە زیاد لە سێ ئەندام پەرلەمان باسی کرد، ڕەئیەکەش نووسراوەتەوە و بخرێتە دەنگدانەوە دوایی، لە ماددەی....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە تەصویتی لەسەر کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (12): يعاقب بغرامة لاتقل عن (300000) ثلاثمائة ألف دينار و لاتزيد عن (750000) سبعمائة و خمسين ألف دينار كل من:

أولاً/ تجاوز على محرمات الطريق العامة بالحفر أو بالإستخدام بدون إجازة أو بناء المؤقت أو الدائم إضافة إلى تحميله نفقات إزالة التجاوز.

ثانياً/ تسبب في إعاقة المرور على الطرق العامة خارج حدود رئاسة البلديات و مديرية البلديات.

ثالثاً/ نزع علامة مرورية أو أكثر أو أسيجة الأمان أو أسيجة السلكية أو عبث بالقناطر و الجسور أو شوهها أو إحداث ضرر فيها أو غير محلها أو إتجاهها.

رابعاً/ منع أو عرقلة منتسبي الوزارة أو الجهة المتعاقدة معها من تنفيذ واجباتهم.

خامساً/

1- خالف أحكام المادة الثامنة من هذا القانون.
2- خالف أحكام التعليمات و البيانات الصادرة بموجب أحكام هذا القانون.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (12)

بە غەرامەیەك سزا دەدرێ کەمتر نەبێت لە (300000) سێ سەد هەزار دینار و زیاتر نەبێ لە (750000) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار هەر کەسێك:

یەکەم/ بە هەڵکەندن یان بە بەکارهێنانی بە بێ مۆڵەت یان بە دروست کردنی بینای کاتی یان هەمیشەیی یان زێدەڕۆیی کردبێت بەسەر قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتییەکانی سەرباری ئەو غەرامەیەش ئەرك و مەصرفی ئەو زیادەڕۆییەی دەکەوێتە سەر.

دووەم/ ببێتە هۆی پەکخستنی هاتوچۆ لەسەر ڕێگا گشتییەکان لە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی و لە دەرەوەی شارەوانی.

سێیەم/ نیشانەیەکی هاتوچۆ یان زیاتر هەڵکێشێت، یان پەرژینی ئەمانەتی لابردبێت، یان پەرژینی تەل کردنی لادابێت، یان ئاوبارەکانی تێکدابێت، یان پردەکانی شێواندبێت، یان زیانی پێگەیاندبن، یان جێگەکانی گۆڕیبن، یان ئاراستەکانی گۆڕیبن.

چوارەم/ کارکەرانی وەزارەتەکە یان لایەنە گرێبەستەکانی لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆیان قەدەغە کردبێ، یان هاتوچۆیانی وەگیر هێنابێت.

پێنجەم/

1- سەرپێچی لە حوکمەکانی ماددەی (8)ی ئەم یاسایە کردبێت.
2- سەرپێچی لە حوکمەکانی ڕێنماییەکان، یان لەو بەیاننامانە کردبێت کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەرچووبن.

سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕوونكردنەوەيەكمان لەسەر ئەو ماددەی (12) هەيە، فەقەرە (2)ی (تسبب) بەم شێوەی خوارەوە دێت (تسبب في إعاقة المرور على الطرق العامة خارج حدود البلديات)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر هەردووكی بخوێننەوە جارێكی تر بە كوردی و بە عەرەبی، بەڵام دوای چاككردنەكەی، بۆ ئەوەی لەبەرچاوی پەرلەمانتارە بەڕێزكان وازحتر بێ، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (12)

يعاقب بغرامة لاتقل عن (300000) ثلاثمائة ألف دينار و لاتزيد عن (750000) سبعمائة و خمسين ألف دينار كل من:

أولاً/ تجاوز على محرمات الطرق العامة بالحفر أو بالإستخدام بدون إجازة أو بناء المؤقت أو الدائم إضافة إلى تحميله نفقات إزالة التجاوز.

ثانياً/ تسبب في إعاقة المرور على الطرق العامة خارج حدود البلديات.

ثالثاً/ نزع علامة مرورية أو أكثر أو أسيجة الأمان أو أسيجة السلكية أو عبث بالقناطر و الجسور أو تشويها أو إحداث ضرر فيها أو غير محلها أو إتجاهها.

رابعاً/ منع أو عرقلة منتسبي الوزارة أو الجهة المتعاقدة معها من تنفيذ واجباتهم.

خامساً/

1- خالف أحكام المادة الثامنة من هذا القانون.
2- خالف أحكام التعليمات و البيانات الصادرة بموجب أحكام هذا القانون.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (12)

بە غەرامەيەك سزا دەدرێت كەمتر نەبێت لە (300000) سێ سەد هەزار دينار و زياتر نەبێ لە (750000) حەوت سەد و پەنجا هەزار دينار هەر كەسێك:

یەکەم/ بە هەڵکەندن یان بە بەکارهێنانی بێ ئیجازە یان بە دروست کردنی بینای کاتی یان هەمیشەیی زیادەڕۆیی کردبێتە سەر قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتییەکان سەرباری ئەو غەرامەیەش ئەرك و مەصرفی لابردنی ئەو زیادەڕۆییەی دەکەوێتە سەر.

دووەم/ بووبێتە هۆی پەکخستنی هاتوچۆ لەسەر ڕێگا گشتییەکان لە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان.

سێیەم/ نیشانەیەکی هاتوچۆ یان زیاتری هەڵکێشابێت، یان پەرژینی ئەمانەتی لادابێت، یان پەرژینی تەل کردی لادابێت، یان ئاوبارەکانی تێکدابێت، یان پردەکانی شێواندبێت، یان زیانی پێگەیاندبن، یان جێگەکانی گۆڕیبن، یان ئاراستەکانی وەرگەڕاندبن.

چوارەم/ کارکەرانی وەزارەتەکە یان لایەنە گرێبەستەکانی لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆیان قەدەغە کردبێ، یان هاتوچۆیانی وەگیر هێنابێت.

پێنجەم/ 1-سەرپێچی لە حوکمەکانی ماددەی (8)ی ئەم یاسایە کردبێت.

2-سەرپێچی لە حوکمەکانی ڕێنماییەکان، یان لەو بەیاننامانە کردبێت کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەرچووبن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (12) بەو صیغەیەی بە عەرەبی و کوردی خوێندرانەوە، تکایە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینییەکمان نیە وەکو لیژنەی هاوبەش لەسەر ئەم ماددەیە.

المادة (13):

إذا كون الفعل المخالف لأحكام المادتين (11 و 12) من هذا القانون جريمة عقوبتها أشد بموجب قانون آخر فيطبق النص الأشد عقوبة.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (13):

ئەگەر ئەو سەرپێچییەی لە حوکمەکانی (11 و 12)ی ئەم یاسایە تاوانێکی لێ بکەوێتەوە، سزاکەی بەپێی یاسایەکی تر قورستر بێت، ئەوە لەو بارەدا دەقی قورسترەکەی بەسەردا دەسەپێنرێت.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (13) بەو شێوەیەی بە کوردی و بە عەرەبی خوێندرانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (14) هیچ تێبینییەکی لەسەر نەبوو، لەبەر ئەوە ماددەکە بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە/**

**المادة (14):**

**لاتحول الجزاءات المنصوص عليها في هذا الفصل دون حق الوزارة في المطالبة بالتعويض عن الأضرار التي تلحق بها من جراء المخالفات أو التجاوزات المشارة إليها في هذا الفصل.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (14):**

**ئەو سزایانەی کە دەقەکانیان لەم بەشەدا هاتوون، مافی وەزارەتەکە پووچ ناکەنەوە، بەڵکو وەزارەتەکە سەرباری ئەوانەش مافی داوا کردنی قەرەبووی هەیە لەو زیانانەی کە تووشی دەبن لە ئەنجامی سەرپێچی کردن، یان زیادەڕۆیی کردن کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێدراوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**ماددەی (14) کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ببورە ماددەی (15) دوو مولاحەزەی لەسەر هەیە، یەکێکیان ڕەئی لێژنە و وەزارەت ئەوەیە کەوا بڕی غەرامەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، چەند ڕەئیەکی تریش لەسەر ئەوە هەبوو کە بڕی غەرامەکان بەم شێوەی خوارەوەی لێ بێت:**

**لە بڕگەی یەکەم دا بڕگەی یەکەم (5000) بکرێتە (15000) دینار، لە بڕگەی دووەمی دا (10000) بکرێتە (25000) دینار، لەبڕگەی سێیەمیدا (15000) دینار بکرێتە (50000) دینار، ئیتر ئەوە بۆ جەنابتان بیخەنە دەنگدانەوە، بزانین.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەگەر سێ کەس یان دوو کەس زیاتر داوایان کردبێ ئەو گۆڕانکارییانە بکەن، جارێ پێشنیارەکەی ئەوان بخوێنەوە، چونکە دوورترە لە ئەصڵییەکە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگ، ئینجا ئەصلییەکەی دەخەینە دەنگەوە، فەرموو جەنابی وەزیر ئەگەر مولاحەزەت هەیە.**

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك تەوزیحە بیدەم بۆ بەڕێزتان بۆ ئەو زیاد کردنە، ئەگەر ئێمە چوار تەن زیادە بنووسین، ئەوە تەنها بۆ سەد کیلۆیە، نەك بۆ تەنێکە، واتا کە دەڵێین پێنج هەزار، سەد کیلۆ پەنجا هەزارە بۆ تەنێك، بۆ ئەوەی ئەوە تەوزیح بێ بۆ لای بەڕێزتان، ئەگەر بێت و بیکەین، ئەوی تریان بکەین بەو ژمارەیەی باسی لێ دەکرێ پەنجا هەزار بۆ سەد کیلۆ، کەواتە بۆ تەنێك دەبێ بە پێنج سەد هەزار، کەواتە بۆ چوار تەنەکە دەبێ بە دوو ملیۆن، بۆیە ئەوە بۆ تەنێك نیە، بۆ سەد کیلۆیە، تەنها بۆ ڕوون کردنەوە، بۆیە پشتگیری لە مانەوەکەی دەکەین وەکو ئەوەی کە لە دەقەکە هاتووە، ئەگەر تەجاوزی ئەو هەشت تەنە بکرێ دەکاتە 950000 نۆ سەدو پەنجا هەزار بۆ غەرامەی سەیارەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دیدو بۆچوونەکانی جەنابی وەزیر بووین، چونکە ئەوە حیسابی دووری و مەسافەی بۆ کراوە، حیسابی سەد کیلۆمەتری و چەند جار زیاد وەزنی بۆ کراوە، چەند جار زیاد بکات غەرامەکان زیاد دەکات، وەکو جەنابی وەزیر باسی لەسەر کرد، ئەگەر وابێ غەرامەکان تا (950000) نۆ سەد و پەنجا هەزار دینار ئەوانە زیاتر بەرەو ژوور دەڕۆن، بۆیە ئێمە کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە هەر لەسەر هەمان نیسبەتی ناو پرۆژەکە موتەفیق بووین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای ڕوون کردنەوەکەی جەنابی وەزیر و تەئکید کردنەوەی لێژنەی هاوبەش، ئەو خوشك و برایانەی کە پێشنیاریان کرد غەرامەکە زیاد بکرێ، لەسەر ڕەئیەکانی خۆیان ماون؟ فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە من کردم بە حەقیقەت ئەوەی کە زیادە، چونکە ئێستا بە ڕەئی من رادیع نەبی بە حەقیقەت ئێستا بیستمەوە گوتیان (generator)ێك هاتووە لە ئەوە وەرگەڕاوە، یەعنی زۆر شتی تریش باری زیاد بار دەکەن، ئەگەر ئەو رادیعە هەبێ بە ڕەئی من، من تێگەیشتم کە بۆ سەد کیلۆیە، نەك بۆ یەك تەن، من ئەو کاتیش باسی ئەوەم کرد بۆ یەك یەعنی ئەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەو غەرامەیە ئەگەر تەتبیق بکرێ بەو شێوەیەی کە ئەو بەڕێزە ئاماژەی پێ کرد، دەکاتە پێمەوایە دوو قاتی کرێی سەیارەکە، یەعنی دوو قات، سێ قات جاری وا هەیە، یەعنی بە پێی زیاد کردنی کیلۆکان و

تەنەكان، لەبەر ئەوە هیچ شۆفێرێك شتی وا ناكات كە غەرامەیەك بخاتە سەر خۆی كە دووقات یان سێ قاتی كرێكەی خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی یەك كەس خاوەنی ئەو پێشنیارە بوو، ناتوانین یەك كەس بخەینە تەصویتەوە، بۆیە ئەو صیاغەیەی بخوێننەوە كە لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر لەسەری موتەفیقن، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (15):

اولاً: يغرم سائق او مالك المركبة المخالفة لاوزان الاثقال المحورية بغرامات مالية وكالاتي:

1- (5000) خمسة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد طن واحد من الحمولة الزائدة.

2- (10000) عشرة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد اربعة اطنان من الحمولة الزائدة.

3- (15000) خمسة عشرة الف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام عند تجاوز الحمولة الزائدة اربعة اطنان ولحد ثمانية اطنان من الحمولة الزائدة.

ثانياً: تحجز المركبة المخالفة لاوزان الاثقال المحورية الى حين تفريغ الحمولة الزائدة ونقلها خارج محطة الوزن على نفقة المخالف اذا زادت الحمولة عن ما مذكور كحد اعلى من البند الثالث للفقرة (اولاً) من المادة هذه اعلاه.

ثالثاً: تستوفى اجور ارضية مقدارها (20000) عشرون الف دينار عن كل ليلة تبقى فيها المركبة محجوزة في ساحة الحجز ومن تاريخ المخالفة.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (15):

یەكەم: لێخور، یان خاوەنی ئەو ئۆتۆمبیلەی كە سەرپێچی لە كێشەكانی سەنگە میحوەریەكان دەكات بە غەرامەیەكی دارایی سزا دەدرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- لە هەر بارێكی زیادە (5000) پێنج هەزار دینار لە هەر (100) سەد كیلۆغرام غەرامە دەكرێ تا دەگاتە یەك تەن لەو بارە زیادەیە.

2- لە هەر بارێكی زیادە (10000) دە هەزار دینار لە هەر (100) سەد كیلۆغرام غەرامە دەكرێ تا چوار تەن لەو بارە زیادەیە.

3- لەهەر بارێكی زیادە (15000) پازدە هەزار دینار لە هەر (100) سەد كیلۆغرام غەرامە دەكرێت ئەگەر بارە زیادەكەی لە چوار تەن زیاتر بێت، تا دەگاتە هەشت تەن لەو بارە زیادەیە.

دووەم: ئەو ئۆتۆمبیلەی سەرپێچی لە کێشانەی قورساییە میحوەریەکان دەکات دەستی بەسەردا دەگیرێت تا ئەو کاتەی بارە زیادەکەی بە تاڵ دەکرێت و دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی وێستگەی کێشانەکان لەسەر مەسرەفی سەرپێچیکارەکە، ئەگەر بارەکەی لەو سنوورە بترازێت کە لە بەندی سێیەمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (14)ی سەرەوەدا هاتووە.

سێیەم: کرێی زەویانە بەبڕی (20000) بیست هەزار دینار بۆ هەر شەوێك وەردەگیرێت کە ئۆتۆمبیلەکە بە دەست بەسەرداگیراوی لە گۆڕەپانی دەست بەسەردا گرتنەکەدا بمێنێتەوە ئەوەش لە بەرواری سەرپێچی کردنەکەوە حساب دەکرێت.

سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (15) بەو شێوەیەی کە بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (16) ئێمە پێشنیار دەکەین وەکو خۆی بمێنێ، (عدا) ئەوەی کە لە بڕگەی سێ دا سزایەکی تیایە بە نیسبەت حەبس کردن، ئێمە پێمان باش بوو بکرێ بەوەی کە لە مانگێك کەمتر نەبێ و لە سێ مانگ زیاتر نەبێ.

المادة (16):

اولاً: يمنح منتسبي المرور المنتسبين للعمل في محطة الوزن صلاحية فرض الغرامة وحجز المركبة ذات الحمولة الزائدة وفق احكام المادة (15) من هذا القانون وتكون قراراتهم بهذا الشأن باتة.

ثانياً: تعتمد قراءة مقياس الوزن دليل اثبات لغرض فرض العقوبة بحق المخالف.

ثالثاً: في حالة عدم دفع الغرامة المنصوص عليها في المادة (15) من هذا القانون خلال (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ المخالفة يعاقب سائق او مالك المركبة المخالفة بالحبس مدة لا تقل عن شهر واحد ولا تزيد على ثلاثة اشهر.

رابعاً: يعاقب سائق السيارة او مالكها الذي يتهرب من عملية الوزن بغرامة لاتقل عن (250000) مئتان وخمسون الف دينار ولاتزيد على (400000) اربعمائة الف دينار مع عدم الاخلال باحكام البند اولا من المادة (15) من هذا القانون.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (16):

یەکەم: کارمەندانی هاتوچۆ ئەوان کە تەرخان کراون بۆ ئیش کردن لە وێستگەی کێشانەکە دەسەلاتی سەپاندنی غەرامە و دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلی زیادە باریان پێ دەدرێت بەپێی حوکمەکانی ماددەی (15)ی ئەم یاسایە، بڕیارەکانیشیان لەم رووەوە بنبڕ دەبێت.
دووەم: خوێندنەوەی پێوانی کێشەکە پەیڕەو دەکرێت کە بەڵگەی چەسپاوە بۆ مەبەستی سەپاندنی سزایەکە بەسەر سەرپێچی کارەکەدا.
سێیەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو غەرامەیەی کە لە ماددەی (15)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هاتووە، لە ماوەی (15) رۆژدا لە بەرواری سەرپێچیەکەوە نەدرێت، ئەوا لێخور، یان خاوەنی ئۆتۆمبیلە سەرپێچی کارەکە سزا دەدرێت بە حەپس کردن بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێ و لە سێ مانگ زیاتر نەبێت.
چوارەم: لێخوڕی ئۆتۆمبیلەکە، یان خاوەنەکەی ئەگەر لە کرداری کێشانەکە خۆی بشارێتەوە، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (400000) لە چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بەبێ لادان لە حوکمەکانی بەندی یەکەم لە ماددەی (15)ی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (16) بەو شێوەیەی کە بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17) لەگەڵ ئەصلی پرۆژەکە غەلەتێکی ئیملائی تیا بووە (التلاعب) بکرێ بە (بالتلاعب)، بەم شێوەی خوارەوە:

المادة (17):

اذا ثبت قيام احد اعضاء اللجنة المشرفة على تشغيل محطات و وزن المركبات الواردة في الفقرة (2) من المادة التاسعة من هذا القانون بالتلاعب باوزان مركبات الحمل يعاقب وفق الماده 307 من قانون العقوبات رقم 111 لسنه 1969.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 17 فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17):

ئەگەر سەلما کە یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی وەگەڕخستنی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان کە لە بڕگەی (2)ی ماددەی دەیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە دەستکاریی کێشی لۆریەکانی کرد، ئەوە سزا دەدرێت بەپێی ماددەی (307) لە یاسای ژمارە (111)ی ساڵی 1969.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەی کە دەیبینم لێرە لە عەرەبیەکە دا جیاوازە لەگەڵ کوردیەکە و عەرەبیەکەی کە یەکەم جار خوێندوومانەتەوە دیارە هەڵەیەکی ئیملائی هەیە، کراوە، لێرە دەڵێین (الواردة فی الفقرة 2 من المادة تاسعة، نووسراوە لە عەرەبیەکە خۆی (المادة العاشرة)یە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە، بەڵێ لە کوردیەکە خوێندتەوە، بەس لە عەرەبیەکە بە ماددەی تاسعە خوێندرایەوە، دەبێ ماددەی عاشرە بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (17):

اذا ثبت قيام احد اعضاء اللجنة المشرفة على تشغيل محطات و وزن المركبات الواردة في الفقرة (2) من المادة العاشرة من هذا القانون بالتلاعب باوزان مركبات الحمل يعاقب وفق المادة (307) من قانون العقوبات رقم (111) لسنة 1969.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17):

ئەگەر سەلما کە یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی وەگەڕخستنی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان کە لە بڕگەی (2)ی ماددەی دەیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە دەستکاریی کێشی لۆریەکانی کردووە، ئەوە سزا دەدرێت بەپێی ماددەی (307) لە یاسای ژمارە (111)ی ساڵی 1969.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 17 بە پێی دوایین داڕشتنەکەی بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، تکایە کێ لەگەڵە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 18 لەسەر مولاحەزەی ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دوو گۆڕانکاری تیا کراوە لە فەقەرەی (أولا) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**في الفقرة اولا من المادة الثامنة عشر اضافة كلمة (والمواد) بعد كلمة (بالاموال)، اثنين، في الفقرة الثالثة من المادة 18 تغير عبارة استثناءً من احكام التشريعات النافذة وفق قواعد تضعها الوزارة الى وفق القوانين النافذة.**

**ئەوە ڕەئی لیژنە و وەزارەت کۆك بوون لەسەر ئەوە لەبەرئەوە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:**

**المادة (18):**

**اولاً: لا تتحمل الجهة المخولة بحجز المركبة اية مسؤولية عن الاضرار التي تلحق بالاموال والمواد المحملة القابلة للتلف.**

**ثانياً: تطبق احكام قانون التصرف بالمركبات المحجوزة والمتروكة رقم (8) لسنة 1987 على المركبات المخالفة التي تترك في ساحات محطات الوزن.**

**ثالثاً: تتولى الوزارة بيع الاموال التي يتركها المخالفون الزائدة على الاوزان المقررة بالمزايدة العلنية وفق القوانين النافذة.**

**رابعاً: تسجل بدلات البيع المنصوص عليها في البند (ثالثاً) من هذه المادة والغرامات المنصوص عليها في هذا القانون ايرادا للوزارة.**

**خامساً: تقسم حصيلة النسبة المنصوص عليها في البند (رابعاً) من هذه المادة على الوجه الاتي:**

**1-(75٪) خمس وسبعون بالمائة منها تودع في حسابات الوزارة وتخصص لصيانة الطرق.**

**2-(25٪) خمس وعشرون بالمائة منها حوافز للعاملين في محطات الاوزان ولمنتسبي الوزارة.**

**سادساً: يصدر وزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع وزير الداخلية تعليمات للحوافز المنصوص عليها في الفقرة (2) من البند (سادساً) من هذه المادة تتضمن اسس توزيعها وتحديد المشمولين بها وحالات الحرمان منه.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (18):**

**یەکەم: ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلەکەی پێدراوە هیچ بەرپرسیاریەکی ناکەوێتە سەر لەو زیانانەی کە تووشی بارە بارکراوەکان دەبن و لەوانەیە خراپ ببن.**

**دووەم: حوکمەکانی یاسای دەستکاری کردنی ئۆتۆمبیلە دەست بەسەراگیراو و جێهێڵراوەکانی ژمارە (8)ی ساڵی 1987 بەسەر ئەو ئۆتۆمبیلە سەرپێچیکارانەدا دەسەپێنرێت کە لە گۆڕەپانی وێستگەکانی کێشاندا جێ دەهێڵرێن.**

**سێیەم: ئەو بارانەی کە لە کێشی بڕیاردراو زیادەن و سەرپێچیکارەکان بە جێیان دەهێڵن، وەزارەتەکە بە موزایەدەی ئاشکرا دەیانفرۆشێت بەپێی حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکان.**

**چوارەم: پارەی فرۆشتنەکە کە دەقەکەی لە بەندی سێیەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لەگەڵ ئەو غەرامانەی کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون بە دەرامەتی وەزارەتەکە تۆمار دەکرێن.**

**پێنجەم: دەستکەوتی ئەو ڕێژەیەی کە دەقەکەی لە بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:**

**1-(75٪) حەفتاو پێنج لە سەدی دەخرێتە حساباتی وەزارەتەکەوە کە بۆ پاراستنی ڕێگاکان دادەنرێت.**

**2-(25٪) بیست و پێنج لە سەدی وەك دەستخۆشانەو هاندان دەدرێت بە کارمەندانی وێستگەی کێشانەکان و کارمەندانی وەزارەتەکە.**

**شەشەم: وەزیری ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن بە هاودەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ ڕێنمایی هاندان دەردەچوێنن، کە دەقەکەی لە برگە (ب)ی بەندی پێنجەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، کە بنەماکانی دابەشکردن و دیار کردنی ئەوانەی کە دەیانگرێتەوەو حاڵەتەکانی بێ بەش بوونیشی تێدا هەیە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**ماددەی 18 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ'دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، شلێر خان فەرمووو.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ماددەی 19،لیژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەکی لەسەری نیە، وەك خۆی بمێنێتەوە.**

**الفصل السابع**

**احكام عامة وختامية**

**المادة (19):**

**اولاً: تستحصل الوزارة من المستفيدين تكاليف اقامة القناطر والجسور والمنشأت المشيدة من قبلها بناء على طلبهم في الطرق الخاصة اذا كان التشيد قد تم بناء على طلبهم.**

**ثانياً: تستحصل الوحدة الادارية من المتجاوز تكاليف رفع التجاوز الحاصل على محرمات الطرق العامة حسب القوائم المعدة من قبلها بموجب قانون تحصيل الديون الحكومية المرقم بـ(56) لسنة 1977 وتعديلاته.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك حەمە سعید فەرمووو.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی حەوتەم**

**حوكمەكانی گشتی و كۆتاییەكان**

**ماددەی (19):**

**یەكەم: وەزارەتەكە پارەی تێچووی دامەزراندنی ئەو ئاوبارەو پردو دامەزراوانەی كە خۆی ئەنجامیانی دەدا لە سوودمەندەكان وەردەگرێتەوە كە لەسەر داوای خۆیانە.**

**دووەم: یەكەی ئیداری پارەی تێچووی لابردنی ئەو زیادە ڕەوییانەی كە لەسەر قەدەغەكراوەكانی ڕێگا گشتیەكان كراوە لە زیادەڕۆكانی وەردەگرێتەوە بەپێی ئەو لیستانەی كە لەلایەن خۆیەوە ئامادە كراون بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حكومەت ژمارە (56)ی ساڵی 1977و هەموار كراوەكانی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ماددەی 19 بەو شێوەیەی كە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و كوردی تكایە كێ لەگەڵ‌دا دایە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، شلێر خان فەرمووو.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ماددەی 20 هیچ تێبینیەكمان لەسەری نیە، پێمان باشە وەكو خۆی بمێنێتەوە.**

**المادة (20):**

**على الوزارة ومن يمثلها من المقاولين او شركات تأمين استمرار جريان المياه والانهر والجداول والمبازل التي تعترض مشاريع الطرق العامة والجسور، وكذلك تامين طرق بديلة للطرق الموجودة التي تعترض مشاريعها الجديدة اثناء مراحل تنفيذ المشاريع.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك خلیل فەرمووو.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (20):**

پێویستە لەسەر وەزارەتەکەو بەڵێندەر یان ئەو کۆمپانیانەی کە نوێنەرایەتی دەکەن بەردەوام بوونی ڕۆیشتنی ئاو و رووبارو جۆگەو خوێ دەڵێن کە دەکەونە رێگای پرۆژەگەلی رێگە گشتیەکان و پردەکانەوە مسۆگەر بکەن، هەروەها رێگای بریخراویش بۆ ئەو رێگایانەی کە هەن و دەکەونە رێگای پرۆژە تازەکانیان لە قۆناغەکانی جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەیاندا مسۆگەر بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 20 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵدا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (21):

لمنتسبي الوزارة دخول العقارات الخاصة باستثناء الدور السكنية والمباني لتهيئة اعمال المسح بعد اشعار مالكيها وتحديد مسارات الطرق العامة والجسور لاغراض تنفيذ مشاريعها.

هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (21):

کارمەندانی وەزارەت بۆیان هەیە بچنە ناو عەقارە تایبەتەکانەوە دوای ئاگادار کردنەوەی خاوەنەکانیان، (بەدەر لە خانووەکانی نیشتەجێ بوون و بینایەکان)، بۆ ئامادە کردنی کاری پێوان و دیار کردنی رەوتی رێگە گشتیەکان و پردەکان، بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 21 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵدا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ماددەی 22 لە لیژنەکە ڕەئیەك هەبوو کە کەلیمەی ئیشراف زیاد بکرێت، بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ بەڕێز وەزیردا کۆبوونەوەکە کرا، پێش ئەم جەلسەیە، ئەو پێی باش نیە ئیشرافەکە بخرێتە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، چونکە ئەو ئیشی هەر ئەوەیە تەنفیزی ڕێگەکە بکات، ئیشراف کردنی

ڕێگا ئیشی مروره و ئیشی هاتوچۆیه و وەزارەتی ناوخۆیه، لەبەرئەوە ئێمە ئێستا وەکو نووسراوە لای ەبەین ئیشرافەکە، بەم شێوەی کە دەیخوێنینەوە، وەکو پرۆژەکە بمێنێتەوە.

المادة (22):

اولاً: تختص الوزارة حصرا بتنفيذ الطرق السريعة والرئيسة والثانوية والتقاطعات والانفاق الواقعة خارج حدود البلديات وتنفيذ الجسور.

ثانياً: لدوائر الدولة الاخرى او المواطنين تنفيذ الطرق المحلية او الريفية او السياحية او الخاصة والمعابر بموافقة الوزارة واشرافها على ان يكون تحديد محرمات هذه الطرق من اختصاص الوزارة حصراً.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (22):

یەکەم: تەنیا ئیشی وەزارەتەکەیە ڕێگای خێراو سەرەکی و ناسەرەکی و یەکتربڕو تونێل و پردەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان دابمەزرێنێت.

دووەم: دایەرەکانی دیکەی دەوڵەت، یان هاووڵاتیان بۆیان هەیە ڕێگا مەحەلیەکان، یان ڕێگا گوندەکان، یان ڕێگاکانی گەشتوگوزار، یان ڕێگا تایبەتەکان و ڕاڕەوەکان، بە ڕەزامەندی و سەرپەرشتی وەزارەتەکە جێ بەجێ بکەن، بە مەرجێ دیار کردنی قەدەغە کراوەکانی ئەم ڕێگایانە، تەنیاو تەنیا ئیشی وەزارەتەکە بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 22 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ'دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئیمان لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەس ئەگەر ئەو ئیبعاد کە لە خوارەوە بوو غەڵەتێکی ئیملائیە و بیکات بە ابعاد.

المادة (23):

اولاً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة ابعاد المركبات المختلفة، وكذلك السرع القصوى والدنيا لها على الطرق العامة وحسب نوع كل طريق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

ثانياً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة قواعد استخدام الطرق السريعة ببيان ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (23):

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بەهاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا دووریەکانی ئۆتۆمبیلە جۆربەجۆرەکان دیاری دەکات، هەروەها زۆرترین خێرایی و کەمترین خێرایشیان لەسەر رێگا گشتیەکان بەپێی جۆری هەر رێگەیەك، بە بەیاننامەیەك دیار دەکات و لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا بە بەیاننامەیەك رێساکانی بەکارهێنانی رێگا خێراکان دیار دەکات و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 23 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ‌دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 24 هیچ تێبینیەکمان لەسەری نەبوو وا دەخوێندرێتەوە:

المادة (24):

يستمر العمل بالبيانات الصادرة عن مديرية المرور العامة بما لا يتعارض واحكام هذا القانون الى حين صدور مايحل محلها او يلغيها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (24):

کار بەو بەیاننامانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ دەردەچوێندرێن بەردەوام دەبێت، کە هاودژ نەبن بە حوکمەکانی ئەم یاسایە، تا ئەو کاتەی یاسایەکی تر دەردەچێت و جێگای دەگرێتەوە، یان پووچەڵی دەکاتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 24 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ‌دا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 25 تەنها مولاحەزەیەکی لەسەر هەبوو، ئەویش ئەوەیە کەوا عیبارەی (وزارة الداخلیة و وزارة المالیة والاقتصاد) بکرێت بە (وزارتی الداخلیة والمالیة والاقتصاد) بەم شێوەیەی خوارەوە:

المادة (25):

لوزیر الاعمار والاسکان وبالتنسیق مع وزارتی الداخلیه والمالیه والاقتصاد اصدار التعلیمات لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمه سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (25):

وەزیری ئاوەنکردنەوەو نیشتەجێ بوون و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 25 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 26 هیچ تێبینیەکی لەسەر نەبوو، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

المادة (26):

لایعمل بأي نص یتعارض واحکام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (26):

کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 26 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (27):

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (27):

ئەم یاسایە لە بەرواری بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 27 بەو شێوەیەی کە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و کوردی تکایە کێ لەگەڵدا دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ هۆکارە پێویستیەکان، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسبابی موجبە، دوو ڕا هەبوو یەکێکیان ئەوە بوو کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، دووەمیان ئەوە بوو کە ریئاسەی بەلەدیات و مودیریاتی بەلەدیات بکرێت بە (البلديات)، واتە بەم شێوەیەی خوارەوە: باشە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە تەشکیلەی وەزارەتی شارەوانیەکاندا ریئاسەی بەلەدیەمان هەیە، واتە سەرۆکایەتی شارەوانی کە لە مەرکەزی شارەکان دایە و مدیریاتی عامی بەلەدیاتمان هەیە کە بەلەدیەی شاروشارۆچکەکانە، کەواتە دوو تەشکیلەی جیان، بۆیە لێرەدا پێویست دەکات بڵێین (رئاسە البلديات) ئەوەی ناوەندی شارەکانە، مدیریات البلديات ئەوانەیە کە هی شاروشارۆچکەکانە کە دوو شتی جیان لە تەشکیلەی وەزارەتی شارەوانی دا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**لغرض تحديد مسؤوليات الوزارة باشرافها على تنفيذ الطرق العامة خارج حدود البلديات ولغرض شمول مشاريع الجسور والتقاطعات بالقانون ولمنع التجاوز على الطرق العامة والطرق السريعة ومحرماتها وكذلك تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم هذه الطرق ولتوحيد اجراءات الاستملاك وتنظيم استخدام محرمات الطرق العامة وطرق المرور السريع وللتغيير الحاصل في هيكلية الدوائر المنفذة للطرق العامة ولتوحيد القواعد القانونية ذات العلاقة شرع هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك حەمە سعيد فەرموو.**

**بەڕێز حەمە سعيد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆكارە پێویستەكان**

**بە مەبەستی دیار كردنی بەرپرسیارێتی وەزارەت لەسەرپەرشتی جێ بەجێ كردنی ڕێگا گشتیەكان لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەكان و لەپێناوی ئەوەشدا كە پرۆژەكانی پردو یەكتربڕەكان بكەونە ژێر ركێفی یاساوەو لە ڕێی قەدەغە كردنی زیادەڕەوی لەسەر ڕێگا گشتی و ڕێگا خێراكان و قەدەغە كراوەكانیان، هەروەها لەپێناو دیار كردنی قورساییە میحوەریەكانی ئۆتۆمبیلەكان كە ئەم ڕێگایانە بەكار دەهێنن و بۆ یەكخستنی ڕێكارەكانی بە موڵك كردن و ڕێكخستنی بەكارهێنانی قەدەغە كراوەكانی ڕێگا گشتیەكان و ڕێگا خێراكان لەبەرئەو گۆڕانكاریانەش كە لە پەیكەری ئەو دایەرانە دا كە پەیدا بووە و ڕێگا گشتیەكان دەكەنەوە و جێ بەجێ یان دەكەن و لە بۆ یەكخستنی ڕێسا یاسایی و پەیوەندارەكانیش ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەو شێوەیەی كە خوێنراوەیەوە بە عەرەبی و كوردی تكایە كێ لەگەڵ‌دا دایە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا هەموو یاساكە دەخەینە دەنگدانەوە و فەرموو كاك عبدالله.**

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕای من ڕەنگە شتەكە دووبارە بێ، هیوادارم ئەم مەسەلەی خستنە دەنگی كۆی پرۆژەكە ئەمە پێشتر كە بیستمان ئەمە عورفێكە و كاری لەسەر دەكرێت و دەبێ دووبارە بكرێتەوە، ئەم عورفە لەڕاستی دا بە بڕوای من هەڵەیە، یەعنی برادەرێك دەنگ بە ماددەیەك دەدات و یەكێكی تر دەنگ بە ماددەی 2 دەدات و**

دەنگ بە ماددەی یەك نادات، یەكێكی تر دەنگ بە هەمووی دەدات و یەكێكی تر دەنگ بە هیچی نادات تۆ كە دێی لە كۆتایی دا هەمووی دەخەیتە دەنگدانەوە، كۆی پرۆسەی دەنگدانەكە سفر دەكەی، بۆیە من هیوادارم ئەم عورفە بەڕاستی كۆتایی پێ بێت و بۆ ئەوەی ئەو دەنگدانەی كە كراوە لەسەر كۆی ماددەكان و وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەنگدان لەسەر كۆی پرۆژەكە مانع نیە لەوەی كە برادەرێك دەنگی لەسەر ماددەیەك نەدابێ و بەڵام خۆ دژی پرۆژەكە نەوەستاوە، لەگەڵ ماددەیەك دا كۆك نەبووە، ئەوەی كە لە ئەسڵ دا هەر دەنگی لەسەر هیچی نەداوە دەتوانێ ئێستاش دەنگ لەسەر پرۆژەكە نەدات، بۆیە هیچ مانعێك نیە ئەگەر كۆی پرۆژەكان بخەیتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەنگدان ئێمە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی یەك جار دەنگدەدرێت و پەرلەمانتار یەك جار دەنگ دەدات ویان نایدات و یان بێ دەنگ دەبێ، بەڵام وەكو ئەمانە هەمووی تەواو دەبێ لەگەڵ ماددەكان دا لەڕووی قانونیەوە نا قانونیە جارێكی تر تۆ دەنگێك دەدەیتەوە و یان تەئیدی دەكەی یان تەئیدی ناكەی، بۆ نموونە هەندێك لەگەڵیا بووین، لێرە ئەگەر ڕەفزی دەكەیتەوە كەواتە لەگەڵ ئەوەی خۆشت دا نەبووی، ئەگەر هەندێكیشی لەگەڵ نی، كە دەنگت پێی دا كەواتە لەگەڵ ئەوەش بووی جارێكی تر، بۆیە دەبێ دوو دەنگدان ناقانونیە و بەڕاستی ئەمە عورفێكی هەڵەی قانونیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كۆی ماددەكە بە تێكڕای كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ هەمووو قانونەكە، كێ لەگەڵ دانیە؟ سێ كەس لەگەڵ دانیە، پیرۆزبایی دەكەین و دەستتان خۆش بێ وماوەیەكی باش هیلاك بوون و سیاغەی باشتان كرد، سوپاسی جەنابی وەزیریش دەكەین كە ئامادە بوو و هاوكاری كردین بۆ ئیقرار كردنی ئەم قانونە و ئومێد دەكەین خەڵكی كوردستانیش هەم سوودی لێ وەربگرن وهەم ئیلتزامی پێوە بكەن، بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە بچین وسوپاستان دەكەین، جەنابی وەزیر ئازادی ئەگەر شتێكت هەیە فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی بەڕێزتان و هەردوو لیژنەی یاسایی و ئاوەدانکردنەوە و هەموو برا پەرلەمانتارەکان دەکەم کە بەڕاستی زۆر ماندوو بوون بە دەوڵەمەند کردنی یاسایەکە، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستانیش دەکەم کە لە دوای ئێستاوە بەم یاسایە دەتوانن ڕێگاکان بپارێزین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی قانونی لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، ئەوانی تر دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، بەردەوام دەبین فەرموون لیژنەی یاسایی بۆ بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بریتیە لە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە:

أ/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی ماددەی 32 لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە 4 ی ساڵی 2009 ی هەموار کراو.

بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەندامانی یاسایی پەرلەمانەوە ئەم بەڕێزانەی خوارەوە/ سۆزان شهاب نوری، د.جهان اسماعیل بنیامین، امیر گوگە یوسف، د.ثائر عبدالاحد، سۆزان یوسف خۆشابا، ئارام شاهین داود، شڤان احمد عبدالقادر، شێردڵ تحسین، یشار نجم الدین، یاووز خورشید، شیلان عبدالجبار، سالار محمود، سمیر سلیم، ئەم پرۆژەیە بریتیە لە دوو ماددە و هۆی دەچواندنی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی تایبەتمەندی پرۆژەکە تەحویل دەکرێت بۆ لیژنەکانی یاسایی و ناوخۆ دیارە ئەمە چونکە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان پێشکەشیان کردووە و نوسخەیەکی دەنێردرێت بۆ حکومەت و بۆ هەموو ئەندامانیش، فەرموو خاڵی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 2 خوێندنەوەی یەکەمی بڕیاری تایبەت دەربارەی کارەسات و ڕاپوونی 4/24ی قەڵادزێ، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و ئەوانەی واژویان کردووە، 1/د.حسن محمد سورە،2/ عبدالله مام علی، 3/عمر نورەدینی، 4/د.رفیق سابیر، 5/ سۆزان شهاب، 6/ دڵشاد شهاب، 7/عمر هەورامی، 8/ شوان کریم کابان، 9/ گەشە دارا حفید، 10/ قادر حسن قادر. پرۆژە بڕیارەکە پێك هاتووە لە 3 بڕگە و لەگەڵ هۆیەکانی دەرکردنی پرۆژەکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکات لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**